# بەهەشتی ئەهورایی

## نوسینی: پیر لوقمان



ئێمەی کورد، لەئێستادا، پێویستیمان بەخۆمانە. پێویستیمان بە کەپر و ماڵی خۆمانە. پێویستیمان بەخوێن و کەللەی سەری خۆمانە. پێویستیمان بەمێژوو و زانست و فەرهەنگی خۆمانە. پێویستیمان بەکرانەوە بەرووی خۆماندایە. پێویستیمان بەزانست و زانیاریی لەمێژینەی زەوتکراو و حەرامکراوی خۆمانە. پێویستیمان بەشوناسی خۆمانە. پێویستیمان بەنیشتمان و خاکی خۆمانە. پێویستیمان بەدەوڵەت و دەسەڵاتی خۆمانە. پێویستیمان بەئازادی و بەختەوەری و خۆشەویستی و یەکسانیی خۆمانە. بۆ ئەوەی هەموو ئەمانەمان دەست بکەوێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خۆمان. ئەمەش تەنها لەڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ئاین و بیروباوەڕی زەرەتۆشتراییە کە موڵکی خۆمانە.

### پێشگوتار:

ئەم گوزەر و ڕۆچوونە پڕ جنجاڵە بەناو نهێنییەکانی بوون و دید و تێڕوانین و جیهانبینییەکانی ( زەرەتۆشترا)ای مەزن و ئەوانی پێش خۆیدا، بەهەشتی ئەهورایی جیهانبینییەکانی منن. لەسەرەتای بوونەوە دەست پێدەکات و بەهاتنەکایەی ژیانەوە لەسەر زەوی هەڵدەزنێ و بەکۆت و تێکەولێکە خوداییانەکانی مرۆڤدا ڕۆدەچێ و بەعیرفانی جاویدانیی زەرەتۆشترای مەزن، پێغەمبەری کوردان و چارەسەری ئێجگاری دەگات.

ئەم کورتۆکە نوسین و لێکدانەوانە، بەرهەمی چەندین ساڵی خوێندن و خوێندنەوەی بەردەوامن کە شەونخونی و ماندووبوون و بیرکردنەوەی زۆری گەرەك بووە. وێرای هەموو تەنگژە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان کە هەمیشە لەمپەر بوون لەبەردەممدا، خۆشبەختانە خۆشوەشیم چنگ کەوتووە و توانامەندیم وەك شێرەیەکی سوهرەوەردیانە بەجامەدانەی جامخانە ئاوەزییەکەمەوە ئاڵاندووە و نەك هەر ماندوو بوونەکەم پێ بێخەوش کردووە، بەڵکو بەرهەمیشم لێ ساز و ووزەبەند کردووە.

ئەم کورتۆکەیە لەبەردەستی ئێوەدایە و هیچ بەرهەمێکیش بەبێ خەوش نابێت. تەنها گرنگ ئەوەیە خوێنەر بتوانێت دید و جیهانبینییەکانی باوباپیرانی خۆی لەیاد نەکات و بەرهەڵدای سەر زەمینەی خەڵك و نەتەوەکانیتری نەکات و خاوەنداریێتییان لێ بکاتەوە.

ئەم نوسینۆکەیە، بەری ڕەنج و خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی منن. سەمەری ئەو شۆڕشە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەیە کە بەتەنها و بەبێ هیچ پاڵپشتێك لە ٢٠١٥/٢/٨ دا لەبەریتانیاوە و لەپێناوی کردنەوەی ئاگرەکەیدا گەرامەوە کوردستان و دەستم کرد بەبانگەشە و هەزاران کەسم لەدەوروبەری کۆکردەوە و تاکو ئێستاش گڕەکەی بەردەوام لەبرەو و بەرزبوونەوە و بەهێزیدایە و دڵنیام هێندە ناخایەنێت کۆمەڵگەی کوردی بەتەواوی لەدیلێتیی هۆش و جەستە ماندووەکەی ڕزگار و ئازاد دەکات.

ئازیزانی ڕێگای عیرفان و تێکۆشەرانی کێڵگەی زانست. ئەم زانستەی لێرەدا و لەبەردەستی ئێوەدایە بکەنە دیاری بۆ نەوەکانی ئایندەتان و پیادەی بکەن. لێرەوە چەخماخەی پێشکەوتن لێبدەن و ڕەشبینی و خەیاڵی گەن و ئەفسانە درۆکان بەبا بدەن و پشتیان تێ بکەن. باوەش بکەن بە ئاسوودەییدا و بەختەوەری و کامەرانی و خۆشەویستی بە مورووەکانی ئەندێشەی پاك و ڕاستیی باڵا بهۆننەوە و ملوانکەی بەهەشتی ئەهوورایی بکەنە ملی ژیان. ئەم سەردەمە شوومە بۆ نەوەکانی ئایندەتان و بەخاڵی بەجێمەهێڵن و کەیخەسرەویانە و وەك سۆشیانتەکانی ڕزگاری قوڵی دڵێریی لێ هەڵماڵن و سوهرەوەردیانە دەست بۆ هەموو قەدەغەکراوە ئاوەزی و خەرەدییەکان ببەن و بۆ خۆشتان و بۆ نەوەکانی دووای خۆشتان، بەهەشت بەدەست بهێنن.

## پیر لوقمان

## ئاین و کۆمەڵگەی کوردی

کۆمەڵگە، بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان، هەمیشە پەنایان بۆ کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای سروشتیی لەمێژینەی فەرهەنگیی نێوان خۆیان بردووە و لەسەر بنچینەی ئەو تۆڕە فەرهەنگییە، بەیەکەوە کۆبونەتەوە و سنوورێکیان بەدەوری خۆیاندا کێشاوە. لەسەرووی ئەمەشەوە، ماف و ئەرك و ئازادییەکانی خۆیان لەڕێگەی هەمان تۆڕەوە دیاری کردووە و زۆر جاریش، وەزیفەکانیان بەشێوەیەکی زۆر ( ڕەق) داتاشیوە. تەنانەت، وایلێهاتووە کەبەرگی ئاینیی لەبەرکراوە و قوربانییان لەپێناودا داوە. هەربۆیە، گۆڕانکاری لەناو ئەم کایە فەرهەنگییە بۆماوەییەدا کەبە زەمەنێکی دوور و درێژدا گوزەری کردوە، بەشێوە بەرچاوە خێراکەی، ڕەنگە ئەستەم بێت، بەڵام مەحاڵ نییە.

کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و تا شۆڕبوونەوەشیان بۆ سەردەمی دۆزینەوەی برۆنز( ماددەی زەرد) پشتیان بەگێڕانەوە و سەرگوزشتە و ( موعجیزە) و توانا و تاقەتی پاڵەوانەکان بەستبوو. ئەمەش وایکردبوو، هەر کۆمەڵە و لەناوچەیەکی جوگرافیی داخراودا، تەوقێك وەك پەرژین بخەنە گەردنی پێشرەوییەکانی دیدگا باوەکانەوە و بۆ پارێزگاریکردن لە سامان و دەسەڵاتیان، پاسەوانیی لێبکەن. بۆ پارێزگارلێکردنەکەش( پاسەوانەکان) هێزی جەستەیی و پاشان توانای خەرەد، ئاوەز ( عەقڵ) ی خۆیان تێکەڵ کردووە و بە ڕووداوە سروشتییەکانەوە هەڵیانواسیوە و سوودیان لێ بینیوە.

لەکاتی زۆربوونی هێزی خێڵەکی یان دەستە خێڵەکییەکاندا و پێویستییان بەزەویوزار بۆ کشتوکاڵ و پاوەن و لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان و سەرچاوەی ئاوی شیرین، پەلاماری نزیکترین و لاوازترین قەوارەیان داوە. لەسەرکەوتنیشیاندا، ئەوانەشیان بەخۆیانەوە بەستۆتەوە و زۆر جاریش وارێکەوتووە کە بیروباوەڕیان، پارێزگاریی لێکراوە و دەستیان بۆ گۆڕینی نەبردووە. یان بەتەواوەتی لێیان داماڵیوون و بیروباوەڕی هێزی سەرکەوتوو، بووەتە جێگرەوەی بیروباوەڕی لایەنە داگیرکراوەکە. بەڵام، بەزۆری، وا هەڵکەوتووە کە هەردوو بیروباوەڕەکە، تێکەڵ بەیەك بوون و ئاوێتەیەکی نوێی لێپێکهاتووە و بەمەش، بەپێی بەردەوامیی مێژووی ژیانی پێکەوەییان گۆڕانکاریی جۆریی گرنگ لەفەرهەنگ و تەنانەت دەسەڵات و شێوەی ژیاندا بەسەریاندا هاتووە.

تێکەڵ بوون و کۆچی بەردەوامی خێڵەکان و کۆمەڵگەکانی جیهان، لەسەر زەوی، جا چ بەهۆی وشکەساڵی یان بەستەڵەك و ساردوسەرما، یان ئاگرکەوتنەوە، یان جەنگ و هێرش و داگیرکاری، یان برسێتی و قات و قڕی، یان بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەوە، یان بەهۆی دۆزینەوەی ناوچەی دەوڵەمەند و لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان یان دۆزینەوەی کەرەستەی نوێی هاتوچۆی چ دەریایی یان وشکانییەوە، هەمیشە گۆڕانکاریی گرنگیان لە دیدگا و سامانی خەرەد و شێوەی ژیان و دۆزینەوەکاندا کردووە و بەهۆشییەوە سەردەمی شارستانییەتەکان، گوزەراون. هەموو ئەمانەش، تۆڕی فەرهەنگی، یان ئاوەزی کۆکراوەی گشتی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بووە و بنچینەی پێشهاتەکان و دۆزینەوەکانیان بووە. هەروەش چۆن ئارییەکان ڕوویان لە وڵاتی ئێستای کوردان و میزۆ پۆتامیا( وڵاتی نێوان دووڕووبار) کردووە و تێکەڵ بەکۆمەڵگەکانی ناوچەکە بوون و فەرهەنگی خۆیان و فەرهەنگی دانیشتوانی ناوچەکە تێکەڵ بەیەکتری بوون و ئیمبراتۆریەتێکی وەکو مانی و میدیی لێ کەوتۆتەوە.

کۆمەڵگە، لەهەر سەردەمێکدا، بەو تۆڕە فەرهەنگییەوە، کە پاشان ئاین، وەك داهێنراوێکی ئاوەزمەندانەی مرۆڤ، لەتێڕوانینیدا بۆ سروشت و دەوروبەری دایهێناوە، جێگای بە هۆکارەکانی تێکەڵاوبوون یان خۆفراوانکردن لەق کردووە و ڕیشەی مێژوویی خۆی لەناو دنیابینییەکانی هەر تاکێکدا داکوتاوە. ئیتر، ئاین بووەتە ( کۆمەڵە یاسایەکی ڕاست) بۆ هەم ژیانکردن و هەم وەبەرهێنانی خەرەد و ئاوەز و هەم چاوگی ئاراستەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن. هەر چۆن میثراییەکان ئەوێستایان نوسیوە و پاش ئەوە زەرەتۆشترای مەزن ڕیفۆرمی تێدا کردووە و گاثاکانی بۆ زیاد کردووە کە بەرهەمی عیرفانی و جیهانبینییەکانی ئەو کەڵە پیاوە کوردەن کە بووە ڕێبەری پێکهێنانی باشترین یاسای سەردەمیانەی ئاوەزمەندانە بۆ کۆمەڵگەکەی.

کۆمەڵگەی کوردی، وەك کۆنترین کۆمەڵگەی سەرزەوی کە دەستی لە داهێنانەکاندا هەبووە و دەسەڵاتدار بووە، بەشێکی سەرەکیی گەشەی مەعریفی و ڕێساکانی بەڕێوەبردن بووە و خاوەنی پەرتوکی مێژوویی خۆی( ئەوێستا) و گەورە ئیمبراتۆرییەتەکانی سۆمەری و گۆتی و لۆلۆیی و میثانی و ماد و ساسانییەکانە و لەسەردەمی هاتنی ئاینی ئسلامیشدا، بۆ ماوەیەکی بەرچاو، لەڕێگای سەلاحەدینی ئەیوبییەوە بووتە لایەکی هاوکێشەی هێزەجیهانییەکان و لەسەردەمی ئێستاشدا، جەنگی تەواوی دژ بەهێزە ئیقلیمی و جیهانییەکانی تیرۆری ئاینیی ئیسلام دەکات. بۆیە، لەباسکردنی هەر چەمکێکدا، ئەگەر پشت بکرێتە ئەم نەتەوەیە، ئەوا تەرازووی لێتێگەیشتنەکە، لەق دەبێت. هەرواش لەباسکردن و شیکردنەوەی هەنوکەی سیستەم و بەڕێوەبردن و گەشە و مامەڵەی فەرهەنگی و خەرەددا، ئەگەر ئەو پنتە فەرهەنگی و مێژووییانە پشتگوێ بخرێت، ئەوا ناتوانرێت لەئێستای کۆمەڵگەی کورد بگەین. ئەو دەسەڵاتە خۆجێیەی هەرێمی کوردستان و سەراپای حیزب و ڕێکخراوەکانی لەهەرچووار بەشەکەدا، وەك چووارکوچکەی سەر ئاگردانی مەنجەڵێکن و تەواوی سوچ و قوژبنەکانیان وەك یەکن. وێرای جیاوازی لە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانیاندا، کەچی هێشتا کۆی گشتیی فەرهەنگەکەی بەیەکەوە یەك دێری کراوەی داستانێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی سیاسی پێك دەهێنن و هیچ جیاوازییەکیان بەیەکەوە نییە و هەمووان ڕەگیان دەچێتەوە سەر یەك کانیاو. جا چ چەپ بن یان ڕاست!

هەموویان شیرازەی خێزانییان سەر بە یەك بنەماڵەن و جیهانبینییەكانیان لەكۆمەڵگەی كوردییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە كە ئاین تێیدا شارەگەكانیانە و نەیانتوانیوە دوور و نزیك دەستكاریی بكەن. تەنانەت لەو دەمەدا كە سوهرەوەردی بەدووی سۆفیگەری و عیرفانەوە بوو و ( حیكمەتولئیشراق) ی بەدیاری هێنا بۆ كۆمەڵگەی كوردی و گۆڕێكی دایە فەلسەفە، كەچی لەبەرامبەردا بە مردوویش پیاوە سپیپۆشە شیكپۆشە ئاینییەكانی مسولمانە كوردەكان، لەسێدارەیان دا و لەبەرامبەردا فارسەكان پەرتوكەكانیان كۆكردەوە و عیرفانی نشونەما نەتەوەییەكەی خۆیان پێ ڕوناك كردەوە و لەكۆتاییشدا كردیانە موڵكی خۆیان. هەرچۆن ئەوروپییەكان ( ئیبن ڕوشد) یان گرتە خۆیان و فەلسەفەكەیان بۆ بەرەوپێشبردن و باشتركردنی هزر و ژیانیان بەكار هێنا و ئیسلام و عەرەب نەیانتوانی سودی لێ وەربگرن و شاربەدەریان كرد. وێڕای ئەوەی گەلێ خەڵكی دیكە لەناو كوردا هەڵكەوتوون، كەچی كوردەكان نەیانتوانیوە سودیان لێ وەربگرن و ئەوانیش نەیانتوانیوە هیچ جموجوڵێك بەرووی كرانەوە و گۆڕانكاریدا سەوز بكەن. بەڵام هەنوكە بەهۆی نیمچە كرانەوەی كورد بەسەر جیهانی نوێدا جا چ لەرێگای كۆچی بەلاشاوی خەڵكەوە بەرەو هەندەران و باقی جیهان بێت یان بەهۆی بوونی دەسەڵاتێكی خۆجێیەوە كە تا ڕاددەیەكی بەرچاو ئازادیی فەراهەم كردووە، كۆمەڵگەی كوردی چاوكراوەتر و ووردتر ئەڕوانێت و تێیدا جارێكیتر ئاینی زەرەتۆشترای وەك شۆڕشێكی عیرفانیی سپیی فەرهەنگی لەدایك بووە كە پێدەچێت بەهۆی بانگەشەی بەردەوامەوە بەرەو فراوانتر بڕوات و ببێتە بنچینە بۆ ئاینده. چونكە یەكێك لە ڕەهەندە هەرە گرنگەكانی ئاینی مەزداسەنایی( زەرەتۆشترای) ئەوەیە كە هانی مرۆڤ دەدات بەدووای نهێنییەكانی گەردووندا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە. وەك لەئەوێستادا هاتووە" ئەی مەزدا ، پرسیارت لێ دەكەم : لە تۆماری ژیانی خەڵک و ئاكامیان ئاگادارم بكە، لە ڕابردوودا، چ روویداوە و لە پاشەڕۆژدا چ ڕوودەدات؟( گاتاوەكان/ یەسنا ، هاتی ٣١ ، برگەی ١٥)". بەم پێیە، بووار بۆ خەیاڵ، ناهێڵێتەوە و لێناگەڕێت، خۆمان بدەینە دەست قەدەری ژیان و بەو شێوەیە بژیین كەسەپێنراوە بەسەرماندا. بەڵام ئەوەی جێگای داخە و مێژوویەكی ناپوختە و وەرگێڕان و بڵاوكردنەوەیەكی نابەجێیە لەسەردەمی خوێندكارێكی ( دەستوران داراب) و خەڵكی فەرەنسا بەناوی( ئەنكتیل دووپرون) پاش ئەوەی لە هندستان بووە خوێندكاری ئەم دەستورانە و زمانی ئەوێستایی فێر بوو ( ڤەندیداد) ی كردە فەرەنسی و لەژێر ناوی ( ئەوێستا) دا لەساڵی ١٧٧١ دا لە پاریس بڵاوی كردەوە كە پڕیەتی لە ئەفسانە و درۆی شاخدار و دوور و نزیك ئەم پەرتوكە( واتا ڤەندیدات) پەیوەندیی بە زەرەتۆشترا و زەردەشتیانەوە نییە.

لەو باوەڕەدام، ئەم بزوتنەوە فەرهەنگی و ئاوەزمەندییە كە هەنوكە لە كوردستاندا سەریهەڵداوە لەو ڕووانەوە توشی گەلێ قەیرانی هەم كوتوپڕ و سەرپێی و هەم بەرنامەبۆدارێژراو دەبێتەوە. بەلام، گرنگترین خاڵی وەرچەرخان و سەركەوتنی ئەوەیە كە دەستی پێكردووە.

## كورتەیەك دەربارەی ژیان و داهاتە ئاوەزییەكەی زەرەتۆشترای پەیامبەر

زەرەتۆشترا، كە وەك پەیامبەرێك و هەم وەك فەیلەسوفێك و ئاینەكەی بە زەرەتۆشترای و هەوادارانی بەزەرەتۆشترایان( مەزدی یەسنایی) مەزداپەرستان، ناسراون و گاتاكان( گاتاو) لە هەفدە بەشی یەسناكاندا و لەپێنج بەشدا ( ئەهنەوەد، ئەشتەوەد، سپەنتامەد، وەهوخشەتر، وەهیشتیوایش) لەپەرتوكی ئەوێستا وەك تاكە بەجێماوی ئەو دێتە هەژماركردن، ناوی ( سپیتما) یە و دایكی نێوی ( دەغدووا) و باوكی نێوی ( پورشاسپ) ە و بەپێی دەقە مێژووییەكان لەشەشەم ڕۆژی مانگی خاكەلێوەی مانگی یەكەمی ساڵنامەی كوردی - زەرەتۆشترایدا ڕۆژی( خورداد، خشنەثراو وەئیریۆ: تەواوكاری و كامڵبوون) كەدەكاتە ١٧٥٤ ساڵ پێش لەدایكبوونی عیسای مەسیح، لەكەنارەكانی گۆلی ورمێ (

دەریاجەی چیچیست) و نزیك ڕوباری دائیتی( ئاراس) لە ئاتروپادگان ( باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەناو خێڵی ( ئەسپەنتمان) ی موغەکاندا کە بەناوبانگترین خێڵە کوردەکانی زاگرۆس بوون و زمانیان تێکەڵەیەك لە زارەزمانەکانی کوردی بووە و بە هەورامی ( ئەهورامانی) ی کۆن ناسراوە و زمانی میدەکان بووە، هاتۆتە دنیاوە.

ئەشو زەرەثۆشترا، بەهۆی زیرەکی و لێهاتووییەوە، بەزمانی ئەوێستایی کە ( ئەهورامانی) یان ( هۆرامی) ی کۆن دەکات. ناونرا( زەڕەساوشەثەرەئائی) کە دووایە بووە زەرەثۆشترا و پاشان لەسەر زمانی خەڵکی بەدرێژایی مێژوو، بۆ ( زەرتۆشت و زەرەثۆشترا) گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. ئەو ناوەش وەك ناسینەوە و لەپای داهێنانەکانیدا پێی بەخشراوە کەماناى ( چاوگی تیشکی زێڕین) دەگەیەنێت.

ئەشو زەرەثۆشترا، بەپێچەوانەی منداڵانی ترەوە بەپێکەنینەوە لەدایك بوو. لەسەرەتای منداڵیدا و لەتەمەنی پێنج ساڵیدا لەلایەن باوکییەوە کەیەکێك بوو لەگەورە سەرەکخێڵەکانی کورد و سەرۆکی ئەنجومەنی موغەکان بووە، لەلای زانایەکی بەناوبانگی ئەوسەردەمە بەناوی ( بەرزین) نێردرایە بەرخوێندن.

ئەشوزەرەثۆشترا، پاش ئەوەی لەتەمەنی٧ بۆ ١٢ ساڵیدا زمان و نوسین و ئەفسانە و شیعر و ئەدەبیات بەگشتی فێر بوو، لەتەمەنی ١٢ بۆ ١٦ ساڵیدا خوێندنی ئەستێرەناسی خوێند و پاشان لەتەمەنی ١٨ بۆ ٢٠ ساڵیدا پزیشکیی تەواوکرد، هەر لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا، لەگەڵ یەکێك لەکچی خانەوادە بەناوبانگەکانی خێڵەکەی خۆیدا بەناوی ( هوی) هاوسەرگیری دەکات و پاش دوو ساڵ بەیەکەوە ژیان و پاش کۆتاییهێنان بە خوێندنەکەی، هاوسەر و منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت و ڕوو دەکاتە کێوەکانی سیلان( سەهۆلان) بۆ لێکۆڵینەوە. ماوەی دەساڵی تەواو لەو کێو و تەلان و ناوئەشکەوت و دارستانانەدا سەرقاڵی تاقیکردنەوەکان دەبێت و لەکۆتاییدا، هێزێکی نەناسراو لەژیاندا دەدۆزێتەوە ئەویش ( ململانێ) یە لە نێوان ( ئەنگرەمینۆ: ئەندێشەی خراپ و سپەنتامینۆ: ئەندێشەی چاك) دا. وەک خۆی لەگاثاوەکان، یەسناهاتی ٣٠ بڕگەی ٤ دەفەرموێت ( لەسەرەتای ململانێیان ئەو دوو گەوهەرە مینۆییە، ژیان و مەرگیان هێنایە دی. تا کۆتایی ژیان ئەم ڕەوشە بەردەوامی دەبێت. بە دۆزینەوەشیان لە هاتی ٤٤ و بڕگەی ١ دا دەبێژێت( بۆ ئەوەی ئەندێشەی ڕاستەقینە بدۆزمەوە، کێ لەپێناوی ڕاستیی ناخمدا، یارمەتیم دەدات؟).

ململانێ، کەدووایە بووە بنچینەی زانستەکەی، یەکەم دۆزینەوەی ئەو بلیمەتە بوو کە دووایە بەهۆیەوە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەفەرهەنگ و هزر و دیدوتێڕوانین و ژیانی کۆمەڵگەی ئەوسەردەمەدا کرد. وەك خۆی هەرلەسەرەتای گاثاوەکاندا دەبێژێت( بریا لەو کەسانەباین کەجیهان نوێ دەکەنەوە). بەم پێیە، ئەو توانیی تەواوی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنچینەی داهێنانەکەی نوێ بکاتەوە. وەك خۆی لەگاثاوەکاندا و لەهاتی ٤٤ و بڕگەی ٢ دا دەبێژێت( بنیادنەر و سەرچاوەی باشترین ژیان چییە؟ ئەوەی هەڵبژێردراوی هەمووانە، چۆن لەپێناوی ڕاستیدا دەبێتە داهێنەری ژیان؟).

زەرەثۆشترا، کەگەڕایەوە ناو کۆمەڵگە تەمەنی سی ساڵ بوو، ئەودەم فرەخوداوەندی ڕێچکەی خوداپەرستی و دنیابینیانی داگیر کردبوو و لەسەر ئاینی میثرا بوون و ئیزەدەکان ببوونە سەرچاوەی داهاتی فکریی ( کاویەکان و کرپنەکان) واتا ( دەسەڵاتدارانی حکومڕانیی پاشایەتی و دەسەڵاتدارانی ئاینی) بۆچەوسانەوەی خەڵك، وەك خۆی لە یەسنا، هاتی ٤٦ بڕگەی ١١ دا دەڵێت: ( کاوییەکان و کرپنەکان کە لە گوزەرگای دادوەری( پردی جینوەت) [ جیاکردنەوەی خراپە لە چاکە بەهۆی دەئینا( دین) ەوە] نزیک دەبنەوە ویژدان و ڕەوانیان ئازاریان ئەدات). هەمووی توڕداو وەك فێرکارێك دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکتاپەرستی و چاوگی پێکهاتە گەردونی و ژیاری و ژیانییەکان کە ئەویش ( ئەهورا مەزدا) بوو. وەك خۆی دەبێژێت( ئەهورامەزدا، تاکە هێز و ئافەریدگاری گەردون و ئێمەی مرۆڤە). یان لە گاثاوەکاندا و هاتی ٣٠ و بڕگەی ٩ دا دەبێژێت( ئەی مەزدا ئەهورا، بکرێت ئێمە بۆتۆبین و لەوکەسانەبین کە جیهان نوێ دەکەنەوە. بکرێ ئەوکاتەی ئاوەز گرفتاری لاوازی و بێهێزییە، ڕاستی یارمەتیمان بدات و ئەندێشەمان لەیەکتری نزیك بکاتەوە). هەروەها لە یەسنا، هاتی ٤٣ بڕگەی ٥ هاتووە: (ئەی ئاهورا، ئەو کاتە تۆم بە پاك ناسی کە لەسەرەتای خیلقەتدا بۆم دەرکەوت و زانیم کە تۆ یاساگەلێکت بۆ ژیان بەرهەم هانیوە تا کۆتایی بوون بەردەوام دەبێت).

ئەهورا مەزدا، کەبەماناى ( گیانی بەخشندە) دێت. لەداهێنانەکانی زەرەثۆشترا بوو. ئەو پێی وابوو، جیهان و گەردون و ژیان، لەچووار پێکهاتەی ماددی دروست بوون ئەوانیش( ئاو، خۆر، خاك، هەوا)ن. هەموو ئەمانەش، کە گەردونیان

پێك هێناوە لەئەنجامی ململانێ و تەقینەوەیەکی نێوان دووهێزی ئەودیو فەرهەنگ و تێگەیشتنی مرۆڤەوە کە ( سپەنتامینۆ و ئەنگرەمینۆ) یە واتا ( بوون و نەبوون) درووست بوون و بەسێ چەرخدا تێپەڕیون ئەوانیش( دروستبوون و تێکەڵبوون و دابەشبوون) ن کە سێ سووڕی تەواوکارین تاکو گەردوون بەتەواوی دروست بووە و پاشان مرۆڤ، لەئاژەڵ بەهۆی گەشەی عەقڵییەوە جودابۆتەوە و ئاژەڵانیش نەوەی درەختن و بەسوڕێکی تەواو و بەچەرخی گەشەدا گوزەریان کردووە و هەستەوەرەکان و پێداویستییەکانی جوڵەیان لێ ڕوواوە و هەروا لەگەڵ سروشت و جوگرافیای ژیانیدا ڕێکی خستوون. کەتەواوی ئەمانە، بەململانێیەکی سەخت و بەردەوامدا تێپەڕیون و گەیشتوونەتە ئەم قۆناغەی ئێستا. لەمەوە ڕوونە ئەشو زەرەتۆشترا، زانستێکی نوێ ی پێشکەش بەپرسیارگەلێکی نەزانراو کردووە کەتائەودەمیش لەئەنجامی بە نهێنی مانەوەیدا کۆمەڵگەی توشی خورافات کردبوو و بەمەش ڕێگایەکی نوێی لەبەردەمیاندا کردەوە و دەروازەیەکی نوێی پێئاشنا کردن. وەك لەگاثاوەکاندا و هاتی ٤٤ و بڕگەی ١٤ دەبێژێت( چۆن درۆ بەڕاستی بسپێرین؟ بۆ ئەوەی بەفێرکردن و پەیامی ئەندێشەی تۆ پاك بێتەوە).

لەبونیادی تێڕوانینەکانی زەرەتۆشترادا، سێگانەی پێکەوەیی کەسێتیی لە ( هۆمەتە: ئەندێشەی چاك و هۆختە: گوتەی خاس و هواریشت: ڕەوشتی باش) دا چڕکردەوە. کەبەلای ئەوەوە شوناسن بۆ گەشە و تەواوکاریی عەقڵ. هەرچۆن خۆی دەبێژێت( ئاگاتان لە ئەندێشە و بیرکردنەوەتان بێت چونکە ئەوە دەبێتە گوتاری ئێوە. بەووریایی گفتوگۆ و ووتار بدەن، چونکە دەبێتە ڕەوشتی ئێوە و ئەمانەش هەڵوێست و شوناسی هەر کەسیکتانە). وەك لە گاثاوەکاندا و هاتی ٤٤ و بڕگەی ١ دا هاتووە( ئەهورا مەزدا، بەدەسەڵات و سۆزی خۆی لەبەر تیشکی ئەندێشەی چاك و باشترین کردەوەکاندا، لەسەر بنەمای ڕاستی بێت، بەرزی و جاویدانەگی دەبەخشێت).

زەرەتۆشترا، لەبڵاوکردنەوەی ئاینەکەیدا لەزێدی خۆی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و تەنها ( میدیومانگ) ی ئامۆزای و هاوسەرەکەی( هوی) باوەڕیان پێهێنا. هەربۆیە ڕوویکردۆتە ناوچەی هەورامانی ئێستا و لەنێوان شاری سنە و کرماشاندا، لە بەڵخ، ژیاوە و ئاینەکەی بڵاوکردۆتەوە.

پاشای بەڵخ، گوشتاسەپ و فرەشوشتەری باوکی گوشتاسەپ پادشا و هوتەوسای شاژن، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گوتار و سروتەکانییەوە و هاتوونەتە سەربیروباوەڕەکەی. وەك لەگاثاوەکان و هاتی ٢٨ و بڕگەی ٧ و ٨ دا باسیان دەکات و ناوی هێناون. و دەبێژێت ( ئەی ئاسودەیی، ئاواتەکانی من و گوشتاسەپ بەراوەردە بکە) هەروەها هاتووە( داوات لێ دەکەم بۆ من و فرەشوشتەری دلێر و هەموو ڕێبوارانی ڕێگاکەت باشترین ئەندێشەی چاك پێشکەش بکە). بەمەش، ئاسانکاریی بۆ کارەکەی کراوە و دەستیکردووە بە فێرکارییەکانی و کۆمەڵگای ئەوسەردەمەی بەئاراستەی بیرکردنەوەکانی خۆیدا تاوداوە. چونکە ئەو پێی وابوو کە پێویستە دەسەڵاتێك هەبێت تاکو لەژێر سێبەرەکەیدا پەرە بەزانستەکەی بدات و بیانکاتە هێزێکی فەرهەنگی و خەرەد و ئاوەز( عەقڵانی). وەك خۆی لە گاثاوەکاندا و هاتی ٣٠ و بڕگەی ٧ دا دەبێژێت( بەوەی کەڕێگای چاکە هەڵدەبژێرێت، بەدەسەڵاتی مەعنەوی و ئەندێشەی چاك و ڕاستی دەگات و چاکەکاری بەپەیکەری هێز و دەسەڵات دەبەخشێ. چونکە، ئەو، بۆ تۆ بووە و لەتاقیکاریی دژواردا سەرکەوتوو دەبێت).

زەرەتۆشترا، هەرگیز ئیدیعای پێغەمبەرایەتیی نەکردووە، بەڵام بێگومان ئەو پەیامبەرێك بوو کە شیرەی لە ئەهورامەزدا وەردەگرت و مامۆستایەکی دانا و زیرەك و هۆشیار و خاوەن ئەزموون و تاقیکردنەوەی مەیدانی بوو و ( پەرجۆ) موعجیزەی ڕەت کردۆتەوە و سیحر و جادووی بەکارێکی هەڵخەڵەتێنەر ناساندووە و چیرۆك و ئەفسانە و پەرتوکە خودایيەکانی بە هاوردەی مرۆڤ نیشانە کردووە. پێی وابووە خودا هیچ غەریزەیەکی نییە و پێویستیی بەکەسیش نییە کە نمایندەی ئەو بکات و حکومداری بەناوی ئەوەوە بکات. لەبەرامبەریشدا، تەنها پەرەی بە ئەندێشەی زانستی داوە و پێی وابووە کە مرۆڤ لەدەستی خۆیدایەتی کە چ ڕێگایەك لە چاك یان خراپ هەڵبژێرێت و ئەنجامەکەشی خۆی پاداشت یان سزاکەی دەنۆشێت. چونکە لە ژیاندا تەنها دووجۆر ئەندێشە هەیە ئەوانیش چاك و خراپە. ئەوانەی ئەندێشەی چاکیان هەیە ڕێگای ڕاست و ئەوانەی ئەندێشەی خراپیان هەیە ڕێگای چەوت هەڵدەبژێرن و هەر لایەکیشیان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر ڕەوتی ژیان و بیرکردنەوەی خەڵکەوە دەبێت. وەك دەربارەی خراپ ئەندێشان لە گاثاوەکاندا و لە هاتی ٣٠ و بڕگەی ٦ دا دەبێژێت( چەوت ئەندێشان، ڕاستی هەڵنابژێرن. چونکە کاتێك دوودڵن چاتۆڵبازی بەسەریاندا

زاڵ دەبێت و بەمەش ڕوودەکەنە خراپترین ئەندێشەکان. بەرەو تورەیی پەلە دەکەن و ژیانی خەڵك دەکێشن بەخراپەکاریدا).

ململانێی چاك و خراپ، ڕاست و هەڵە، تەواوی هێز و کرداره دژبەرەکان بەیەکتری، ( سوڕانەوە و پاڵ نان و ڕاکێشان و پیاکێشان و ... هتد) لەناو زانستی زەرەتۆشترایدا، هەموو جومگەکانی گەردوون و دیاردە سروشتییەکان و تەنانەت ئەندێشەی مرۆڤیشی داگیر کردووە. هەموو فیگەرێکی بردۆتەوە سەر ئەم دووانەگییە و کردوونی بە ستایڵێك لەستایڵە تێکەڵاوەکان و هیچیان وەك پۆزەتیڤ و نەگەتیڤ، بەبێ یەکتری هەڵناکەن و هەمیشەش یەکێکیان بەپێی بونیادی تەوانایی تەنەکە، یان جومگەکە، زاڵە بەسەر لایەکیاندا. هەرچۆن ئەندێشەی چاك و ئەندێشەی خراپی لەناو بونیادو شێوەی ئافراندنی مرۆڤدا دارِشتووە و هەردوکیانی بەململانێیەکی تاهەتایی گەیاندووە و بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە کۆمەڵگە بەفێرکارییەکانی خۆی بەرەو پۆزەتیڤە چاکەکەیان ئاراستە دەکات. لەو ڕووەوە لەگاثاوەکاندا و لەهاتی ٣٠ و برگەی ١ دا دەبێژێت( ئێستا بۆ ئێوە قسە دەکەم ئەی داواکەران، بۆ ئێوە ئەی زاناکان، لەدوو کەسایەتیی گەورە ستایش دەکەم. ئەهورامەزدا وەك سەرچاوەی ئەندێشەی چاك و زانستی چاك وەك ئاینی ڕاستی. تاکو لەڕوناکی و زانست تێبگەن و بەبەرزایی و شادمانی بگەن). هەرخۆشی لە بانگەشەکانیدا، مرۆڤی سەرپشك کردووە لەهەڵبژاردنی هەردوو ڕێگاکە و لە گاثاوەکاندا و هاتی ٣٠ و برگەی ٢ دا دەبێژێت( کەوابوو، باشترین ووتەکان بەگوێ ببیستن و بەئەندێشەی ڕوناکەوە سەیر بکەن و بەر لە ڕووداوی گەورە، هەرکەسێك لەئێوە لەم دوو ڕێگایە یەکێکیان هەڵبژێرێت. هەرکەسە و بەدروستی ئاگادار بن، ئەم ئاینە فێر بن و بڵاوی بکەنەوە).

ئاین و زانستی فەلسەفەی زەرەتۆشترا کەلەسەر بنچینەی ململانێی دووهێز و پنتی نەیار و دژ بەیەك هەڵچنراوە، گرنگیی لەوەدایە کە هەرگیز کۆن، یان پیر نابێت، بەڵکو هەمیشە نوێ دەبێتەوە. بەشێوەیەك دارِێژراوە کە بەردەوام لەریشەوە گۆڕانکاری لەخۆیدا دەکات و دەقەکانی بەدۆزینەوەکانی مرۆڤ دەسەلمێندرێت. ئەم ئاینە کوردییە، کە ئێستا خەریکە لەناو کورداندا گەشە دەکاتەوە، وەك بنچینەی مەعریفە، کاریگەریی گەورە و گرانی لەسەر فەیلەسوفەکانی جیهان داناوە و تاکو ئێستاش جێگای ئەوپەڕی گرنگی و بایەخی جیهانە. وەك خۆی لە گاثاوەکاندا و هاتی ٣٠ و برگەی ٣ دا دەبێژێت( ئێستا، ئەم دوو مانا چوون یەکە، کەلەسەرەتاوە لەئەندێشەدا دەرکەوتوون، یەکێکیان چاکە و ئەوی تریان خراپە دەردەخات. لەم دووانەش زانا).

شایانی باسە، زەرەتۆشترای مەزن، فەیلەسوف و پەیامبەری کوردان، پەرتوکی ئەوێستای بەدەستی خۆی لەبەرگی ٨٠ ( گا) دا نوسییەوە و پێشکەش بە مرۆڤایەتیی کرد. تا دوواجار، لەهێرشێکی داگیرکارانە و دڵرەقانەی سوپای ئەجاسەبی پارسی ( فارسی) ی تورانی بەدەستی ( تووربرات نووریسی) لەناو پەرستگاکەی خۆیدا لەبەلخ، لەنێوان شاری سنە و کرماشانی ئێستادا کوژرا و ناو و زانستەکەی بۆ هەمیشە بەجاویدانەگی مایەوە.

مامۆستا فازڵی ئوسوڵیان لە پەرتوکی ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی دووەم، سەبارەت بە زەرەتۆشترای مەزن و فەلسەفەکەی و کاریگەرییەکانی و موغەکانی پاش ئەودا، دەبێژێت( زەردەشت مرۆڤێکی ئاسایی نەبووە، ئەو کەسێکی ڕابەر و سەرۆکی هۆزی مۆگان (مۆغان) ئەو هۆزە هۆشمەند و خوێندەوارە بووە کە دیاکۆنۆڤ باسی دەکا. زەردەشت بیرمەندێکی هۆشیار، شاعیر و فیلەسوفێکی گەورە و تەنانەت خەباتکارێکی بەباوەڕ بووە کە بەرئەنگاری ستەم و زۆرداریی ستەمگەران بووەتەوە و سەرئەنجام لە شەڕیشدا کوژرا. بیر و باوەڕی زەردەشت ئەوندە تیژ و بەهێز بوو کە لە دوای کوژرانیشێ نە تەنیا فەراموش نەکرا و کز نەبوو بەڵکوو بە تاو و تەوژمێکی زۆرتریشەوە هەر لە گەشەدا بوو، و سەرئەنجام وەک ئیدوئۆلۆژییەکی قایمی مرۆڤایەتی و خوازیاری دادپەروەری لەو سەردەمەدا پەرەی ستاند و گەشەی کرد، و توانی ئیمپراتورییەکی ستەمگەر و خوێنرێژی وەک ئاشوور برووخێنێ و ئیمپراتورییەکی مەزنی کوردی لە وڵاتی ( ئاوران، ئێران) دا دابمەزرێنێت. هەر ئەو مۆغانەی پێڕەوانی زەردەشت بوون کە چوونە لای دیاکۆ و ئەویان وادار کرد کە بەرئەنگاری دێوەکان ببێتەوە، هەر ئەوان بوون کە دیاکۆیان کرد بە پادشا و خۆشیان بوون بە ڕاوێژکار و سەرکردەی سەربازی. سەرکەوتنی مادەکان بە سەر ئاشورییەکاندا بە بێ کاریگەریی موغەکان نەدەگونجا. لە ڕاستیدا مۆگەکان هێزی سەربازی مادەکانیان بە چەکی ئیدئولۆژیکی قایم کردبوو. دروشمی ژیانی ئازاد ودادپەروەرانە لە شێوازی کرداری چاک و وتاری چاک و باوەڕی پاک لە سەرزەمینی پان و بەرینی وڵاتی کوردانی

ئەو سەردەمەدا دەنگی دابووەوە. زەردەشت خۆی کوژرا و لە گیتی دەرچوو بەڵام باوەڕەکانی زەردەشت لە ڕێگای موغانی زەردەشتییەوە توانی لانیکەم ١٣٠٠ ساڵ لە سەرزەمینی ئێرانی کۆندا دەستەڵاتداری بکا و بوو بە یەکێ لە مەزنترین ئیمپراتورییەکانی ئەو سەردەمە).

پەرتوکی ئەوێستا، کەبەمانای ( مژدەی دانایی( وەستاکاری)، یان پەیامی ڕوناکی) دێت لە سێ بەش پێك دەهات کە بریتی بوون لە ( یەسناکان، یەشتەکان، ڤیسپەرەد) و لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا ( داریوسی یەکەم) بەشێکیتری بۆ زیاد کرد بەنێوی ( ڤەندیداد: یاسای دژی دێو) کەتەواوی پەرتوکەکە یاسا و ڕێسا و بیروباوەڕە پارسییەکان بوو و لەکاروباری بەڕێوەبەرێتی و دادوەری و دەوڵەتمەداریدا بەکاریان دەهێنا و دوور و نزیك پەیوەندیی بە ئەوێستا و پەیامەکەی زەرەتۆشترای مەزنەوە نییە و کۆمەڵێك خورافات و بیروباوەڕی باوی بەربەریانەی پارسییە. بەم پێیە بووە چووار بەش و لەکاتی هێرشی ئەلێکسانداری مەگەدۆنیدا لە شوش، لەکاتی سوتاندنی تەختی جەمشید دا بەدەستی ئەلێکساندرا سوتێندرا.

لەپاش ئەو لەناوبردنە، کاتێك ساسانییە کوردەکان بەسەرۆکایەتیی ( ئەردەشێری بابەکان) لەپاش ئەوەی ( ئەردەوان) ی لەناو برد، پێکیهێنا و لەسەردەمی شاپوور، دووەم پاشای ساسانییە کوردەکاندا، جارێکیتر لەژێر سەرپەرشتیی ( تەنسر) ی زانای ئەودەمی موغەکاندا کە تەواوی ئەوێستای ئەزبەر کردبوو، دەست کرا بەکۆکردنەوەی ئەوێستا و بەشێك بەنێوی ئەوێستای بچوك ( وردە ئەوێستا) لە دوو بەشی ( زەند: شیکردنەوە) و ( پازەند: لێکدانەوە و نیایش و پاڕانەوە و بەسەرهەڵدانەکان و پەیمانی ئاینی) خرایە سەر ئەوێستا و بەم پێیە بووە پێنج بەش.

ئەردەشێر، لە گوندی شابانکارە، لە بنەماڵەی یەکێك لە موغەکان، هاتۆتە دنیاوە. ئەردەشێر، کوڕی بابەك و کوڕەزای ساسان بوو. ساسانیش، گەورە پیاوی ئاینداری موغەکان بوو و لە پەرستگای پیرۆز و مەزنی ناوەندی نیشتمانی مادان کە لەگوندی پیرۆزی شابانکارە بوو، ڕێنوێنی و ڕێبەرایەتیی ئاینی زەرەتۆشترایانی دەکرد و سەر بە گەورە خانەوادەی بازرەنگی بوو. ئەردەشێر، بەمنداڵی و لەتەمەنی پێنج ساڵیدا، نێردراوەتە بەر خوێندن و لەتەمەنی حەوت ساڵیدا، فێری تیرهاویشتن کراوە و لەتەمەنی یانزە ساڵیدا، شمشێربازی فێر بووە و لەتەمەنی پانزە ساڵیدا، پشتوێنی زەرەتۆشترایی بەستووە و لەتەمەنی شانزە ساڵیدا، وانەی پزیشکی و ئەستێرەناسیی ئەو دەمەی دەبەر کردووە. لەتەمەنی سی ساڵیدا، سوپایەکی مەزن و پڕچەك و پۆشتە و مەشقپێکراوی کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر ئەردەوانی پێنجەم.

ئەردەوان، لەنامەیەکی مێژووییدا، کە بۆ ئەردەشێری بابەکانی ناروە( کۆپییەکی لەمۆزەخانەی تارانە)، دەبێژێت ( ئەی کوردی لەژێر دەواری کوردا گەورەبوو، کێ ڕێگای دایت تاجی شاهانە بکەیتە سەرت). شایانی باسە، ئەردەشێر هێرشی کردە سەر پاشای حیرە و کوشتی و پاشان لەجەنگێکی یەکلاییکەرەوەدا، کەللەی سەری ئەردەوانی پەڕاند و لەجاڕی شاهەنشایی ساسانیدا. بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی نوسەرانی وەك دیاکۆنۆڤ و نووسەرانی دیکەی فارس و جیهان کە چەواشەکارییەکی زۆری تێدا کراوە و کوردیان لەخاوەندارێتیی ساسانییەکان بردۆتە دەرەوە و بە ئیمبراتوریەتێکی فارسیی( پارسی) ی دەزانن، تەواوی پادشاکانی ساسانییەکان کورد بوون و ئیمبراتۆریەت و دەسەڵاتێکی کوردی بوو کەلەسەر بنچینەی ئاینی زەرەتۆشترای هەڵچنرابوو و درێژکراوەی میدەکان بوون و موغەکان تێیدا ڕابەرایەتییان دەکرد.

لەسەردەمی ئونەوشیروانی مەزندا، حەوتەمین پادشای ساسانییەکان بەشی ( ڤەندیداد) لەناو ئەوێستادا دەرهێندرا و وەك پەرتوکێکی دوواکەوتوو و خورافات لێی کرایەوە و پەرتوکی ( بندهش) یان لەجێگای دانا کەئەویش تەنها کۆمەڵێك چیرۆك و داستانی ئەفسانەیی خەیاڵکردن و لەلایەن موغەکانەوە ڕەت کراوەتەوە و لەم پەرتوکەدا لەبەشی نهێنییەکانی بووندا پەنجەی دەخەینە سەر. لێ ئەوەی گرنگە و باوەڕی من و زۆربەی زەرەتۆشترایانە ئەوێستا، سێ بەشە و بەشی ( ئەوێستای بچوك) یش بریتییە لە نوێژ و نیایش و جەژن و بۆنە و بنەمائاینییەکانی زەرەتۆشترای و تایبەتە بە پیاوان و ژنانی ڕێبەری ئاینی و دەهاوێژرێتە سەری و کۆی گشتیی دەبێتە ( چووار بەش) بەڵێ دەرکردنی ( ڤەندیداد) وەك شاهەنشا ئونەوشیروان لەپاش قوبادی باوکی و لەژێر کاریگەریی مەزدەکی مەزندا کردی، چونکە ناکرێت وەك بەشێك لە ئەوێستا حسابی لەگەڵ بکرێت و جێگەی باوەڕی زەرەتۆشترایان نییە و لە ئەوێستا بەدەرە. ئەوەشی گرنگترە لەهەمووی لەسەردەمی یەزدەگوردی سێیەمدا کە ئەودەم تەنها ماوەی سێ ساڵ بوو ببووە پادشا و لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا

بوو، عەرەبە مسوڵمانەکان بەهاوکاری و هاوياريی ڕۆمەکان و پارسەکان ( بەسەرۆکايەتيی سەلمانی فارسی) هێرشيان کردە سەر ئيمبراتۆريەتەکە و دووای پێنج ساڵ جەنگی بەردەوام، ڕوخانديان و سەرلەنوێ ئەوێستا و پەرتوکە زەرەتۆشترايييەکانی ديکە کەوتنەوە بەرپەلامار و تەواويان سوتاند وەك لە دەقی نامەکەی ( عومەر، خەليفەی مسوڵمانان) هاتووە( تەواوی پەرتوکەکان بسوتێنن) و پەرتوکخانە گەورە و بەناوبانگەکەی کەلە شاری سنەی ئێستا بوو و خاوەنی دەيان هەزار پەرتوکی دانسقە و بێوێنە بوو، سوتێندرا و موغە نەخشبەندەکانيش تەنها توانييان بەپەلە بکەونە خۆيان و ئەوێستايان لەگەڵ خۆيان برد بۆ هندستان و ڕزگاريان کرد لەفەوتاندن.

گاثاوەکان، يان سروتە ئەهورايييەکانی زەرەتۆشترای مەزن، لەنێو يەسناکانداية و بريتين لە هەڤدە هات و سەد بڕگەيە کە بەسەد پرسيار و سەد وەڵام ناسراوە.

لێرەدا دەمەوێت دەست بۆ ڕوونکردنەوەيەك سەبارەت بەچۆنێتی ڕوخانی ئيمبراتۆريەتی ساسانييەکان بەرم و ئەو خيانەتە گەورەيەی فارسەکان بەرامبەر بە کورد و حکومڕانييەکەی کرديان بە کورتی و بە پوختی باس بکەم، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەو ڕاستيیە پەنهانە بەئاگابێت و چيتر خۆی لەبەخاوەندارێتيکردنی مێژووەکەی لانەدات و چەواشەکارييەکانی فارسەکان ڕەت بکاتەوە و بەستەڵەکی سەر ئەو مێژووە پرشنگدارەی کورد لابەرێت:

بۆ ماوەی زياتر لە ٦٠٠ ( شەش سەد) ساڵ، جيهان، بەسەر دوو هێز و دەسەڵاتی گەورە، دوو ئيمبراتوريەت، دابەش ببوو، ئەوانيش ( ئيمبراتۆريەتی ساسانی و ئيمبراتوريەتی ڕۆمی- بێزەنتی) بوون. ئەم جووتە، بەردەوام لەجەنگ و ململانێدا بوون و دوو هێزی دژ بەيەك بوون.

ساسانييەکان، لەسەردەمی ئونەوشيروانی مەزندا، زيانێکی زۆری گەياندبووە ڕۆم و باجی لەسەر دانابوون. بەپێی گێڕانەوەی موغەکان، سەرهەڵدانی عيسا وەك پێغەمبەرێك، ساسانييەکانی لەپشتەوە بوو و تەواوی بنەمای ڕۆمەکانيان کۆتايی پێهێنا. ئەمە لەبەرامبەر ناردنی پێغەمبەرێکدا بوو بەناوی مانی و بەدەستی ڕۆمەکان بۆ سەر زەمينی ساسان. هەروەها ناوچەکانی جەزيرەی عەرەبی کرابوون بەدوو بەشەوە، بەشێکيان سەربە ڕۆمەکان بوون و بەشەکەيتر سەر بە ساسانييەکان بوون.

کێشمەکێشمی نێوان ئەم دوو ئيمبراتوريەتە گەيشتبووە لوتکە و جەنگی ناردنی پێغەمبەران بەردەوام بوو... دووای ئەوەی پێنج سەدەبوو عيسا لەناو دڵی ڕۆمدا و لەپيرۆزترين جێگا سەريهەڵدابوو، بۆ تۆڵەسەندنەوە، پێغەمبەرێك بەناوی مەزدەکەوە و بەپشتيوانيی ڕۆمەکان لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسان سەريهەڵدا و کاريگەريی زۆرخراپی کردبووە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ساسانييەکان و بەناچاری قوبادی شاهەنشا کە باوکی ئونەوشيروانی مەزن دەکات چووبووە ژێر کاريگەرييەکانی و ئاينەکەی قبوڵ کردبوو، بەهاتنی ئونەوشيروانيش بۆ سەر تەختی پادشايەتی، مەزدەکی کوشت و کۆتايی بە بزوتنەوەکەی هێنا.

سەرکەوتنەکانی ئونەوشيروان و داگيرکردنی بەشێك لەناوچەکانی بێزەنتينييەکان و لاوازکردنيان، شانشينی ساسانی گەياندبووە لوتکە، لێ هەر پاش نەمانی ئەو و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ڕۆمەکان سەرلەنوێ دەستيان کردەوە بە پلانگێڕان و ئەوەبوو توانييان دوو کێشەی گەورە بۆ ساسانييەکان دروست بکەن:

١- هاندانی پارسەکان و يەکخستنيان لەژێر سايەی ( سەلمانی پارسيدا) لەدژی کوردە ساسانييەکان.

٢- هاندانی عەرەب و يەکخستنيان لەژێر سايەی پێغەمبەرێکدا، دژ بە ساسان.

لەگەڵ ئەم دوو کێشەيەدا عەرەب بەسەرۆکايەتيی ( محەمەد) و پارس بەسەرۆکايەتيی ( سەلمانی پارسی) لەلايەن بێزەنتييەکانەوە ڕێککەوتنيان بۆ کردن کە ئەمجارە سێقۆڵی ( بێزەنتين- عەرەب- پارس) پەلاماری ساسان بدەن و داگيری بکەن و بەتەواوی بيروخێنن و پايتەختی ساسان ( تيزفون- مەدائين) بدەنە دەست سەلمانی پارسی و عەرەب يەکگرتووانە دەسەڵاتی خۆی هەبێت و هەردولاش سەر بە بێزەنتين بن.

لەجەنگەکەدا، پارسەکان بە ٥٠٠،٠٠٠ ( پێنج سەد هەزار سوارە) و عەرەبەکان بە ٧٠٠،٠٠٠ ( حەوت سەد هەزار سەربازی هەمەچەشن) و بیزەنتییەکان بە ٤٥٠،٠٠٠ ( چووار سەد و پێنجاهەزار سەربازی هەمەچەشن)، بەشدارییان کرد و تەواوی خەرجی و پێداویستیی جەنگەکەش کەوتە سەر گەردنی بیزەنتیەکان. هەر لە جەنگەکەدا ناوی پارس بۆ ( فارس- سوارە) گۆڕدرا و عەرەبەکان پارسەکانیان بە نێوی ئەو سوارانەوەکرد کەلەگەڵیاندا شانبەشان لەجەنگی ساساندا بوون. هەرسێك لا، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە تەواویان پاکتاو بکرێت تاکو بۆ ئەبەد نەتوانن کوردەکان دەسەڵات وەربگرنەوە. هەروەها پارسەکان لەناوچەیەکی دیاردا دەسەلاتیان پێبدرێت و دڵی ساسان کە کوردستانی ئێستا دەکات بکرێتە سێ بەشەوە و بەسەر هەرسێك لادا دابەش بکرێت. ئەمە ئەو ڕێککەوتنە ترسناکە بوو تاکو ئێستاش کاری پێ دەکرێت و بووە بەفەرهەنگ و بیروباوەڕ و لەسەر زەویی کەتوار( واقیع) پیادە دەکرێت.

پارسەکان، لەسەردەمی ساسانییەکاندا بەشداریی دەسەڵاتیان نەکردبوو و وەك نەتەوەی دووەم چاویان لێ دەکرا و بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە هەخامەنشییەکانی تێدا لەناوچوون و تاکو هاتنی ئیسلام، نەیانتوانی دەسەڵات وەربگرن و بەشداریشیان پێ نەدەکرا. هەرچەندە لەسەردەمی یەزدەگوردی سێیەمدا و پێش جەنگەکە، بە یەك ساڵ بڕیاریدا پارسەکان لەدادوەریدا بەشداری بکەن و هەرسێ پلەی دادوەریکردنی ئایینی ( هیربەد و موبەد و دەستوران) یان بۆ دابنێن و سوپاکەیان پۆشتەتر بکەن. بۆ ئەمەش ( ڕۆستەم) کەگەورەپاڵەوان و سەرۆکی سوپای ساسان بوو ئەرکدار کرا. بەڵام ئەمە زۆر درەنگ بوو و ئەو سامانەی پێیان درا و پۆشتەکردنەکەیان بەچەك و پێداویستی دوواتر، دژ بە ساسان بەکاریان هێنا.

پارسەکان، بست بەبستی وڵاتی شاهەنشایی ساسان شارەزا بوون و بیزەنتییەکانایش تەواوی سەرمایە و توانای جەنگیی سەربازیی خۆیان خستبووە گەڕ و عەرەبەکانیش لەژێر ناوی ( جیهادی فەرهودی بەربەریانەی بکوژە و ماڵ و ژنەکان ببەن بۆ خۆتان) وەك ئاژەڵ هەڵیان کوتابووە سەر خەڵك و دەستیان لەهیچ نەپاراست. هەربۆیە ساسان بەرگەی نەگرت و ڕوخا و ئەوەی ئێستای لێ کەوتوتەوە.

نەتەوەی کورد، لەودەمەدا و دژ بەو داگیرکارییە سێقۆڵییەی ( بیزەنتین- عەرەب- پارس) هەنگاو بەهەنگاو و بست بەبستی وڵاتەکەیان جەنگاون و خوێنی زۆر و بەڵێشاو قوربانییان پێشکەش بەخاك و نیشتمانەکەیان کرد و زیاتر لەسێ ملیۆن و نیو کەسی لێکوژرا. تەوواوی ژنەکانیان بە سەبایە گرت و بردیان، منداڵان و پیاوەکانیان کوشت. سامانە زۆر و زەوەندەکەیان برد و خاکەکەیان داگیر و کاول و وێران کرد ئەوانەشی ڕزگاریان بوو کە نیوملیۆن کەس نەدەبوون بەردەوامیان بە جەنگەکەدا. وێرای ئەوەی جەنگ دژی داگیرکاری زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵی خایاندووە و ئێستاش بەردەوامە. تەواوی سامانی نوسین و هەڵکەندراو و سامانی ئاینی و نەتەوەییان لەناو برد و تەواووی ئاگردان و مزگەوت و ئورمزدگاکانیان تێکدا و کردیانە ( جامع) و ئاینەکەیان لێ قەدەغەکرد و نوسینی ( دین دەپیرە) شیان کردە پیتی عەرەبی و بچوکترین جێگایان نەهێشتەوە کەبتواندرێت ڕوناکییەکی تێدابێت بۆ نەوەکانی ئایندە و بەمەش هەموو مێژووی شارستانیەتەکەیان سڕییەوە و هیچیان دەربارەی کورد و دیرۆکەکەی نەهێشتەوە و مێژوویان بەنوسین و داتا پیس و دێورەوشتیەکانی خۆیان گۆڕی.

هێرشی دێوەکانی تاریکپەرستی و دژە کورد ساڵەهایە بەردەوامە و ئەم بزووتنەوەی ڕوناکییەش کەهەنوکە سەریهەڵداوە لەهەوڵی چنگخستنەوەی ئەو پێگەیەدایە کە نەتەوەی کورد پێشتر هەیبووە و بەدڵنیاییەوە بەخۆر دەگات

## ڕۆچوونێك بەناو کۆمەڵگەی کوردیدا

کۆمەڵگەی کوردی، وەك زەرتۆشترای مەزن لەیەسنا هاتی ٣١ و برگەی ٢ دا دەفەرموێت ( فێرکارانی درۆ چاوی ژیرییان کوێر کردووە) چاوی ژیریان پێ کز کردووە بۆیە بەگشتی کێشەی بەگژداچوونەوەی خۆی هەبووە. نەیتوانیوە لەئاستی خۆیدا بێتە دەنگ و پێش بەخۆی بگرێت. چونکە، کزەی سوتانەوەی ناخی لەناو بەستەڵەکی ترسی ئایندەدا، هەرچیی هەیە بەسەریەکدا ووردوخاشی کردووە. ترسێکی لەبەرکردووە کەهەرگیز فرێدانی پێناکرێت. ئەمەش بەهۆی ئەو داگیرکارییە بەردەوامانەی لەسەری بووە و بەتایبەت ئەو ئاینەی کەمافی مرۆڤبوونی لێ سەندۆتەوە و لەخاوەندارێتیکردنی مێژوو و داهاتە فکرییەکەی بێبەریی کردووە و لێی قەدەغە و حەرام کردووە.

کۆمەڵگەی کوردی، لەبەر ڕۆشنایی بیری بیابانیدا، سەری لەبەردەم پەیکەرێکی تاشراوی خەیاڵکردا دانەواندووە و لەدووشەڕگەی بنبەستدا، بەتەواوی دۆڕاندویتی و خۆی بەدەستەوە داوە و بەمەش، بووەتە دیلێکی هەمیشەیی. ئەو دوو شەڕگەیەش ( پەرجوو، موعجیزە و زیندووبوونەوە و ژیانی پاش مردنییەتی).

تاکی کورد، لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لەجناتەکانی بیرکردنەوەیدا پشتی بە کێوی ( موعجیزە) وە داداوە و لەبەردەم حەرامسەرای ئایندەی ( ژیانی پاش مردن) دا گوتەگەلی کەڵ کەڵ دەگوشێت. بەبێ ئەوەی هیچ ئەرزشێك بۆ ئەودیو تێفکرینەکانی خۆی دابنێت، شەمەندەفەرە دوکەڵدارەکەی دەهاوژێ.

کۆمەڵگەی کوردی، بەگشتی، نەیتوانیوە لەژێر باری گرانی پەرجۆ، ( موعجیزە) و ( زیندووبوونەوەی پاش مردن) و ( دەمڕاستە شیکپۆشە سپیپۆشەکانی ناو مزگەوت و ئاینی ئیسلام) هەڵبێت و خۆی ڕزگار بکات. ئەوەتا لەڕووی موعجیزەوە هەمووان چاوەڕوانی ( کاریزمایەك) یان دەستێکن کە خودا بۆیان بنێرێت و لەم نەهامەتییانەی ئێستایان ڕزگاریان بکات. ناتوانن لەوە بگەن کە ( هەق، دەسەندرێت. نادرێت). ناتوانن بگەنە ئەو باوەڕەی کە هەمووومان دەتوانین بەیەکەوە ببینە هێز و بەهێزیش، ماف و ئازادییەکان دەستەبەر دەکەین. هەر ئەمەش نا! بەڵکو ئەگەر بەکۆمەڵگەی کوردی بێژیت( پێویست ناکات چاوەڕوانی باران بکەن. فەرموون خۆمان هەور دەسازین) یەکسەرە، هەزاران گەنج و پیر و ژن و پیاو، نێرومێ، لێت ڕادەپەڕن و دەبێژن( لەموعجیزەی خودا لاتداوەو دەستکاریی کاری خودا دەکەیت) ( ئەوە تەنها بەدەستی خولایە). ئەگەر بڵێیت بابە زەوی خڕە و بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە، دەیان شیکپۆشتی تەوەزەل، لەمزگەوتەکانەوە دێنە سەر خەت و نە نەص و ئایاتی پەرتوکەکەیان ڕەتی دەکەنەوە و دەبێژن کوفرە و هەر زانستێك دژی قورئان بێت ڕەتی دەکەینەوە. یان ئەگەر پێی بێژیت( ئەم ووڵاتانەی دی، ئێمەیان داگیر کردووە و پێویستە تێبکۆشین و خۆمان ڕزگار بکەین) کەچی دەم بادەدەن و دەبێژن( بۆکێی بکەین؟) ( بۆ پیاوانی ئاینیی دەستوپێ سپی؟) ( ئێمە بیکەین و ئەوان بیخۆن؟) یان هەر ئەگەر زۆریان بۆ هات ئەڵێن( ئێتر ئەوە باری خودایە و تاقیمان دەکاتەوە). یان کورت و پوخت لەژێر لێوەوە ئەڵێن( خودا نانێکی داوە بۆچی بیبڕین؟) ئەوە چ جۆرەنانێکی مەمرە و بژییە کەلەسایەی ئەوپەڕی لوتکەی داگیرکاریدا نەتەوەی کورد لەخودا دەپاڕێنەوە کە نەبڕێت! هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە کە ئایا بۆچی هەزاران پیاوی ئاینیی شیکپۆش، بەبێ ئارەق ڕشتن و بێ ماندوو بوون لەسەر ورگی ئەوان دەژین و حوکمی خودایانەیان لەسەر دەکەن.

کۆمەڵگەی کوردی، وابەستەی زیندووبوونەوەی پاش مەرگی خۆیانن. هەمووان بەمردن دڵخۆشن و بۆ مردن تێدەکۆشن. بۆ مردن بێدەنگن و سەرکەوتن لەمردندا دەبیننەوە و بەسوچ و بن هەنگڵی پشوودانی دەبینن. تاکە هۆکاری بیرخستنەوەی ڕەنج و تێکۆشان و داهێنانیان لەکاتی مردنی کەسەکەدایە. چونکە، واڕاهاتوون و واش گۆشکراون کە مردن، سەرەتای ژیانە و دەچنەوە بۆ ئەو جێگایەی کە باوانیان لێی وەدەرنراون. ئاخر ئەوان ( نەوەی ئادەمن). لەبەهەشتێکی خەیاڵیدا وەدەرێ نراون و بەخواستی گەیشتنەوە بۆ ئەو بەهەشتە سەیروسەمەرەیە، دەیانەوێت بەبێدەنگی و بەکەساسی و بەڕەزیلی بمرن. چونکە تا کەساستر بن، لەوێ ماڵ و حاڵیان باشتر دەبێت. ئیتر، هەوڵ و تێکۆشانیان بۆچییە؟

کۆمەڵگەیەك، لەبنەچەوە بەفەرهەنگێکی خەیاڵی گۆش کرابن، بۆچییانە بەدووای هێزە نەبیندراوەکانی سروشتدا بگەڕێن؟ کۆمەڵە مرۆڤێك، کەدەمرن، ڕاستەوخۆ زیندو ببنەوە، ئیتر هەوڵدان و زانست و مەعریفەی زانستییان بۆچییە؟ کارەبا و جادە و ڕێگاوبانی ئەمدنیا، بەکاری چییان دەخوات؟ نەوەکانی ئایندەیان قەرزدار بن یان خۆشگوزەران، بەوان چی؟ پێداویستییەکانی ژیانیان هەبێت یان نا، چی لەسەر خانووی ئەودنیایان دادەنێت؟ ئەوان خۆیان دەڵێن( چی لەگەڵ خۆماندا دەبەینە قەبرەکەمانەوە؟). ئەمانە بەگشتی، مەعریفە و زانست و فەرهەنگ و بیروباوەڕی بنچینەیی خەڵکی کوردن. جا لەم خەرمانە چی دەخەنە هەگبەکەیانەوە؟

پێویستە تاك و کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی، لەناو ئەم کۆمەڵگە داخراوە خەیاڵپلاوەدا، پێویستە واز لە هەردوو شەڕگە دۆڕاوەکەی بهێنێت و بەگژ خۆیدا بچێتەوە. پێویستە، دەستی بەزانست و فەرهەنگی پێشکەوتوو بگەیەنێت و خەرەد و ئاوەزی خۆی( عەقڵی خۆی) بگۆڕێت. چیتر، بەدووی هەمبانەیەکی بەتاڵی وەك ( موعجیزە و زیندووبوونەوە و ژیانی پاش مردن) نەکەوێت. بەڵکو، سەر بنێتە ناو هەمبانە و کارخانەی ئاوەز و خەرەدسازییەوە و پاڵێك بەم هەموو

بەستەڵەکەی دەورووبەرییەوە بنێت و باوەش بە بەهاردا بکات. ئەو بەهارەی دەستپێکی فەرهەنگێکی زانستی و دووبارە هاتنەوەژیانێکی نوێیە لەسەر زەوی و لەژیانی ئێستادا و لەبەهەشتی ئەهورایی زەرەتۆشترا کە موڵکولمالی مێژینەی کورد خۆیەتی. دەنا، تا ماوین کۆیلەی بیرکردنەوەکانی و بیابان دەبین و چارەڕەشی بەشمان دەبێت. هەرچەندە دەزانم، خەڵکی کورد، بەگشتی، ئامادەیە قوربانی بۆ ئەو بیرکردنەوەیە بدات، کە یەخسیر و زەلیلی کردووە کە موعجیزە و زیندووبوونەوەی پاش مردنی پێ بەخشیوە و شۆڕشەکەمان ئەرکگەلێکی قورس و گران دەبێت و بەربەست و کێشەی زۆرمان توش دەبێت، لێ نەخێر، بەردەوام دەبین و بەدڵنیاییشەوە دەیگەیەنینە لوتکە و دەبینەوە بەخۆمان.

بیرۆکەی ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانی، بۆ کورد، لەسەر خاکە مێژووییەکەی خۆی، تاکە کەرەستەی بەدەستهێنانی خواستەکانی نییە. بەڵکو، خۆڕاپسکاندن و تەکاندان بۆ ئەودیو ئازادیی نەتەوەیی و نیشتمانی، مەنزڵگای بیرکردنەوەیەتی. هەر ئەو تێکۆشانەی کەدەیەوێت بەکردار، لەڕێگایەوە بەخۆر بگات. ئەمە، ئامانجە دێرینەکەی کوردە و دەستلێبەردانیشی، کۆتایی هاتنە بە کوردبوون. بۆ چنینەوەی بەرووبوومی ئەم تێکۆشانە بەردەوامەی کە زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە کورد، قوربانیی بۆ دەدات، پێویستییە بنەڕەتیەکانی فەرامۆش کردووە. ئەویش شۆڕشی ( فەرهەنگ) ییە. چونکە، بەم کەرەستەگەلەی ئێستایەوە، ناتوانێت هەنگاوەکانی هەڵبهێنێت. خۆ ئەگەر بردنەوەش بۆ خۆبەڕێوەبەرێتی فەراهەم بکات. ئەوا جارێکیتر و بەشێوازێکیتر، دەچێتەوە هەمان دۆخی دۆڕان و مل بۆ پینەوپەڕۆی ژێردەستەیی دەدات و دەچێتەوە باوەشی فەرهەنگی بێگانە داگیرکارەکانی.

## بۆچی شۆڕشی فەرهەنگی، تاکە وەسیلەی گەیشتنە بەخواستەکانی کورد؟

زۆرینەی خەڵکی کورد، بەفەرهەنگ کە وەسیلەی بیرکردنەوەکانێتی، مسوڵمانە. ئیسلام، وەك فەلسەفە و هەم وەك ئاین و بیروباوەڕ، تێدا ووردکردنەوەی جیهانبینییەکانی کوردە و بەهۆیەوە لە زانست و زانیاری و حیکمەتەکانی سروشت و نهێنییەکانی ژیان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و داهێنان تێیدا، بۆ ژیانێکی باشتر، دابڕاوە و لەپێشکەوتن دووری خستۆتەوە و بەتەواوی لەقاڵبی داوە و دەرگاکانی زانستی لەبەردەمدا داخستووە. تەنانەت، خۆی داوەتە دەست چارەنووس و باوەشی بە خەیاڵی ئەودیو ئەم جیهانەدا کردووە کە نەیتوانیوە هیچی لێ بەرهەم بهێنێت و وەك هیوایەك بۆ گەیشتن بەخۆشی و شادی و بەختەوەری، ئومێد بۆ مەرگ و نەمانی خۆی دەکات. بەم پێیە، ئەگەر بۆ چۆنی تاکێکی کورد شی بکەینەوە، بەم پرسیارە دەست پێ دەکەین:

## لەدیدی ئیسلامەوە جیهان و مرۆڤ، چۆن هاتوونەتە بوون؟

بەپێی دەقەکانی ئاینی ئسلام، الله، لەحەوت جاردا، زەوی و ئەستێرەکان و ئاسمانی دروست کردووە. ئادەم، وەك یەکەم پیاوی سەرزەوی لە قوڕ خوڵقاندووە و لەپەراسوی ئەویش ژنی ئەفراندووە. تەواوی گیانداران و گژوگیا و دارستانەکانی لەبەر خاتری ئەم هێناوەتە بوون. تەنانەت دەریا و زەریا و کانیاوەکانیشی بۆ خوڵقاندووە. ئەمە دەقێکی دێرینی سۆمەرییەکانە و کۆمەڵگەکان، نەوە بەدووای نەوە گواستوویانەتەوە و تەواوی ئاینە ئیبراهیمی و سامییەکان کۆپییان کردۆتەوە.

ئەم چەند دێرەی سەرەوە، فەرهەنگ و بیرکردنەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردە. بۆیە، بووەتە هۆی تەمەڵی و کۆژانەوەی بیرکردنەوەی و پشوودانێکی دوورودرێژ بە مێشك و خاڵیکردنەوەی هەمبانەی زانیارییەکانی. چونکە، تاکی کورد، ئەوانەی خاوەن ئەم فەرهەنگەن و زۆرینەش پێك دەهێنن، بەپشت بەستن بەم زانیارییە ئاسمانییە، پێویستی بەدوواداگەڕان و دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت نییە. بەڵکو، کۆی گشتیی زانیارییەکان، لەچووارچێوەی ئەم چەند دێرەدا دەخولێتەوە و دەرچوونیش لێی ( قەدەغە) کراوە. هەر لادانێك لەم چەند دێرەی سەرەوە، کارەساتێکی گەورە بەسەر ژیانیدا دەهێنێت و کەسێتیی تێك دەچێت و وەك مرۆڤ، تەماشا ناکرێت و لەکۆمەڵگە، دادەبرێت.

کەواتە، تاکی کورد، تاکێکی خەسیوە و هۆش و بیرکردنەوەکانی چەقیون و لەناو بازنەیەکدا دەخولێتەوە. لەبەرامبەر تازەگەری و داهێنانەکانیشدا، حەپەساوە و تێیان ناگات. هەرچەندە ئەگەر گرووپێك یان حیزبێك و تەنانەت ئەگەر وەك

ئەوەی باشوور، دەسەڵاتیشیان بکەوێتە دەست، ناتوانێت هەنگاوەکانی خێرا بکات. چونکە، هەمان پەردە، بەری بە کانیی فەرهەنگیان گرتووە و ناهێڵێت باوەڕەکانی بگۆڕێت و پاشان گەشەیان پێ بدات.

## کەواتە، شۆڕشی فەرهەنگی چۆن دەست پێبکات؟

ئەم شۆڕشی فەرهەنگییە، کەرستەکانی گاتاوەکانی زەرەتوشترا و خاوەنداریێتیکردنەوەی فەوتێندراو و شارستانێتییە لەدەستچووەکانی کوردە، بریتییە لە ئاین و زمان و خاك و زانست و دانایی و دۆزینەوە و بۆماوەکان و کۆی گشتیی کەرستەگەلی ئەندێشە، کە دەبنە بیروباوەڕ. تاکو بیروباوەڕ گۆڕانکاریی بەسەردا نەیەت، ناکرێت نەتەوەی کورد، لەیارییێکراوەوە بۆ خاوەنی یاری بگۆڕدرێت. تەنانەت، ناکرێت و ناشێت تاکێکی خاوەن ئەو فەرهەنگەی سەرەوە کە باسمان کرد، باوەڕی وابێت کە خودا، مرڤی دروست نەکردووە. بەڵکو، مرۆڤ، دەرهاویشتەی سروشتە و سروشتیش پێویستە بەدووای بکەویت تاکو نهێنییەکانی بدۆزرێتەوە.

هێشتا زۆرینەی خەڵکی کورد، نەبایان دیوە و نەبارانی فەرهەنگی تاکو بچنە ژێر کەپنەکی بەرهەمەکەی. نەدەزانن فەرهەنگ چییە و نەتێشی دەگەن و نەتاقیان کردۆتەوە. من، ئامادەم بەسەر ئەوەشدا باز بدەم کە زۆرینەی بیرمەند و پسپۆڕەکانیشی هێشتا ناتوانن لەشۆڕشی فەرهەنگی بگەن و خوێندنەوەیان بۆی نییە و هەر لەبابایەکی هاوڕێیانەوە یان لێوار و ناو پەڕاوی کتێبێکدا خوێندویانەتەوە و دووایە، لەبیریان چۆتەوە. هەربۆیە، ئەوان( زۆربەیان) هەر لەناو بازنەی فەرهەنگەکەی سەرێدا، دەخولێنەوە و وەك بنێشتی ( سەهم) دەیجوونەوە.

ئەگەر، تێگەیشتنێك، هێشتا بۆ شۆڕشی فەرهەنگی لەئارادا نەبێت و تەنها ڕواڵەت کاریگەریی هەبێت، چۆن دەکرێت سازانی لەسەر بکرێت؟ ئەگەر تێکۆشانێك بۆ بنیادنانەوەی فەرهەنگی نەبێت، چۆن دەتواندرێت گفتوگۆ لەسەر پایەکانی بکرێت؟ ئەگەر گرنگیی فەرهەنگی نەهاتبێتە کایەوە، چۆن دەتواندرێت فەرهەنگی داهێنان بێنینە ئاراوە؟ ئەگەر جۆرەکانی فەرهەنگ لەناوماندا نشونما نەکات، چۆن کارلێکی فەرهەنگی ڕوو دەدات و کەی و چۆن و کێ بەشداریی تێدا دەکات؟ ئاخر گەلۆ، ڕزگاری و دەوڵەت و ئازادی و پێشکەوتن و داهێنان، بەتڕەکەڵەك سەرناگرێت! هەر چۆن سوهرەوەردی لەشیکارییە مەعریفییەکاندا لە پەرتوکە بەناوبانگەکەیدا ( حیکمەتولئەشراق) ڕایگەیاند ( خودا، توانای لەرادە بەدەری هەیە و کون فەیەکونە. بۆیە مرۆڤ ناتوانێت بەر بە تواناکانی خودا بگرێت و بۆی هەیە پێغەمبەرێکیتر بنێرێت).

کۆمەڵگە، پێویستیی بە دروستبوونی کۆمەڵێك ڕایەڵەی فەرهەنگییە کە تێیدا، تێکۆشانی ( شوناس) ی تاك و کۆمەڵگە، بەرێکخراو بکرێت و هۆشیاریی گۆڕین و بنیادنان بێنێتە کایەوە. ( عەیب) بمرێنێت و ( بەهرە) وەرچەرخێنێتە ناویانەوە. بۆیە، بۆئەوەی کورد، ببێتەوە بەخۆی، پێویستیی بەگۆڕینی ڕیشەیی عەقڵ و بیرکردنەوە و ئاین و بیروباوەڕەکەیتی. ئەمانەش، بریتین لە فەرهەنگ.  پێویستە کۆمەڵگەی کوردی، فیرۆزەی میهر، ئیزەد و فریشتەی بینینی ئاوەز( عەقڵ) بۆ دنیابینییەکانی، چنگی خۆی بخاتەوە و سروشی مەزداییانە بۆ بەدەستهێنانی فریشتەی ( ئاخشتی) ئاشتی، بۆ گەیشتن بە پیرۆزی و سەرکەوتنەکانی بگەیەنێتەوە ئاستی کۆمەڵگە( ئاریامەن) مکان ( تەندروستەکان). چۆن ئیسرائیلییەکان پاش زیاتر لە دووهەزار ساڵ بەخەونی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان هەموو ئێوارەیەك پێش نوستن پارچە نانێکی وشکی سوتاویان دەخوارد و دەیانگوت( بەیانی لەخەو هەستاین لە ئێرۆشەلیمین). ئەمەش نمونەی سەربازێکیانە لەکاتی دادگایی کردنیدا لەلایەن دادوەرێکی بەریتانییەوە کە سەر بە سوپای ئینگلیزەکان بوو لە فەلەستین و لەساڵی ١٩٤٧  دەستگیر کرابوو، ئاوا وەڵامی دادوەرەکەی دایەوە:

ئێمە، سەر بە ماڵباتە نێونەتەوەیی و جیهانییەکەی بەرەنگاریین. شێوەژیانی ئەو ماڵباتە، توخمی تراژیدیای تێدایە. ئەندامەکانی تفەنگ یان دەمانچە بەکار دەهێنن. بەڵام، پێمان خۆشترە لەگەڵ بێل و قەڵەمدا کار بکەین. ئێمە، هێزی خۆمان، بەکەم سەیر ناکەین. ڕاستە بەبەراورد لەگەڵ هی ئێوەدا شتێك نییە. بەڵام، لێرەدا قانونێکی مێژوویی هەیە. هێزی زۆر، بەئاقاری چەوسانەوەدا دەڕوات و ئامانجگەلێکی کەم بەدەست دەهێنێت. کەچی هێزی کەم ئاراستەکەی بەرەو ئازادی و مافە و ئامانجگەلێکی زۆر بەدەست دەهێنێت ( ١). ئەگەر کوردیش نەتوانێت جەنگێکی ئاوا لە

ڕەچەڵەکەوە فەرهەنگی دەست پێ بکات، هەرگیزاوهەرگیز کاروانەکەی ناگاتە خۆر. (١ ) - ( پەرتوکی داود بنگۆریۆن/ دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل/ نوسینی: ڕۆبەرت سەنت یۆهن/ وەرگێرانی: شەفیقی حاجی خدر).

جوڵانەوەی بەرەوخۆری بزوتنەوەی زەرەتۆشتراکان، لەهەڵگیرسانی وەها شۆڕشێکی فەرهەنگیدا کەرەستەگەلی یەکەمی خاوەنداریێتیکردنەوەیە لە مێژوو و داهاتە فکرییەکەی و بڵاوکردنەوەی زانست و عیرفانی زەرەتۆشتراییە. ئاشناکردنەوەی کۆمەڵگەیە بە گاتاوەکانی زەرەتۆشترای مەزن. سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی نوسینی ( دین دەپیرە) یە و وەلانانی پیتە عەرەبییەکانە. ئاوا خۆر بەدەست دێت.

## شۆڕشی فەرهەنگی بۆ ئێمەی کورد و دیدگاکانی زەرەتۆشترای مەزن لەو بارەیەوە

پێویستە ئەوە بزانین کە ژیان، هەمیشە، لەتێگەیشتنیدا، بووەتە هۆی بەستنەوەی دیدە پڕ پرسیارەکانی مرۆڤ. چونکە، تا قوڵتر ببینەوە، پرسیاری سەرسوڕهێنەرتری بێوەڵام، خۆی دەخزێنێتە ناو گەرووە ووشکەکانی ماندووی دووای خۆیەوە. بۆیە، پسپۆڕان و بیرمەندان، بەردەوام، بەدووای ئاشکراکردنی نهێنیی پرسیارە بێوەڵامەکاندا گەڕاون و تاکو ئەم سەردەمە زێرینەی پێشکەوتن و داهێنانە بەرچاوەکانی دەستی مرۆڤیش، گەلێ دەستکەوتی ئاوەز، گیر کراون و بەدەست هاتوون.

فەرهەنگ کە ئاین بووەتە چاوگی مەعریفیی، کۆمەڵێك کەرەستەگەلی ئاوەزیی ئەندێشەیی تێکئاڵاوی بەخۆیەوە گرێ داوە، کە جاروبار، پێویستییان بەقوربانی و تێکۆشانە، تاکو جەنگی مێژوویی خۆی بکات. بۆیە، ئێمەش، کە مێژوویان لێداماڵیووین، مەرجە بەیەکەوە گرێیان بدەینەوە.

کاتێك، زەرەتۆشترای مەزن، فەرمووی" دایکمان، درەختە و ئێمە، بەگشتی لەنەوەی گیاندارانین" کۆمەڵگەی ئەودەمە، گاڵتەیان پێدەکرد و بە ( دێوانە و خەڵەفاو) لەبانگی ناساندنیاندا. بەڵام، پاش نزیکەی چووار هەزار ساڵ، داروینی دانا، سەلماندی، گوتەکەی زەرەتۆشترا، بنچینەی ئاوەزێکی بەڵگەنەویستە و ئێمە، هەمان ئەو مرۆڤانەین، کە سەرچاوەمان درەختە و ئامۆزا پێشکەوتووەکانی ئاژەڵین. جا بۆیە، ئەمە بۆ نەتەوەیەکی لێداماڵیوی مێژووی وەك کورد، هیچ عەیب و عارێکی تێدا نییە و پێگەکەی لەمێژووە وونبووەکەیدا، جارێکیتر، زیندوو دەکاتەوە. چونکە، ئێمە، لەم جەنگەماندا، کە حەتمییە لە سەرهەڵدانیدا، دەبێتە، بنچینە ئاشکراکانی و وێرای ئەوەی قەوارەی پێکهێنانی یەکەم خێزانی مرۆڤی لە ناوچەکەدا بۆ باوەشی خۆی دەگەڕێنێتەوە، هەرواش، دایکی گۆڕانکارییەکان، لەیەکەم داهێنانی نوێدا، بۆ گەیشتن بە ئەستێرە دوورەکان، لەکەمترین ماوەدا، دەوروژێنێت. چونکە، هەر زەرەتۆشترای مەزنە لەو بووارەدا، ململانێکان، لەنێوان تاریکی و ڕوناکیدا، بەیەکەوە گرێ دەدات و چاڵە ڕەشەکانی ئاسمان، بەیەکەم پەیژەی خێرایی دەستنیشان دەکات.

گۆڕین، لەفەرهەنگدا بەجەنگ، لەسەرەتاوە، وەك شۆڕشێکی فەرهەنگی، دەکارێت و لەتوانایدایە، لەڕیشەوە گۆڕانکاری بکات. نەك جێگۆرکێ بە مرۆڤەکانی. ئەو فیگەرانەی دەجەنگن، بەچەك و کوشتار، دەرهاویشتەی هەمان ئاوەزی کوشتن و برینی جێگۆڕکێکانی فیگەری پیاوانن کە لەکۆمەڵگادا بۆ مانەوەی فەرهەنگەکەی خۆیان، توندوتیژی لەکێڵگەکەیاندا دەچێنن. دەنا، جەنگی فەرهەنگیی ڕاستەقینە، لەو ساباتە سێبەر وەرناگرێت و لەو ( با) بەش ناوس نابێت تاکو خۆراکی زستانەی درەختی فەرهەنگیی بۆ مەودای دوو وەرزی پایز و زستانی تەمەنی خۆی کۆبکاتەوە. ئالێرەوە، جیاوازیی جەنگەکە، ئاشکرا دەبێت کە فیگەر، یان ڕوونتر بێژم کەرەستەکان، لەجێگا ڕاستەقینەکەی خۆیاندا، وەك سوتەمەنییە ڕەسەنەکانی بەکار ناهێنرێت.

جەنگی فەرهەنگی و گۆرانکاریی ڕیشەیی ئاوەزی، لەکۆمەڵگەی کوردەواری و کۆمەڵگەکانی دیکەی جیهاندا، لەدەستی ژندایە. هەرچۆن زەرەتۆشترای مەزن دەفەرمویێت" ژن، یان مێ، دایکی گەردوونە". کەواتە، مێ، بەواتای

زۆربوون و سەرچاوەی هاوکێشە زانستییەکانە. دایکی سروشت و هەروەها، کانیی تێروانینە فەرهەنگییەکانە. ئەو، بێشکەی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانە و توانامەندترینە بۆ کۆکردنەوەی هەمووان لەژێر سایەی سۆزە دانسقەکەیدا. تا ئەو لەژێر دەستەیی و داگیرکاریدا، بێ نیشتمانی فەرهەنگی بێت، هەموو پنتەکانی بیکردنەوە و تەواوی هاوکێشە زانستی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ئەنجامێکی لاسەنگیان دەبێت و ژیان، کەبەوجۆرەی هەنوکە هەیە، لاسەنگ و پڕ لەگرفت دەبێت. کەواتە، تا ژن نەگەڕێندرێتەوە ناو هێلانە فەرهەنگییە زانستییە سیاسییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی و پێگەکەی پێ ڕەوا نەبیندرێتەوە، کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی، تەنانەت ئەگەر بچنە سەر هەسارەیەکی تریش بۆ ژیان کردن، هەروا دەمێننەوە.

ئەم هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی هەنوکەی جیهان، لەژێر ناوی ئازادی و بەرابەریدا، بەدەستکەوت دەناسێندرێت، فیگەری پیاوانە، نەك فەرهەنگی سروشتیی گەردوونی. بۆیە، ناکرێت، ئەم ئەنجامە، لەهاوکێشەی ئاڵۆزی ژیاندا، بئاڵێنرێتە ملی سروشتی ژیانکردی مێژووی بنچینەکانی سەرەتایی و گەشەی ئەندێشە و تێڕوانینە زانیستی و فەلسەفییەکان چونکە تێیدا ژیان و ماف نادادپەروەری و نابەرابەریی تێدایە و چەمی ئاڵۆزی ستەمگەرایی ڕیشەکانی داگیر کردووە. وەك دیاریشە، زەرەتۆشترای مەزن، لەو بارەیەوە، دەبێژێت( کاتێك بەهۆی ئەندێشەمەوە تۆم ناسی، تێگەیشتم، کەتۆی دەستپێکەر و سەرەنجامی بوون) هەر پاش ئەوە دەفەرموێت( ئەوەی کەڵە سەرەتاوە بە ئەندێشەی خۆی ڕوناکیی بەجیهان بەخشی، بەئاوەزی خۆی، ڕێککاریی جیهانی بنیاد نا). لەمەوە، ئەو دەرهاویشتەمان بۆ دەسەلمێندرێت، ژن، دەبێت، ببێتەوە بەو دەستپێکەرەی دەرەنجامەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە و بچێتەوە ئەو جێگایەی سەرچاوەی ڕوناکیی فەرهەنگی تێدا دەگەشێتەوە. تاکو، ڕوناکییەکی جیاواز لە دنیابینی و دیدەکانی ئێستا، بەجیهانی ئێمە ببەخشێ و هاوکێشەکان، ڕاست بکرێنەوە.

پەرینەوە، لەڕێڕەوی پیاوانەی هەنوکەی جیهانبینییەکانی کۆمەڵگە، تاکە دەرفەتە، کورد، لێوەی بتوانێت، جەنگی جیهانیی فەرهەنگیی خۆی، بۆ جارێکیتر، خودناسینەوە، دەست پێبکات. هەر ئەو جەنگەی، لەڕیشەوە تێفکرینە نەزۆکەکانی دەردەهێنێت و لەجێگایدا، بەهرەی مرۆڤ بوونی خۆی، وەك بەشێك لە شەریکایەتیکردنی مێژوو، لەدوتوێی کۆمەڵە دەستوورێکی ژیانلەسەرکردندا، دەچێنێت. ئەمە، تاکە هەڵبژاردنێکە، لەزەلکاوی فەرهەنگی و بیرکردنەوە و شێوەژیانی دەستی چووارەم، ڕزگاری دەکات.

زەرەتۆشترای مەزن، لەو بارەیەوە، دەفەرموێت" سروتی من، سەبارەت بە فەرهەنگ، وەهایە، هەر کەسێك لەم جیهانەدا، لەسەر بناغەی ڕاستیی مێژوو، بیر نەکاتەوە، ڕێگای بنەڕەتیی نەگرتووە". کەواتە، لێرەوە، دەتوانین بێژین، دروستیی مێژوویی لەسەر پانتایی ڕاستییەکانی ئەمڕۆی فەرهەنگی جیهان، ڕاستییە بنەڕەتییەکانی ژیان نین. بەڵکو، لەداهێنانەکانی کۆمەڵگەیە کە توانیویەتی، بەشیان بکات و سەروەری و داهێنانەکان، لەلایەن بەشێکییەوە بۆخۆی وەك موڵکایەتی، بەدەستی بهێنێت. کوردیش، لەم نێوانەدا، بەهۆی تێکچوونی شێوەی برکردنەوەیەوە، کە ئاڵۆزییەکانی فەرهەنگەکەی ڕەژووی کردوون، لەژێر چەپۆکە خنکاوەکاندایە. بەو مانایەی، چەپۆکلێدەرەکەی، هەڵکەوتەی نەزۆکییە و بەدەستێکیتر، خنکێنراوە و تەنانەت دەستەکەش، لەلایەکیترەوە، خەسێنراوە و بەم شێوەیەش، کورد، دەبێتە، دەستی چووارەمی ژێر گۆڕانکارییەکانی مێژوو. بۆ هەستانەوە و زیندوبوونەوەی، تاکە ڕێگایەك، بیگەیەنێتە ئافراندن، جەنگی بنەوشەیی فەرهەنگییە.

ماڵ و ماڵبادی فەرهەنگی کوردی، بەخوێنی پیاوانەی پیاوی عەرەبەوە تێکەڵ کراوە کەخاوەنی هیچ جۆرە ئەندێشەیەك نییە. بێجگە لەبەرجەستەکردنی ڕق، بەسەر نوکی شمشێرەوە و شەهوەت، لەبەدەستهێنانی مێدا، شتگەلێکی تری لێ بەرهەم نایەت. کەخاکەڕایی فەرهەنگی کوردی لەناو هەمبانەیەکی گێلدا، کۆکردۆتەوە و بەرەو ئاقاری دەریای مردووی بردووە کە هیچ زیندەوەرێکی تێدا ناژی. بۆ ڕزگاربوون لەو تاریکییەش، تاکو چیتر، بەرەو دووا نەبیات، پێویستیی بە هەڵگیرسانی جەنگە فەرهەنگییەکەیەتی. وەك زەرەتۆشترای مەزن، دەبێژێت" من، ئەندێشەی چاك و بنەڕەتیی ڕاستییەکان، بەئێوە دەسپێرم". کەواتە، کورد، بۆ گەیشتن بەدوواهەمین بەختی خۆی، کە حەتمییە و دەبێت تاقیی بکاتەوە، پەنابردنە بەر ئەو فەرهەنگەیە کە زەرەتۆشترای مەزن، وەك دیاری، لەنێو ململانێکاندا، بۆی هێناوە. ئالێرەشەوە کورد، جارێکیتر، پاش زیاتر لە یەك هەزار ساڵ، لەدابڕان، دەچێتەوە ناو هاوکێشە مێژووییەکانەوە.

نزیكبوونەوە لە خاوەنداریێتیی فەرهەنگی كۆمەڵایەتی، كەبناغە و دارێژەری فەرهەنگی سیاسی و ئابوورییە، سەرچاوەی گەشەی مەعریفەكەی لەكۆن و ئێستاشدا، ئاینە. ئاینیش، زادەی دیدەكانی مرۆڤ و كۆمەڵگەیە، بۆ ژیان و سروشتی دەوروبەری. هەڵبەتە، نابێت ئاین، وەك ناسینەوە كلاسیكییە پیاوانە ( سامی) یەكەی نیگای لێبكەین. بوڵكو، ئاین، وەك داهێنانی زانستی و فەرهەنگیی عەقڵانییەتی مرۆڤ. ئاینی زاگرۆسی، كەوێڕای ئەوەی چمكێكی فەلسەفیانەی تایبەت بەخۆی هەیە، كۆمەڵێك بیردۆزی ئەو فەرهەنگەی مرۆڤن كە تێیدا، پنتەكانی دۆزینەوە و ژیانێكی باشتر و بێچەوسانەوە و بێجەور و ستەم، دەستنیشان دەكات. هەر چۆن، ئاینی زەرەتۆشترای، لەسەر بنەمای بەیەكەوە ژیانێكی ئاشتیانە، لەدەستەبەركردنی پێوداویستییەكانی ژیان، بەشێوەیەكی یەكسان، لەدایك بووە. وەك زەرەتۆشترای مەزن، دەبێژێت" ئەوەی كە شایەنی ژیانە، لەڕێگای ڕاستیدا، پێشكەش بەمرۆڤی دەكەم. تاكو لەبەر تیشكی ئەندێشەی چاكدا، بەڕزگاری بگەن. ئەی مەزدا، لەبەر تیشكی راستیدا، ئەوەی زانایە، بەم ئاینە، وەك هێزێك، پێی بەهرەمەند دەبێت بۆ ئەمەش، پێویستە بگەنە نهێنییەكانی( ئەمیرەتات)". ئەمیرەتاتیش، جیهانی هەمیشەییە كە لەدیدی زەرەتۆشتراوە، هێزی داهێنەری بەردەوامە لە كاری داهێنان و زایین و مەرگدایە و ئەم فاكتەرانەش، بەردەوام و هەمیشەیین.

جەنگی فەرهەنگی و شۆڕشی نوێی زەرەتۆشترایان، نوكی شمشێر نییە. زوڵمەت و لافاوی خوێنی بەر كەوای سەردارانی دەم بەهاوار و دڵڕەش نییە. جەنگی كۆكردنەوەی سامان نییە. بەزۆر لێئەستاندنی باج و خەراج نییە. تەمەڵخانەی ناو مزگەوتەكان و ئاشی نەزان نییە. سیاسەتی دەستی چووارەم و بوون بەدەمڕاستی چینێك یان نەتەوەیەك نییە. بەڵكو، پەروەردەییكردنێكی كۆمەڵگەیە بەگشتی و تاك بەتایبەتی. تاكو بتوانێت، لەفەزایەكی تەواو ئازاددا، ئازایەتیی خۆی لە داهێناندا، دەربخات. گەیشتنەوەیە بەكۆمەڵگەكانیتر و وەستانەوەیانە لەبەردەم دڵڕەقییەكانی نەتەوەی سامیدا. خۆڕزگاركردنە لە جەوری هەزار ساڵەی دیدە ڕەشەكانی مێژوو. پەمەییكردنی ناخی هەمووومانە بۆ خۆشویستنی یەكتری و دابەشكردنەوەی سامانی سروشتیی سەر زەوییە بەسەر هەموواماندا، بەشێوەیەكی یەكسان. وەك لەخوردە ئەوێستادا و لە ئەوێستای كوشتی بەستندا و لە بڕگەی مەزدایەسنی ئەهمیدا هاتووە" من ئەهورا پەرستم، خاوەنی ئاوەزی چاك و پەیڕەوی زەرەتۆشترام. بەڵێن دەدەم، هەموو هێزوتواناى خۆم جەنگ و خوێنڕێژی ڕەت دەكەمەوە و هزر بەمەیدانان دەخەم. كۆیلایەتیی هۆش و جەستە كۆتایی پێدەهێنم و ئازادی بەرهەم دەهێنم. لەڕێگای بیری چاك و وتەی چاك و كرداری چاك بۆ داكۆكیكردن لە خۆشبەختی و ئاشتی و دژەجەنگ بەكار بهێنم".

هەروەها لەو بارەیەوە زەرەتۆشترای مەزن دەفەرموێت" مرۆڤ، لەجیهانێكی بچوكدا هاتۆتە بوون". كەواتە، جیهانی مەزن كامەیە؟ گەردوون چییە و چۆنە؟ ئێمە چیین و بۆچی لەم گەردوونە فراوانە گەورەیەدا، تاكە نەتەوەی بێدەست و پاین؟ چیمان گەرەكە و دەمانەوێت چی بەدەست بهێنین؟ ئایا، ئەمەی كەئێستا ناوی لێنراوە شۆڕش و گۆڕانكاری، یان دەسەڵات، لەكوێی فەرهەنگی كوردیدایە؟ ئایا، بەم كەرەستانەوە، زامەكانمان تیمرا دەكرێت؟ ڕزگارمان دەبێت؟ دەگەینە خۆشبەختییەكانمان؟ خەونەكانمان بەدی دێت؟ هەموومان بەیەكسانی دەژیین؟ چییتر، جەنگ و كوشتار، ڕوونادات؟ پەلامارمان نادەنەوە و كۆمەڵكوژمان ناكەن؟ ئێمە چی بكەین و چۆن دەست پێبكەین؟ ئەمانە و كۆمەڵێك پرسیاریتر، پێویستە، وەڵامیان بدەینەوە...

نەتەوەی كورد، لەناو ئابڵوقەی مەرگی فەرهەنگیدا ژیان دەكات. كۆی گشتیی ڕایەڵە ئینسانییەكانیان لێكردۆتەوە. لەهەموولایەكەوە بایكۆت دەكرێت. تەنانەت، لەنێوەندە نێونەتەوەییەكانیشدا، هێشتا بەتەواوی دانی پێدا نانرێت. كراوەتە قوربانیی هاوكێشەیەكی بازرگانی و بەرژەوەندیی كۆمپانیاكان. هێندەش ( ڕەزیل) و بێدەست و پێیان كردووە، ناتوانێت بەرپێی خۆی ببینێت. ئەوەی كەدێت، پارچەیەكی بۆ ( موفەڕك) لێ دەكاتەوە و دۆلكەیەك فرمێسكی وەك دیاری پێشكەش دەكات.

ئەوەی گرنگە، هەنوکە، جیهان دەزانن گەردوون چییە و چۆن ژیان دەکەن و ئایندەیان چۆن دەبێت. دەزانن لەتەقەڵای چیدان و چیش بەدەست دەهێنن. ئەوەی کە نوستووە و بێئاگا، لەشەوەزەنگی وێڵیدا هەنگاوی ( شەلم کوێرم ناپارێزم) دەنێت و ( چی خوا دای دەیخۆین) دەچێنێت، تەنها کوردە.

کورد پێی وایە هێشتا زەمەنی ( خوا، لەمەحمود پاشا گەورەترە) و ڕێبەر و سەرکردە و دەمڕاست و ڕۆشنبیر و سیاسییەکانیشی، دەمیان ژەنیوەتە داهاتی سەر خاکەکەی و خۆشیان و خەڵکیان، بەفەرهەنگی جەنگ و شەڕوشۆڕ و دەمبەدەمێی ناو یەکترییەوە سەرقاڵ کردووە. وەنەبێ چەند کەسێك، غیرەت بکەن و یاخی بن و جیاواز لەو کۆمەڵگەیە بیر بکەنەوە. بەڵکو، ئەوانەشی گوایە یاخین، زۆرینەیان، دەقاودەق، هەمان ( بۆدی لەنگویجی) کەڕولاڵەکانی سەرسەکۆی حیزبەکانن و دەمەبۆڵەکانیان تەنها بۆ زیادکردنی نانەکەیانە و هیچیتر. یان بۆ ئەوەیە پارچەیەکی چەوریان بەر بکەوێت. خۆ ئەگەر کەسێکیش یاخی ببێت، ئەم کۆمەڵگە ( ئیبراهیم زەبۆکە) سەدان توهمەی بۆ هەڵ دەبەستن و دەیکەن بەپیاو و ژنی ئەم و ئەو و ناهێڵن هەنگاوێك بڕوات، ڕێك دەیکەنەوە بەخۆیان.

ئەگەر پێداچوونەوەیەك بەهەموو ئەو کاتە بەسەرچووەدا بکەینەوە، دەبینین ئێمە، چەندە تاوانبارین. مێژوومان شێواندووە و بەدەم ( با) ی ئەوانەوە، لەلورەی گورگەنازەکانی سەردەمی بەستەڵەکی پاش ڕانە بەجێماوەکان دەدەین و چشمان لەخۆمان کردووە و بێجگە لە گۆزەیەکی بەتاڵ و کۆن، چیترمان بۆ نەماوەتەوە.

هەنوکە، کاتی بەخۆدا چوونەوەیە. کاتی ئەوەیە، نەختێك سەری خۆمان دابخەین و چاومان بنوقێنین و ئەمجارەیان، بێچرپە و بێدەنگ، لەناخەوە بڕوانینە جیهان. بڕوانینە دەوروبەرمان. بزانین هەست بەچی دەکەین؟ چونکە، بەچاوی کراوەوە بێجگە لەکوێرێك، لەشتگەلێکی تر ناکەین!

ئێمە، پێویستیمان بەدەستپێکردنی جەنگێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە. پێویستیمان بەجەنگی بنیادنانەوەی ئابوورییە. پێویستیمان بە تێگەیشتنە لەڕاستی. پێویستیمان بەیەکگرتن و بەرخۆدانە. پێویستیمان بەشۆڕشە شۆڕش. شۆڕشێکی سەرتاسەریی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری. شۆڕشێك، سەرتاپا، ژیان و فەرهەنگ و بیرکردنەوەمان بگۆڕێت. وەك زەرەتۆشترای مەزن لەئاڤاستادا دەفەرموێت" ئـەی مـەزدا ، پرسیارت لێ دەکەم: لـە تۆماری ژیانی خەڵک و ئاکامیان ئـاگادارم بکە، لـە ڕابردوودا، چ ڕوویداوە و لـە پاشـەڕۆژدا چ ڕوودەدات؟( گاثاوەکان/ یەسنا ، هـاتی ٣١ ، سـروودی ١٥)". بەم پێیە، بووار بۆ خەیاڵ، ناهێڵێتەوە و لێناگەڕێت، خۆمان بدەینە دەست قەدەری ژیان و بەو شێوەیە بژیین کەهەین. بەڵکو، وەك ڕێنیشاندەرێك، ئاماژە بەوە دەکات کەڕێکارەکانیتر بگرینە بەر. ئەمەش ئەو جەنگەیە، کەحەتمییە لەڕوودانی و پێویستە خۆمانی بۆ ئامادەبکەین و باوەش بەیەکتریدا بکەین و ئەنجامی بدەین.

## بیرکردنەوەکانی زەرەتۆشترا/ بەهەشتێك کەپێویستە لەسەر زەوی بنیادی نێین

زەرەتۆشترا، وەك مرۆڤێکی خاوەن ئەزموون و داهێنەرێکی بێوێنە ناسراوە و تاکو ئێستا، بنچینەی پیردۆزە فیکرییەکانی لەوپەڕی برەوداندان و هێشتا، بۆشاییەکی گەورە و فراوانی لەپێکهاتەی بیرکردنەوە نەستی و کردارییە لۆژیکییەکانی مرۆڤدا، بۆخۆی داگیر کردووە. بۆ ئەمەش ماری بویس، لە پەرتوکی مێژووی زەرەتۆشترایدا، سەبارەت بە باوەڕ بوون بەڕزگارکەری جیهان دەڵێت، لەیەسنای ١٦ دا زەرەتۆشترا دەڵێت" لەبەرجەستەی ڕاستیدا، چاکسازی بەرجەستە دەبێت".

لەهەمان سەرچاوەدا هاتووە" لەیەشت، ئەوێستای ١٩ دا، بەڕوونی ئەمە دەرکەوتووە و هاتووە" لەپشتی ( سۆشیانت) ڕزگارکەری داهاتوو* دا ئاشتی بەدی دێت. هەر ئەو کاتەی، درۆ، لەجیهانی ڕاستی، وەدەر دەنرێت".

مەبەست لە سۆشیانت، هەڵهاتنی خۆری زانست و فراوانبوونی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و داهێنان و داهێنراوە نوێکان و دۆزینەوەکانە. کورتەی چیرۆکەکەش، لەسرووده ئەوێستاییەکەدا، هاتووە و کۆی چیرۆکەکە، تاکو ئێستا لەلایەن باوەڕدارانی زەرەثۆشتراییەوە وەك ئاینێك پارێزراوە ئەمەیە" لە یەکەم دەستپێکی کۆتایی هاتنی جیهاندا، کچێك، لەدەریاچەی ( کانساو) مەلە دەکات و بەشێوەی سەراسیما( پەرجوو، موعجیزە) لەتۆوی زەدەشت، پەیامبەری جیهان، دووگیان دەبێت و کوڕێکی دەبێت بەناوی( ئستڤات ئاریتا) واتا بەرجەستەی چاکسازی و ڕاستی*".

سۆشیانت، لە پنتێکی فکریی لۆژیکیی واقعییەوە، تەرازووی پۆلێنکردنی بیرکردنەوەکانی مرۆڤن لەنێوان ڕاست و هەڵە، چاك و خراپ، بەسوود و زیانبەخشدا. کەواتە، ئەنجامی هاوکێشە فکرییەکان، لەبەرجەستەبوونیاندا، دەبنە ڕزگارکەری داهاتووی ئەو زەمەنەی تێیدا، فکرە واقعییە لۆژیکییەکە لەدایك دەبێت و بەرهەمەکەی، چاکسازییە لەفەرهەنگ و ڕەوشت و پێکەوەژیانی خەڵدا. کەبە داهێنراوەکانەوە دووگیان دەبێت و چاکسازی لە ڕاستیدا( هەموو بیروباوەڕەکانی مرۆڤ) دەکات و سەرتاسەری ژیان دەگۆڕێت.

هەر لەبارەی لۆژیکیشەوە، کەزەرەثۆشترا، بەشێوەیەکی زانستیی واقعی، فەلسەفەکەی خۆی لەسەر هەڵچنیوە و بۆ پشتیوانیکردن و دەوڵەمەندکردنی باسەکە، گوتەکانی  عەلی وەردی، لەپەرتوکی ( نەست) دا وەردەگرین کە دەڵێت" پێناسە بۆ لۆژیك ئەوەیە کە: زانستی ئەو یاسایانەیە کە زیهن( هۆش) لە کاتی بیرکردنەوەدا،  هەڵە دەپارێزێت و بە تەرازوو، ناو دەبرێت. لەو تێڕوانینەی کە بیرەکان لەکێشانە دەدات و ڕاست و هەڵە لەیەکتر جیا دەکاتەوە".

زەرەثۆشترا، پێی وایە، کۆی گشتیی ململانێ جۆراوجۆرەکانی ئەم سەردەمە، لەسەر ( خوێن) هەڵچنراوە. بۆ گۆڕنی ( خوێن) بۆ ( ئاشتی و ژیانێکی هێمنی بێ گیروگرفت)، پێویستە گۆڕانگاریی ڕیشەیی لەچۆنێتیی بیرکردنەوەدا بکرێت و تەواوی فەرهەنگ و پنتە بنچینەییەکانی ململانێ، لەبنەوە هەڵتەکێندرێت و بەدۆخێکیتر لە ژیانکردن، موعەرەفی بکرێت. کەواتە، پێویستە ململانێ لەسەرکراوەکانیش، لەفۆرمێکی تردا، بەشێوەیەکی جودا لەخاوەندارێتی کردنیاندا، دابەش بکرێتەوە. بەمەش، سنووری خاوەندارێتیکردن دەگۆڕێت و ( خوێن) یش هەڵدەوەشێتەوە و تێشووی تێچوونێکی تری بۆ دادەنرێت. هەروەك لەفەروەردین یەشتی ئەوێستادا هاتووە" ئەم هەموو توندوتیژییە بۆچییە؟ هاوار لەمن، ئەم دروشمە ماتەمینی و دیمەن ڕنینە بۆچییە؟ ئەی ئەوەی کەوەکو تیرۆژی هەتاو دەڕوات، چییە؟".پاشان هاتووە" ئەی تیرۆژی هەتاو، کەلێم دەدەیت و دەباریت، چارەیەکم بۆ ببینەوە". لە ئاوێستاشدا، ئەهنەوەدگاتی یەستا هاتی٣٢ دا و بڕگەی ١٦ دا هاتووە" من، دژی زۆرداران و ستەمکارانم. ناهێڵم پەرە بستێنن".لەئەهنەوەدگات، یەسنا هاتی ٣٤ دا و لەبڕگەی ٦ دا هاتووە" ڕاستی، بەدەسەڵاترین و بەتواناترین هێزە. هەبوونی ڕاستی و تەرازووی بیر، مژدەیەکی بێهاوتایە لەم جیهانەدا. کەهەمیشە ئێمە، شاد و خۆشبەخت دەکات".

د. خەسرەو خەزاعی، دەڵێت" لە گاثاوەکانی زەردەشتدا زۆر چەمکیوەک ئازادی، ئارامی، ڕاستی، یەکسانی، ئەقڵانیەت، شادی، بەختیاریو... هتد هەیە کەلەگەڵ تۆلێرانس و فرەچەشنی و ئازادیخوازی و هیومانیزمی ڕۆژاواییدا بەتەواوی دێتەوە و بەمجۆرە ئەم دوولایەنە دەتوانن یەکتر تەواوبکەن. سوژەی کوردی بەگەڕانەوە بۆگاثاوەکانی زەردەشت دەتوانێ خەزێنەیەکی هەراوی فیکری فەلسەفیی بەدەست بێنێ، خەزێنەیەک کە هەوێن و بناغەی گیان و کولتوور و زمانی کوردی پێکدێنێ و وەکو ئایینەکانی عیبری و سامی لەگەڵ مرۆڤی کورد نامۆ نییە. ئەگەر کورد بەشێوەی جددی ئاوڕ لەگاثاوەکان بداتەوە و لە کولتوور و دیسکۆرسی خۆیدا بیری زەردەشت بژێنێتەوە، بەمجۆرە دەتوانێ تۆکمەترین سیستمی ئێتیکی ئەخلاقی بەدەست بێنێ و بە تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ هیومانیزمی ڕۆژاوایی، هەم مرۆڤی مۆدێرن و خاوەن باوەڕ بخولقێنێ، هەم بۆ پێشخستن و ئاوەدانکردنەوەی خاک و کۆمەڵگە بەرنامەی شیاو دابڕێژێ".

مرۆڤی کورد، لەم سەردەمی شەپۆلهاوێژیی جیهانگیرییەدا، گرنگترین کارێك کەبیکات ئەوەیە فەرهەنگەکەی بەپشتبەستن و سەرلەنوێ ژیانەوەی لۆژیك و مەعریفەی زەرەثۆشترای، دەوڵەمەند و سوژەی فکری و عەقڵانی، لەپنتە لۆژیکییەکەی خۆی کە زەرەثۆشترایەتە، وەربگرێت و خودناسینی( وەك نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ) دووبارە پێناسە بکاتەوە. بەمەش، دەکارێت جیهانێك لە گۆشەکانی فەلسەفەی زانستی، بۆخۆی داگیر و دەستەبەر بکات.

فەرهەرگ، تەنها بریتی نییە لە ( Cultural) کۆلچەر. بەڵکو، بەمانای هەموو ئەو یاسا و ڕێسا و بیروباوەڕ و تەقالید و خووڕەوشت و زمان و هونەر و بنەما ڕەوشتیانە دێت، کەنەتەوەیەکی پێ دەناسرێتەوە. ناشکرێت، نەتەوەیەك خاوەنی فەرهەنگی عەقڵانی و ژیاریی خۆی نەبێت و وەرگیرا و یان هاتوویەکی بۆ خۆی گل دابێتەوە و بیکاتە موڵکی خۆی. ئەمە لەکاتێکدا، شوناسی گشتیی پێوەدیار بێت و نەتوانێت بیشارێتەوە. بەڵکو، هەمیشە، نەتەوەکان، لەسەر خاکی نیشتەجێی خۆیان، ئەگەرزێدێکی داگیرکراویش بێت، ویستوویانە مێژوویەکی نوێ بۆخۆیان دروست بکەن. هەرچۆن، تورك لەسەر زێدی نەتەوەیەکی تر دەیکات و عەرەبیش بەهەمان شێوە. کەئەوەتا، عەرەبەکان، هەرگیز پێشتر لە بابلدا نەژیاون و ئێستاش، کردوویانەتە بەشێك لەمێژووی خۆیان و بەووڵاتی عێراقی نوێوە، خۆیان بادەدەن. کەواتە، پرسیار لێرەدایە کەئاخۆ بۆچی کورد، خۆی ناکات بەخاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و داهێنانە دەوڵەمەندەکانی خۆی؟

مێژوو و فەرهەنگی کوردی، هێشتا، وەك کەرەستەی شوناس، لەناو بیرکردنەوەی تاکی کوریدا، فۆرمەڵە نەبووە و ئاراستەیەکی سەغڵەم و ساخی نییە. هەربۆیە، ناتوانێت بەکەرەستەکانی خۆی، لەگەڵ لۆژیکێکی عەقڵانییدا، کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی، بۆ ژیانکردن، تەرازوو بکات. نەبوونی تەرازووی تێفکرینی شوناسی تاك، وەك نەتەوە، قەیرانی مەعریفیی گشتیی بەرهەم هانیوە و لەخود، دوورکەوتۆتەوە. بۆ گێڕانەوەشی، پێویستیمان بەبەردەوامیدانی شیکردنەوە و هێنانەوەبەردەمی ئەو خوانەیە، کەتێیدا، کورد، خاوەنی سفرەی خوانەکەیە. بەم پێیە، فەرهەنگێکی ساخ و تاکێکی ساخ، لەپێدەشتی نەتەوەدا، بەرجەستە دەکەین. هەروەك لە فەروەردین یەشتی ئاوێستادا هاتووە" پێم لەڕێگای تۆ دانا و تۆش، بۆنێو ڕێگاکەت ڕاکێشام". بەم پێیە، تاکو پێ نەخەینە ناو تێفکرینەکانی زەرەثۆشتراوە، ناتوانین ببینە خاوەنی خوانی خۆمان. بۆ ئەمەش، لەئەوێستادا، لە ئەهنەوەدگات، یەسنا هاتی ٣٤دا و لەبڕگەی ١٥ دا هاتووە" مەزدا، تکایە ئێمە لەچاکترین زانست و کار، ئاگادار بکەن. بەهێز و توانای خۆتان، ئەو پێداویستیانە بەجۆرێك ساز بکەن، کە مرۆڤایەتی، هەمیشە بەرەو پێشکەوتن بەرێت".

زەرەثۆشترا، لە نێوان بیرکردنەوە عەقڵانییەکانیدا، تیژڕەوانە ڕووانیویەتییە کەتوار( واقع) ی کۆمەڵگەکەی. گەشەی مەعریفی و عەقڵانیەتی لەدۆزینەوەی نهێنییەکانی بووندا، بەرهەم هانیوە و چالاکانە، سەردەمێکی ڕۆشنگەریی عەقڵانیی دەستپێکردووە و لەبناغەوە، تەواوی بیرکردنەوە کۆنەکانی شانبەشانی مێژووەکەی گۆڕیوە. بەمەش، جیهانێکی تازەگەری خوڵقاندووە کەتاکو ئێستا، ئەو تازەگەرییە، لەکۆمەڵێك فۆرمی جیاوازدا، بەردەوامی پێدەدرێت. چونکە، جارێکیتر، کۆمەڵگە و سروشتی دەوروبەری، ڕاڤەکردەوە و بەم ڕاڤەکردن و شیتەڵکردنەوەیان، کە سنووربۆدانراوەکانی عەقڵ و هۆشیان، تێپەڕاند، جارێکیتر، پێناسەی بۆ عەقڵ دانایەوە و کردییە حاکمی بوون. گاثاوەکان، گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن و بەخاوەندارێتیلێکردنەوەیان لەلایەن کوردەوە، ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنین کە دەست و پێ سپیی کردووین.

## لۆژیکی زەرەثۆشترا

تێگەیشتن لەلۆژیکی زەرەثۆشترا( زانستێك، پێویستە جارێکیتر بیگێرینەوە ناومان)

هیچ گومانێك لەوەدا نییە، كە زەرەتۆشترا، لەسەردەمی خۆیدا و تاكو ئێستاش وەك پێغەمبەرێك، كەخاوەنی سروشە، ناسراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە پێویستە لەڕووی ئاینییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت. بەڵام، ئەگەر بەدیوەكەی تردا، وەك فەیلەسوفێك تێی بڕوانین و بەرهەمەكەی، لەداماڵینی سروش بوونەوە تێبفكرین، گەلێ دەستكەوتی فكریمان دەبێت و كوردیش دەتوانێت وەك خاوەندارێتیكردن، لەبنچینەی فەلسەفە، بەرگریی لێبكات.

لۆژیك، لەلای زەرەتۆشترا، پانتایی لە بنچینەی ململانێ وەرگرتووە. ململانێ و كۆششی بەدوواداگەڕان و دۆزینەوە، لەخوایشتەكانی ئەون. كە دەكرێت كەڵكی لێ وەربگیرێت و بەپێی دنیابینییەكانی ئەو لۆژیكە، لەبەیەكەوە ژیانماندا، بەشیوەیەكی ژیرانە، لەسەر زەوی، بەبێ تەنگ و چەڵەمە بژیین.

تەواوی ووتەكانی زەرەتۆشترا، كەلەشێوەی سرودی ئاینیدا و لەچووارچێوەی گاثاوەكاندا تاكو ئێستا ماونەتەوە، ئاسودەییمان پێ دەبەخشێت كە مرۆ چۆن دەكارێت، لەنێوان دوو تەنی ژیرایەتیی هەستپێكردنی واقیعەكانی ئەودیو خۆیەوە، وەدووی دۆزینەوەی ڕاستی بكەوێت. بەڵام، كێشەی تاكی كورد یان ڕاستتر بێژم، شارەزایانی ئاینەكە، یان بیرمەندانی كورد، ئەوەیە كە نەگەڕاون وەدووی چاوگی ووشەبەكارهاتووەكان و مەبەستەكانی ئەودا، بەڵكو، ڕاستەوخۆ، لە نوسینی نوسەرە فارسەكانەوە وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی كوردی و بەمەش، مانا پڕاوپڕەكەی خۆی لەدەست داوە. وێڕای ئەمەش، تاكو ئێستا، نوسەران و ڕۆشنبیرانی كورد، سوودیان لەو كانییە ڕوونە پاكژە، بۆ تێراوكردنی بیركردنەوەكانیان وەرنەگرتووە و نەیانتوانیوە لەڕووی فەرهەنگی ڕۆشنبیری و فەلسەفی و لەژیانی شۆڕش و كۆششەكانیاندا، یان بەڕێوەبردندا، سودی لێوەربگرن.

زەرەتۆشترا، بۆ هەر مەبەستێكی سەرەكی، وەك چاوگ، ووشەیەكی لەجیاتی داناوە. بەپێی بیركردنەوە و تێگەیشتی سەردەمەكەی خۆی گونجاندوویەتی. نمونەش بۆ ئەمە( ئەهورا مەزدا) یە.

ئاهوورا، وەك چاوگ، بەپێی لۆژیكە فەلسەفییەكەی كە ڕەوانبێژیی تێدا دەستەباڵایە، هەندێك جار، بەمانای ئافەریدەكار و هەندێك جار سروشت و هەندێك جار چەقی ئاوەز و خەرەد( عەقڵە) و هەندێك جار، خودی مرۆڤە و هەندێك جاریش پنتەكانی ململانێی نێوان ڕاست و هەڵەیە. كەتەواوی بنچینەی بیركردنەوەكانی زەرەتۆشترای لەسەر كەڵەكە بووە.

ئەگەر لە پەرتوكی ئاوێستا (لەنوسینی )جەلال ئەمین بەگ (بڕوانین، لەلاپەڕە (٩٤) دا لەهای یەكەمدا نوسراوە: ئەی بەڕێوەبەر و دروستكەری جیهانی پیرۆز، بەر لەهەموو شتێك، گەرمكەمە، ئەشا و وەهومەن، لەخۆم ڕازی بكەم. بۆیە، دەستەكانم بڵند دەكەمەوە و لێتان دەپاڕێمەوە كەپشتمان بگریت وە یارمەتیمان بدەیت ئەی مەزدا.

لەم دەقەدا، ئەشا، كەواتای ڕاستی دەگەیەنێت و وەهومەن كەبەواتای ئەندێشەی چاك دێت، چاوگە. واتا، مەبەستی زەرەتۆشترا تێیدا، چۆنێتیی بیركردنەوە و خوڕەوشتی مرۆڤە. هەروا، مەزدا، كەواتای دڵسۆزی، لە سەرفروهێناندا، بۆ بەخشندەیی لەبەرامبەر یەكتردا دەدات، كە ململانێی نێوان، بیركردنەوەكانی مرۆڤن، كەتێیدا، ڕاست و هەڵە، وەك تاریكی و ڕوناكی، كەدەبنە بناغەی كردار و ئەویش دەبێتە هەڵوێستی مرۆڤ. لەوێندەری دەلاقە و بۆشایی تەنها بوونی باسلێكراودا، پێویستیی بەهاوكاری و هاوەڵێتی و هاوخواستی هەیە كە لێوەی هاوكارییەكان وەردەگرێت. لەكۆتاییشدا، ستایشی ئەو كەسە دەكات كە ڕێگا ڕاستەقینەكە، بۆ پێكەوە ژیانێكی باشتر لەگەڵیدا دێتەوە.

كەواتە، دەكرێت، ئەم دەقە، بۆ گونجاندنی بەدید و تێڕوانینی ئێستای كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەتایبەت كۆمەڵگەی كوردی، كەبە فەرهەنگێكی خەشمگین و لێوانلێو لە ڕق و تۆڵە و ئاژاوەگێڕی دەورەدراوە، ئاوا دابڕێژرێتەوە:

بەخشندەیی، لەبەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانەدا، کەدارێژەری ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤن، لەسەر بنچینەی ئەندێشەی چاك، بنیاد دەنرێت. بۆ ئەمەش، لەفروهێنانێکی ( وەك ستایش کردن بەکاری هێناوە) هۆشیاریانەدا، کەسەرچاوەی بیرکردنەوەی باشە، لەسەری ڕێك دەکەون و کۆمەڵگە، بۆ ژیانێکی باشتر، لەیەك ڕایەڵەدا( بەڕێوەبەرایەتیکردن)، یەك دەگرن.

بەم پێیە، بەم لۆژیکە، دەتوانین، چاوگی ڕستەکان، لەناو هایەکدا، بدۆزینەوە کەئاسانکاری دەکات لەتێگەیشتن و گونجاندنیاندا. بەمەش، بنچینەی هاکان، یان سرودەکانی زەرەتۆشترا، سودمەندترین ووتەگەلی ئەم سەردەمە دەبن کە دەمێکی بەسەردا تێپەڕیوە و بەرگەکەیان بەتەواوی گۆڕیوە.

هەروا، دەتوانرێت، سروودەکانی زەرەتۆشترا، بەنیازی تێفکرین و گواستنەوەیان لەدۆخێکی ئاینیی ڕەقی بێماناوە، بەمەرجێك لەخواستەکەی نەگۆڕێت، بەدووای دۆزینەوەی مانا و مەبەستی راستەقینەدا، وەربگێڕینە سەر زمانی لۆژیك.

لۆژیکی زەرەتۆشترا، لەڕووی عەقڵگەراییەوە، پشت بە پرەنسیپە زانستییەکان دەبەستێت کە سروشی لەڕووداوەکانی دەوروبەرییەوە وەرگرتووە. هەروەها، دید و بۆچوونەکانی، بەپێی تێڕوانینی گەردووناسی و کۆمەڵناسی و زیندەوەرزانی و ڕوەك ناسی و ژیاناسییەوە شیکردۆتەوە، کەتێیدا کۆشش، لەپێناوی بەدوواداگەڕان و دۆزینەوەدا، لەململانێی نێوان ڕاست و هەڵە، ڕەش و سپی، تاریك و ڕوون، گەورە و بچوك، بەهێز و لاواز، هێرش و بەرگری، مردن و مانەوە، خۆشی و ناخۆشی، وەرگرتووە.

زەرەتۆشترا، کەڕێبەری فەلسەفەی عەقڵگەراییە، پێی وایە، مرۆڤ، ناتوانێت بەداتا( لەناو سنوورێکی دیاریکراوی سەپێنراودا)، هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەکەی و سروشت و دەوروبەرەکەیدا، لەناو گێتیدا بکات. هەربۆیە، بەدووای ووردکردنەوەکەیدا گەڕاوە و تام و چێژی لەکەڵکوەرگرتنی خۆشییەکاندا، بۆ ژیانێکی باشتر و چاکتر و بێکێشە، گێڕاوەتەوە.

جیاوازیی نێوان زەرەتۆشترا و ئەوانەی پێش خۆی و ئەوانەشی تاکو سەدەکانی ناوەڕاستی دووای زایین، هاتوون، ئەوەیە کە ئەو، عەقڵ، دەکات بە چاوگی زانیاری و پێی وایە لەڕێگای تێگەیشتنی عەقڵانییەوە، بەپێی تاقیکردنەوەکان، کەلەئەنجامەکانەوە وەر دەگیرێت، ژیان، پێناسە دەکرێت. بۆ ئەوەی مرۆڤ، وەدووی ڕاستی بکەوێت، ڕێگا لەدیدی فریوکاریانە دەگرێت تاکو بگات بەڕاستی. کەواتە، لەدیدی زەرەتۆشتراوە، ڕاستی، هەمیشە بەکۆشش کردن لەبەدوواداگەڕان و دۆزینەوەدا، ئەنجام دەگرێت. بەمەش، تاقیکردنەوەکان، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و هیچ ئەنجامێکیش لەلای ئەو، موتڵەق نەبووە. چونکە، باوەڕی وابووە کە تاعەقڵی مرۆڤ فراوانتر بێت و پێداویستییەکان، گەشەی زیاتر بەخۆیانەوە ببیین، ئەوا، ووردکردنەوەکان، ڕێڕەوی خۆیان، فراوانتر و زانیارییەکانیش بڵاوتر دەبنەوە. چونکە، نهێنییەکانی ژیان، لەلای ئەو، تەنها درکپێکراوەکان نییە، بەڵکو، دۆزراوەکان و هەمو ئەوانەش کە دەبێتە فەرهەنگ، کەلەسەر بنجینەی خوڕەوشت هەڵچنراون، بەشێکن لە ڕاستی. هەروەك چۆن خۆی دەبێژێت" ئاگاداری بیرکردنەوەتان بن، چونکە دەبێتە ووتەی ئێوە. ئاگاداری ووتەکانیشتان بن، چونکە دەبێتە کرداری ئێوە. ئاگاداری کردارەکانیشتان بن، چونکە، دەبێتە ڕەوشتی ئێوە. ئاگاداری ڕەوشتان بن، چونکە ئەوە هەڵوێست و کەسێتیی ئێوەیە و هەڵوێستەکانیشتان دەبنە مێژووی ئێوە".

لێرەوە، دەردەکەوێت کەلۆژیکی زەرەتۆشترا، بەندە بە کۆمەڵێك ڕاستییەوە کە هەنوکە، زانستی کۆمەڵناسی، هەموو ئەوانەی سەلماندووە کە زەرەتۆشترا، زانستیانە، لە کۆمەڵگە و دەروبەری ڕوانیوە.

لۆژیکی زەرەتۆشترا، لەسەر بچینەی( بیری بەپێز. گوتاری چاك، ڕەوشتی بەرز) بنیاد نراوە. ئەم سیانە، پایەی سەرەکیی یەکەم دەستپێکی باوەڕەکانییەتی. وێڕای ئەوەی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەرونەوە کە وەك ڕەوان، لەناخی مرۆڤدا، پێناسەی دەکات. دەرخستنی نهێنییە پەنهانەکانی ناوەوەی مرۆڤ، دەبەستێتەوە بە شێوەی بیرکردنەوە و زانستی گەیاندن و گفتوگۆکردن و خووڕەوشتەوە. بەمەش، پەی بە مرۆڤ شوناسی بردووە و کردارەکانی دەکاتە بەرهەمی بیرکردنەوەکانی و دەرەنجامی هەموو ئەمانەش، لەکەسێتیدا، پێناسە دەکات.

لە ئهنودگات، یەسنای ٢٨ و ئەهیایاسادا و لە های پێنجەمدا، هاتووە" ئەی ( ئەشا) ڕاستی، کەی دەتوانم بتگەمێ؟ کەی وەکو کەسێکی زانا و داوێن پاك، بەدیدارتان، دڵخۆش و شادمانم دەکەیت؟ لەبارەگای ئەهورادا، ئومێدەوارم بەهۆی گوتارەکانمەوە، بتوانم، چەتە و ڕێگران لەووڵاتدا، بەرەو تۆ، ئاراستە بکەم؟".

ئەگەر، بەشێوەیەکی زانستی بڕوانینە ئەم گوتانەی زەرەشتوشترا، دەبینین لۆژیکێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە و بەکۆی خواستەکە، دەیەوێت، ئەوانەی بەڕەوشتی خراپ، کۆمەڵگەیان گیرۆدە کردووە و زیان دەگەیەننە بەرژەوەندییەکانی وولات و کەسێتییەکی خراپیان هەیە، بە دید و بیروباوەڕە تازەگەرییە عەقڵانییەکانی خۆی، بەرەو بیرکردنەوە و ژیانێکی باشتر، ئاراستە بکات.

وێرای ئەوەی زەرەشتوشترا، لەم هایەدا، ڕوودەکاتە( ئەشا) کە ئەو وەك بنچینەی ووردکردنەوە عەقڵانیەکانی خۆی تێی دەڕوانێت و پێی وایە، لەبەرامبەر، (خراپ) دا ( چاك) هەیە. ئەمەش، ئەو ڕاستییەیە کەباسی لێوەدەکات و عەوداڵی پێگەیشتنێتی...

زەمەن، لەلای زەرەشتوشترا، کاریگەریی خۆی هەیە و نێوانی خۆی و ( ڕاستی) کە ( کات) ە، پێویستیی بەتێکۆشانی بەردەوام هەیە تاکو ببڕێت. لەوێشدا، هێشتا، لەنێوان ( کاتی گەیشتنی بە ڕاستی و خۆیدا) مەرجی ڕەوشتی پەسەند( داوێن پاك) دادەنێت. لەم دیدەشەوە، کەسێتیی دڵخۆشکەر، کەشادمانی دەبەخشێت، زانایی بەرهەم دەهێنێت. زانابوون، لەکەڵەکەکردنی زۆرترین زانینەوەیە. بۆیە، زەرەشتوشترا، بەپێی بوونی زانیاریی زیاتر یان کەمتر، ڕوانیویەتییە کەسی بەرامبەر و هەر بەزانیاریش، جیاوازیی لەنێوانایندا کردوون. چونکە، پێی وابووە، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی کەسێتییەکی سەرکەوتوو و خاوەن متمانەی ناو کۆمەڵگە، بە دیدێکی پێشکەوتووەوە بەندە و ئەمەش، بە تێکۆشانی بەردەوام بۆ بەدوواداگەڕانی زانست، دەستەبەر دەکرێت. چونکە، زانیاری، لەهەڵس و کەوتی مرۆڤەکاندا ڕەنگ دەداتەوە ە بەمەش کەسێتیی مرۆڤەکە، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

هاوکێشەکەی سەرەوە، ئەگەر وەك لۆژیکێکی زانستیانە لێی بڕوانین، دەبینین، تەرازووی عەقڵ، لەبەدوواداگەڕان و کۆششکردن، بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان، قورستر دەبێت و ڕاستەوخۆش کاریگەری لەسەر ڕەوشت دادەنێت و بەمەش، کەسێتیی مرۆڤ، لە دانەوەیدا، وەك گفتوگۆ و گوتاردان، بەدەر دەکەوێت. زانیاری و توانای مرۆڤەکانیش، دەبنە هۆی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگادا. چونکە، مرۆڤ، ئەوەی فێری دەبێت و دەیدۆزێتەوە، دەیداتەوە و کۆمەڵگەی پێ ئاراستە دەکات. لەئەنجامیشدا، توشی ململانێ دەبێتەوە... چونکە، کۆمەڵگە، بەدرەنگ دەتوانێت دەست لە عادات و ڕێسا باوەکانی خۆی هەڵبگرێت و بە دیاردەیەکیتر، بیانگۆڕێت. بۆیە، بۆ مانەوەی فەرهەنگەکەی، بەزۆر، دەیسەپێنێت بەسەر هەمووواندا، هەرچۆن زەرەشتوشترا، لە یەسنای ٢٩ دا، دەڵێت" زوڵم و زۆری ستەمکاران و زۆرداران، تەنگیان پێ هەڵچنیوین".

لەبەرامبەر تەنگپێهەڵچنینی ستەمکاراندا، لەناو کۆمەڵگەیەکی ستەمکاریدا، ململانێیەك، لەدایك دەبێت. لایەك بۆ مانەوەی فەرهەنگەکە و لایەکیش بۆ تێکدانی ئەو فەرهەنگە و گۆڕینیەتی.

لەم نێوانی ململانێی ستەم لێکرا و ستەمکارییەدا، هەمیشە، گۆڕانکارییەکان، جۆری بوون و نەتوانراوە بەتەواوی و لەڕیشەوە گۆڕانکاری بکرێت، بەڵام، زەرەشتوشترا، لەڕووی عەقڵانییەوە و بەشێوەی پەیامبەرێتی، توانیویەتی، ( زەمەن) کەم بکاتەوە و خێراتری بکات. کەهەنوکە، کۆمەڵگەی کوردی، دەکارێت، ئەوفەرهەنگە خەشمگین و لێوانلێو لەتوندوتیژی و دوواکەوتووەی هەیەتی، کەسەرچاوەی لە فەرهەنگی نەتەوەکانی ترەوە وەرگرتووە، بەپشتبەستن بە لۆژیکی زەرەشتوشترا، لەکەمترین ماوەدا، بگۆڕێت.

تێگەیشتن لە لۆژیکی زەرەشتوشترا بەندە بە کۆی ئەو کەرەستە فکریانەی کە عەقڵیەتی زەرەشتوشترایان پێك هێناوە و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی بیرکرنەوەی داناوە.

زەرەشتوشترا، لەناو بێشکەی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا و گەلانی زاگرۆسدا، لەدایك بووە. بە خو و ڕەوشتی ئەوان ڕاهاتووە و بەفەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردی، گۆش کراوە. لەناو سروشتی سەرخاکەکەی و ئاو و هەوای زەمینە بەپیتەکەیدا گەورەبووە. هەربۆیە، ئەگەر لە ڕووداوەکانی ئەو دەمە و شێوەی ژیانی کۆمەڵگەکەی نەگەین، ناتوانین بەبیرکردنەوەکانیدا، گوزەر بکەین.

ئەو هۆکارانەی بوونەتە گرێی دەرونی و ژیاری لەلای زەرەشتوشترا، هەموو ئەو ڕووداوانەن کەلەسەردەمی خۆیدا، کاریگەرییان کردۆتە سەر بیرکردنەوەی و وایکردووە کە جیاواز بێت لەمرۆڤەکانی دەوروبەری، ململانێیەکی هزری و دەرونییان لەناخیدا پێك هێناوە و هەوڵەکانی بۆ ناسینی کۆمەڵگەکەی و سروشتی لێژیانی، پێ چڕکردۆتەوە و بەدووای دەلاقەیەکی ڕۆشندا گەڕاوە، تاکو بتوانێت گرێکوێرەکانی کێشە کۆمەڵایەتی و دادوەری و بەڕێوەبەرێتییەکان، بکاتەوە.

زەرەشتوشترا، وەك هەر تاکێکی زەمەنەکەی خۆی، لەناو کولەمەرگیدا ژیاوە و لەناو نەخۆشییە درم و بێچارەسەرەکاندا، گیری خواردووە. لەسەرووی ئەمانەشەوە، فەرهەنگی کۆمەڵگەکەی ئازاری زۆریان داوە.

یەکێك لەو نمونانەی (ماری بۆیس) ی لێکۆڵەر، لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا( مێژووی زەرەتۆشترای. لەسەرەتاوە تا سەدەی بیستەم) باسی لێوەدەکات، ئەوەیە کە ئەگەر یەکێك تاوانێکی کردبێت و خەڵك سکاڵایان لەسەر هەبێت. ئەوا، پێویست بوو بەبەر چاوی خەڵکەوە، بەناو ئاگرێکدا ڕەت ببێت و پێ بەسەر پشکۆی سووری داربەڕوودا بنێت. جا ئەگەر نەسوتا ئەوە بێتاوانە و ئەگەر سوتاش، ئەوە تاوانبار بووە و سزای خۆی وەرگرتووە. بەو هۆیەشەوە، سەدان کەسی بێ تاوان، بەبەرچاوی زەرەتۆشتراەوە سوتاون و بوونەتە قوربانی. هەربۆیە، زەرەتۆشترا، ڕایگەیاند" سوتاندنی مرۆڤ، قێزەونترین ڕەوشتە".

دۆزینەوە، بەرهەمی ئەو کۆمەڵە ڕووداوانەن کەدەبنە مایەی نیگەرانی. یان ئەوەتا، مرۆڤ، بۆ خۆدەربازکردن، یان یارمەتی وەرگرتن، پەنایان بۆ دەبات. بۆ ئەمەش، لۆژیك، وەك تاکە پاڵنەری دەست تێوەردانی لەزادەی بیرکردنەوەی عەقڵانیدا، لەگەڵ تێفکرین و تێگەیشتنی کۆمەڵگەدا، دەیانگونجێنێت و پێتەکانی ژیانی کۆمەڵگە، بەتەواوی لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر دەگۆڕێت. هەرچۆن زەرەتۆشترا، توانیوێتی، دۆخی گەشەی شێوەی ژیانی کۆمەڵگە، لەشووانکارەییەوە بۆ شارنشینی، بکاتە هەوێنی گۆڕانکارییەکی عەقڵانی و کۆمەڵگە، بە لۆژیکەکەی، بۆ بەیەکەوە ژیانێکی باشتر، پەلکێش بکات.

چووار بنچینەکەی زەرەتۆشترا، کەلۆژیکەکەی لەسەر هەڵچنیوە، دەستنشانکردنی ئەرکێکی هەمیشەیی بووە بەسەر تەواوی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا بەبێ جیاوازی. تەنانەت زەویی وەك دایك و لانکەی گەشە و پەیدابوونی مرۆڤ ناساند. هەرچۆن ( ئاو) ی بە بێ کەموکوڕی ناوزەد کرد و ( ڕووەك) یش بەنەمری و خۆریش، بەسەرچاوەی ژیان و هەوای بە پیتاندن و گەشەی سەر خاك و وشکانی دۆزییەوە. بۆ تەواوی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و ( مرۆڤ و سروشتی دەوروبەری) بەیاسا ڕێکی خست.

ئەم چووار بنچینەیە، کەلە بیرکردنەوەیەکی بەسوود و گفتوگۆیەکی بەکەڵك و ڕەوشتێکی بەرزدا خۆی دەبینێتەوە، لەبەرامبەر دڕندەیی مرۆڤەکاندا، بەرامبەر بەیەکتری و سروشت، هاتوتە کایەوە. هەرچۆن، لەیەسنای چووار و های یانزەهەمدا، هاتووە" کرپانەکان و کاویەکان، بەهۆی دەسەڵات و زۆرداریی دڕندانەی خۆیانەوە، گەرەکیانە مرۆڤ بەرەو کاری بەد و ناڕەوا بخەنە ڕێ. ژیانی جاویدانیان نابود و بەبا بدەن".

کەواتە، زەرەتۆشترا، لەپێناسەکانیدا، بەپێی لۆژیك، کۆمەڵگەی بەبیرکردنەوەکانی خۆی ئاراستە کردووە و بانگهێشتی کوردوون بۆ بەیەکەوە ژیانێکی عادیلانە.

د. الشافیع الماحی احمد، لەتوێژینەوەیەکدا، لەژێر ناونیشانی زەرەتۆشترا و زەرەتۆشتراییەکان، نوسیویەتی: زەرەتۆشترا لەتەمەنی ٧ ساڵاندا، لەلایەن باوکییەوە، لەلای زانا ( یورجین کروس) نێردراوەتە بەر خوێندن و ٨ساڵی تەواو، لەگەڵ مامۆستاکەیدا بردۆتە سەر کە لەڕەگەزی موغەکان بووە و بەباوکی دانا، بەناوبانگ بووە. هەروەها یورجین، بەدانایی و زانست و ڕاپەسەند و زانا، بە زانیارییە هاوچەرخەکان ناوبانگی دەرکردووە و سەرنجگای خوێندکاران بووە و لەهەموو ئێرانی ئەوکاتدا لەلایەن خولیایانی زانیاری، شوێنی چاوتێبرین بووە. بەمەشدا دەردەکەوێت کە زەرەتۆشترا، هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ زانست و زانیاریدا، ئاوێزان بووە و پاش ئەوەی تەمەنیشی گەیشتووەتە ١٥ ساڵی، لەمەراسیمێکدا، ( کوشتی) پشتێنی ئایندارێتیی وەك پیاوێك بەستووە و سەردەمی منداڵیی تێپەڕاندووە.

زەرەتۆشترا، کەهەر لەمنداڵییەوە نراوەتە بەرخوێندن و فێرکردن، کەواتە، بنچینەیەکی باشی لەزانستی ئەو سەردەمە دا هەبووە و توانای دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی دڵنیاییکەرەوەی هەبووە تاکو ڕێبازێکی ئەقڵانی بدۆزێتەوە لەچوارچێوەی فۆرمێکی فەلسەفیی وورد کە بەزانستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ژێری بارگاوی بێت. لەسەرووی ئەمانەشەوە، ڕەگەز و پێتەکانی بەرگێکی لۆژیکانەی گەردونناسی و سروشت ناسیی و کۆمەڵناسیی بەبەردا کردووە.

زەرەتۆشترا، کەلەسەردەمی یەکەم دەرکەوتنی جەنگاوەرە قارەمانەکانی ناو ئەشتار( گالیسکەی جەنگی) دا ژیاوە. ئەو گالیسکانەی بەیەکەم دەرکەوتن و داهێنانیان، هێرشی بەربڵاویان پێکرایە سەر خێڵ و شانشینەکانی دراوسێ و هەزاران کەس ببوونە قوربانی. گوند و دەغڵ و دانەکانیان دەسوتا و برسێتی و نەخۆشی، بەشێوەیەکی ترسناك، بڵاودەبووەوە. سەردەمی جەنگاوەرە قارەمانەکانی سەر گالیسکە جەنگییەکان، کەپێیان دەوترا ( راتا) بەسەردەمی ئەوپەڕی مرۆڤ کوژی بەناوبانگە، کەشکۆمەندییان خوێنڕشتن و سزای لاوازەکان بووە. هەربۆیە، زەرەتۆشترا لەناو دودڵی و ترس و تۆقاندا، ژیاوە و ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەش، باڵی بەسەر هەموو خەڵکی دەڤەرەکەیدا کێشاوە.

زەرەتۆشترا، پێی وابووە کە هێز، وەك یەکەیەکی سەرەکی و کەرەستەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە، لەڕێگای جەنگاوەرە قارەمانەکانەوە، فەرمانڕەوایی دەکەن نەك یاسا. بۆ تێگەیشتن لەدۆخەکە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك و کردنەوەی گرێگۆێرەی نەهامەتییەکان، پێویستیی بەوپەڕی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکانە کردووە کەلێوەی کۆمەڵگە ڕزگار بکات. هەربۆیە، سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەدووای دۆزینەوەکانیدا، ڕوو دەکاتە چیاکانی قەندیل و بۆ ماوەی ( ١٠) دە ساڵ،

بیردەکاتەوە و کۆشش دەکات و تاقیکردنەوەی پزیشکی دەکات. تاکو، لەکۆتایی ڕۆژدا، لەسەر لوتکەی چیای قەندیلەوە، لەئاوابوونی خۆری دەڕوانی، کە پاش کەمێکیتر، تاریکی باڵی بەسەر جیهاندا دەکێشا، بۆی دەرکەوت، تاریکی و ڕوناکی، لەململانێی بەردەوامدان، بۆیە، هەرچەندە خراپەکاری هەبێت، ئەوا، لەبەرامبەریدا، پنتێك هەیە و پێی دەڵێن چاکە. ئالێرەوە، وەك سەرەتایەك، زەرەثۆشترا، ململانێی نێوان بەهێز و بێهێز، تێر و برسی، شەو و ڕۆژ، تاریکی ڕوناکی، گەرمی و ساردی، گەورە و بچوك، کەم و زۆر و هەتا دووایی بۆ ئاشکرا بوو.

فروغ مەزدیسنی، لەپەرتوکە گرنگەکەیدا، بەزمانی فارسی، بەناوی( زەرەثۆشترا، پەیامبەرێك کەپێویستە لەنوێوە بیناسین) دەڵێت: زەرەثۆشترا،  پەرتوکەکەی، بەناوی ئەوێستا، بەشێوەی تەرزێکی تایبەت، بەبیرکردنەوەیەکی قوڵ داڕشتووە".

فروغ، دەڵێت" ووتەکانی زەرەثۆشترا، دوور بوون لە هەڵبەستراو و ساختەکاری و زانیاریی هەڵە". هەروەها دەڵێت" هیچ گرێکوێرە و پەرێشانییەکیان تێدا نییە".

هەر فروغ، دەربارەی لۆژیکەکەی زەرەثۆشترا دەڵێت" گاثاوەکانی زەرەثۆشترا، تەواوی ئەندێشە و فەلسەفەی سەردەمەکەی خۆی لەناو بیرکردنەوەکانیدا، لەستەم و جوانییەکان، کۆکردۆتەوە".

بەپێی ئەم باسە لۆژیکییەی فروغ، زەرەثۆشترا، کۆششە عەقڵانییەکانی خۆی، بەفیڕۆ نەداوە و لەچووارچێوەی کتێبێکدا، بەناوی( ئەوێستا) کۆکردۆتەوە. ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە خەڵك، لەڕێگای خۆتەیارکردن بەزانست و زانیارییەوە و لەپەرتوکەکەی ئەوەوە، فێر ببن و بەناو خەڵکدا، بڵاوبکرێتەوە. کەواتە، زانست، یان بەرئەنجامی بیرکردنەوە و داهێنانە عەقڵانییەکانی زەرەثۆشترا، بووەتە لانکەی پێگەیاندنی بیرمەندان و پسپۆڕان. بەمەش، هەم لایەنگر و هەم خوێندکاری بۆخۆی پێگەیاندووە و ئەوانیش، بەکۆی ستوونە گرێدراوە لۆژیکییەکەی زەرەثۆشترا، فەرهەنگی کۆمەڵگەیان بەرە و جێگەیەکی باشتر، هەڵکشاندووە.

لەسەردەمی زەرەثۆشترادا و تاکو ئێستاش، فەلسەفە، کە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤە، پانتایی لێکدانەوە ناوەکییە ڕۆحییەکان و داتاکانی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردە و یاساکۆمەڵایەتی و گەردونییەکانی لەخۆ گرتووە. بەڵام، فەلسەفەکەی زەرەثۆشترا، کەوەك بنچینە و دایکی هەموو فەلسەفەکانی دنیا، هەژمار کراوە، بەقۆناغ و پلە بەپلە، لەتەواوی گێژاوەکانی کۆمەڵگە ڕۆچووە و زانیارییەکانیشی، بەبێ خۆبەستنەوە بەپلەبەندیی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، مەقامی حکومڕانی، دارایی( هەژاری و دەوڵەمەندی) ڕەگەزی، ڕەچەڵەك، ناوچەیی، توانا و ڕەنگ و زمان و ئاین، وەك ئەرکێك، بۆ تێڕوانینی سروشت و دەوروبەر و کۆمەڵگە و چەکدارکردن بە زانست و زانیاریی هەمەچەشنە، بۆ هەموو پرسەکان، پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە و لەنێوانیاندا، شۆڕش و بەرەنگاری و تێکۆشانی خەڵك، دژ بە ستەمکاری و دەسەڵاتە بەزۆر خۆسەپێنەرەکان.

هەروەك لە سپەنتەمەنگات، یەسنای ٤٨ لە های ١٢ دا هاتووە" کەسانێك بەپارێزەری ووڵات هەژمار دەکرێن، کە ئەی وەهومەن، بۆ چەسپاندنی فەرمانەکانی مەزدا، تێدەکۆشن و لەجێبەجێکردنی کارەکانیاندا، درێغی ناکەن. ئەوانە، ئەو کەسانەن کە بۆ تێکشکاندن و لەناوبردنی زۆرداری و ستەم و دڵڕەقی دەسەڵاتداران بو ستەمکاران و زۆرداران، هاتوون".

عەبدوڵلا موبلغی ئابادانی، لەکتێبەکەیدا، بەناوی ( مێژووی ئاینی زەرەثۆشترا) دەڵێت" زەرەثۆشترا، لەسەرەتای تەمەنییەوە، بەخاوەنی ڕەوشت و دلۆڤان و نەرم و نیان، ناسراوە. لەکاتی هاتنی ووشکەساڵیدا، کەلەسەردەمی لاوێتیی زەردەشدا، ڕوویداوە، سەبارەت بە مرۆڤە پیرەکان، ڕێز و میهرەبانی و سەبارەت بەگیاندارانیش، خۆشەویستی و بەزەیی بەکار دەهێنا".

هەژاری و ووشکەساڵی و نەبوونی و کەمدەرامەتی، هەمیشە بۆ کۆمەڵگە، پڕن لە نائومێدی و ناڕەحەتی و بێزاری. تەنانەت، جاری وا هەیە، هەژاران، لەزۆرێك لە جێگاکانی دنیادا، دەبینرێت و لەناو کۆمەڵی کوردەواریی خۆشماندا هەیە، کە لەسەر پاشەڕۆی خواردەمەنی دەژین. یان مەجبوورن بکەونە سواڵکردن و دەرۆزەکردن. یان کاری ئەوپەڕی قورس و گران، لەپێناوی بەدەستهێنانی پارویەك ناندا دەکەن. ئەو کێشەیە، لەبنەڕەتدا و لەلای زەرەثۆشترا، کێشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و بەندە بە ڕێکخستنی کۆمەڵگەوە، لەژێر پەیڕەوکردنی یاسادا و هێنانەکایەی سیستەمێکی یەکسانییە بۆ سامانی ووڵات. کە پاشا، یان سەرۆك حکومەتەکان، یان ڕێبەرانی ووڵات، ئەرکیانە، ئەنجامی بدەن. لەگەڵیدا، پێویستە، هەمووان ڕێز لەیەکتری بگرین و پیر و پەککەوتەکان، لەبیر نەکەین و خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێت. هەروەها، سروشتمان خۆش بوێت و دارستان و پاوەنەکان، نەسوتێنین و نەیانبڕینەوە و لەناویان نەبەین.

ئابادانی، لەهەمان سەرچاوەدا، دەڵێت" زەرەثۆشترا، کەگەیشتە تەمەنی (٢٠) بیست ساڵی، باوك و دایك و هاوسەرەکەی بەجێهێشت و بۆ دۆزینەوەی نهێنییە ئاینییەکان و وەڵامی کێشە ڕۆحانییەکان، کەقوڵایی دەرونی ئەویان شێواندبوو،

بەدەوروبەری جیهاندا، سەرگەردان بوو و بەهەموو لایەکدا، دەڕۆیشت. لەگەڵ هەموو کەسێکدا دەکەوتە گفتوگۆ، تاکو نوری ڕوناکیی دەروون و دڵی روون بکاتەوە".

زەرەتۆشترا، لەتێکۆشانیدا، بۆ گەڕان بەدووای راستیدا، گەلێ سارد و گەرمی و ناخۆشیی بینوە. هەر لەوپێناوەشدا، تەنانەت دایك و باوك و هاوسەر و منداڵەکانیشی بەجێ هێشتووە.

زەرەتۆشترا، لەکردارێکی دەگمەندا، وەك یەکەم کەس، لەسەر بنەمای لۆژیك، لەکۆمەڵگەکەی یاخی بووە. یەکەم داهێنەر بووە کە لەدووریی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەدرێژایی ( ١٠) دەساڵی تەواو، لەچیای قەندیل، ئەشکەوتێکی کردووەتە مەنزڵگای خۆی و بەدووای وەڵامدەرەوەیەکدا گەڕاوە. عەقڵ و بیرکردنەوەی لەتەواوی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و خێڵەکیی ئەو سەردەمە، خاڵی کردۆتەوە و لەڕەچەتەیەکدا، وەك بیردۆزێکی ئاڵۆز، دەستی پێکردۆتەوە. بەم کارەی یاخی بوونی شوناسایی کردووە. یاخییەك، کەبتوانێت بەستەڵەکی بیرکردنەوە سوننەتییەکانی کۆمەڵگە بگۆڕێت. تەواوی داتاکانی هزری زانایانی سەردەمەکەی خۆی شکاندووە. یاخی بووە و لەناوئاخنی ئەم یاخی بوونەیدا، ڕووی لەناخی خۆی کردووە و ژیاری خۆی کردۆتە سەنگی مەحەك. لەڕووداوەکانی هەڵڕوانیوە و لێکۆڵینەوەی ووردی لەسەر کردوون.

زەرەتۆشترا، بەدووای دۆزینەوەی بنەچەی پێکهاتە و دروستبونی مرۆڤ و ئاژەڵ( تەواوی زیندەوەرەکان، بێجگە لەمرۆڤ) و ڕوەکدا گەڕاوە. ئەم سێ بوونەوەرە، لەلای زەرەتۆشترا، سێ پایەی ژیان لەسەرکردنی زەوی بووە. ئاو و خاك و هەوا و گەرمی( ئاگر) ی بە بنچینەی پێکهاتەکانی ئەوان زانیوە. هەربۆیە، تەواوی لۆژیکەکەی، بەشێوەیەکی واقعی و دروست بەرهەم هانیوە کە هەرگیز، هیچ زانا و دانا و دۆزەرەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی و گەردوناسێك، نەیتوانیوە خۆیانی لێ بدزنەوە. تەنانەت، لەسەر زەوییەوە، پەڕیوەتەوە گێتی و کاکێشانەکانیشی لە چووارچێوەی تەونێکی جاڵجاڵۆکەیی چڕوپڕدا، پێناسە کردووە. هەرچۆن، ئەندێشەکانی پێش کەش بەمرۆڤایەتی کردوە و داوا دەکات، لەڕێگای دۆزینەوەکانییەوە، کۆمەك وەرگرن و لە ئەهوندگات، یەسنای ٣١، های یازدەهەم، هاتووە" تۆ ئەی سروشت، هەر لەسەرەتای ڕۆژی یەکەمەوە، بەهۆی ژیری و زانایی خۆتانەوە، بۆ مرۆڤ، هێزی بیرکردنەوەتان پێکهێناوە. تۆ ئەی ڕاستی، بەم جۆرە ماددەیەی کە ئێستا هەن، مرۆڤتان دروست کردووە. هەتا هەر کەسێك، بەگوێرەی بیروباوەڕی ناو ناخی خۆی و ویست و خواستەکانی، ئازادانە، ڕەفتار بکات".

زەرەتۆشترا، بۆ ڕۆچوونە ناو ڕاستییەکانەوە و دۆزینەوەی کۆڵەکە سەرەکییەکانی گۆڕینی کۆمەڵگە، پیویستیی بە کۆمەڵناسین و مرۆڤ ناسین بووە. سەبارەت بەکۆمەڵناسیی زەرەتۆشترا، وەك خۆی لە گاتاوەکانیدا، باسی کردووە، ئاسانکارییەکی زۆری بۆ شیتەڵکردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە و چۆنێتی ژیانیان کردووە کەپێی وابووە، کۆمەڵگە، لەجەنگێکی بەردەوامدایە لەپێناوی دەستکەوتی سامان و سەرۆکایەتیکردندا. خەڵکیش، بەسەر گروپ و تاقمی جۆراوجۆردا دابەش بوون و بەپێی بیرکردنەوەی خۆیان، بەرگری لەمانەوەی بیروباوەڕ و دەستکەوت و سامان و ووڵات و زێدەکەیان دەکەن و قوربانیی بۆ دەدەن. ئەم قوربانیدانە، لەشێوەی جوداجودادا، دەکرێتە خەڵاتی بیروباوەڕەکەیان. بۆ کردنەوەی دەلاقەیەکیش، لەپێناوی بەدەستهێنانی زانستی گەیشتن بە چارەسەردا، پێویستیی بەمرۆڤ شوناسییە. وەك زەرەتۆشترا ڕوو دەکاتە ئەهورا( سروش) ( چەقی بیرکردنەوەکەی) لە ئەهنەودگات، یەسنای ٣١، های پانزەهەمدا، دەڵێت" لەتۆ دەپرسم ئەی ئەهورا، سزای ئەو کەسانە چییە کەلەڕێی سەرکەوتنی بەدکاران و درۆپەرستانەوە، هەمیشە لەتەلاشدان... ئەو بەدکار و بەدڕەفتارانە، کە جگە لەئازاردانی ئاژەڵ و کرێکار و وەرزێرەکان، کارێکی دیکەی باشیان لێ ناوەشێتەوە".

مرۆڤ شوناسی لەلای زەرەتۆشترا، لەدوو تەوەردایە. ئەوانیش ژیاری( وەك بیروباوەڕ و زانیارییەکانی و فەرهەنگی کۆمەڵگەکەی) و کەسێتی ( ڕەوشت و گوفتار و هەڵویست) ن. وەك لە ئەهوندگات، یەسنای ٣١، های پێنجەمدا، هاتووە و دەڵێت" ئەمەوێت توانای جیاکردنەوەی کاری بەد و کاری چاکم هەبێت. تێبگەم و لەژیاری خۆمدا، هەڵی سەنگێنم".

هەرچی لایەنی ژیاریی مرۆڤە، لەدوو لایەنی دیاریکراوی خۆجێییدا، کۆکراوەتەوە، ئەوانیش، لایەنی چاکە و لایەنی خراپەیە. جونکە، زەرەتۆشترا، لەململانێ ی هەمیشەیی ناو کۆمەڵگە و سروشت و دەوروبەرەوە، بۆی دەرکەوت، هێشتا، لەناو قوڵایی بیرکردنەوەکانی مرۆڤدا، دوولایەن، هەمیشە ململانێ دەکەن. هەر لایەنەو بەپێی زانستی کەسەکە، کە هەم ترس و هەم دەسەڵات و هەم بەرژەوەندی و هەم فەرهەنگ، ڕەنگدانەوەیان تێیدا دەبێت و کاریگەریی لەسەر بوونییەتی لەناو بیرکردنەوە و ناخیدا، دادەنێت. وەك لە ئەهوندگات، یەسنای ٣١، های شانزەهەمدا، هاتووە" لەتۆ دەپرسم، ئەگەر زانایەك بەهۆی ڕاستی و دروستیی خۆیەوە ئارەزووی ئەوە بکات، کە سوود بەخانوو و ماڵ و شار و دێهاتەکان بگەیەنێت، ئەگەر بیەوێت، وەك ئێوە بەدڵتان بێت، هەڵسوڕێت، داخۆ کەی بەخواستەکانی خۆی دەگات و بەچ جۆرێك دەشێت، بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانی ڕەفتار بکات؟".

کاریگەریی ئاڵوگۆڕی ژیان، لەلۆژیکی زەرەتۆشترادا، بەشێوەیەکی بەرچاو دیارە و پێی وایە، ئاڵوگۆڕی شارستانیەتی مرۆڤ، لەبەدیهێنانی زانستی پیشەسازیی دەستکرد و کارگەی هاڕینی گەنم و پەیدابوونی هەوجاڕ و جەنجەڕ و داس و تەوراسی ئاسنین و شمشێری پۆلایین و گالیسکەی جەنگی و گالیسکەی گواستنەوەدا و دۆزینەوەی ڕێگای ئاسان بۆ چنینی فەرش و ڕاخەر و هەروەها، بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و هەڵگرتن و عەمبارکردنی ئاو و پێکهێنانی ئەستێڵ و گلدانەوەی ئاوی بەهاران، بۆ بەکارهێنانەوەی جارێکیتر لەهاویندا و دروستکردنی پردی تۆکمە و باڵەخانەی بەردینی زەبەلاح، کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر بەرەوپێشچوونی ژیاریی خەڵك.

ئەو دوولایەنە، باش یان خراپەی ناو ناخی تاك، بەلای زەرەتۆشتراوە، دوو جیهانی بەیەکەوە گرێدراون. هەردوکیان، بەیەکەوە لەدایك بوون و بەیەکیشەوە دەمرن. چونکە، تاکو چاکە هەبێت خراپەش هەیە و بەپێچەوانەشەوە. بۆیە، بەردەوام، بەپێی توانای ژیاریی کەسەکە و هەڵکەوتەی سروشتی کۆمەڵگەکەی و فەرهەنگەکەی و بوواردانیان، لەململانێ و زۆرانبازیدان. بۆ هەر بڕیارێك، کەسەکە، دەگەڕێتەوە سەر توانای زانایی و دانایی لەبەردەم پرسەکەدا و بەپێی تێگەیشتنی خۆی و بەرژەوەندییەکانی، بڕیار دەدات. جاری وا هەیە، مرۆڤ، ناتوانێت لەژێر کاریگەریی باوەڕی باوی ناو کۆمەڵگەکەی دەربچێت و بەپێی خواستی، سروشتی خۆی، بەبێ گەڕانەوە بۆ ململانێکانی ناخی، کە دەبێت بەباشی ڕەفتاریان پێبکات، بڕیار دەدات. جا ئەگەر ئەو تاکە، توانای هەبوو بەسەر خۆیدا، زاڵ بێت، یان کۆمەڵگەو فەرهەنگەکەی، سەردەمی زێڕینی پێشکەوتنیان بوو، ئەوا، هەر هەمان شێوەی پێشووە و نەگۆڕاوە. بۆیە، لایەنی ژیاریی تاك، هەمیشە، بەردەوام دەبێت لەزۆرانبازی لەگەڵ خۆیدا.

ئەم دوولایەنە، کەیەکێکیان دەبێتە بڕیار، تەواو پێناسەی خو و ڕەوشتی کەسەکە دەکات و دەبێتە هەڵوێست بۆی. بۆ ئەوەی بیهێڵێتەوە، پارێزگاریی لێ دەکات. کۆمەڵگەش، بۆ بەردەوامیدان، بە یاساکانی خۆی، کەلەکۆمەڵێك یاسای ڕێکخراوی ڕوحانی، یان دەرونی پێك هاتووە، سەرخانی فەرهەنگەکەی خۆی، وەك ڕەگێکی ژیان لەسەر کرد، بەبەڕێوەبەری کۆمەڵگە، پێناسەی دەکات و بۆ هێشتنەوەی، قوربانیی بەهێز بۆ دەدات. وەك لە ئەهوندگات، یەسنای ٣١، های هەژدەهەمدا، هاتووە" هیچ کەس لەئێوە، نابێت گوێ بۆ ووتاری دێوپەرستەکان بگرێت. چونکە، ئەوانە، خانوو و ماڵ و دێهات و شار و ئاوەدانییەکان، دووچاری نەبوونی و هەژاری و کەساسی و بەدڕەوشتی دەکەن. بۆیە، پێویستە ئەوانە، هەرهەموویان، بەهێزی چەك، لەناو ببرێن و لەخۆتان، دووری بخەنەوە".

خەسڵەتی چاك و خراپ، لەدیدی زەرەتۆشتراوە، ڕاشکاوانە، شیکراوەتەوە و لەزۆرانبازیی ناو ناخی هەرتاکێك پێك دێت کە بەچ ئاراستەیەکدا، هەنگاویان پێ دەنێت. بۆیە، بەلای زەرەتۆشتراوە، مرۆڤ، پێویستە، هەمیشە لەقۆناغی یاخیبوونی ناو ناخی خۆیدا بێت. زۆرانبازی و ململانێی بەردەوام لەگەڵ ڕاست و هەڵەدا بکات. وەك لە ئەهوندگات، یەسنای ٣١، های نۆزدەهەمدا هاتووە" لەوکەسانە دەبێت گوێ ڕابگریت کەلەگشت کارەکانیاندا ڕاست بن. هەروەها، لەو زانایانەی کەدەرمانی زامەکانی مرۆڤ دەکەن. هەروەها، دەبێ گوێ لەوانە ڕبگریت کەبۆ چەسپاندنی گوفتار و بیروباوەڕەکانیان، بۆناو ئاگریش ڕۆدەچن. هەر ئەو ئاگرەی بۆ هەردوو لایەنی چاکە و خراپە، هەڵدەگیسێنرێت".

بیرکردنەوەی لۆژیکی، زامنی سەرکەوتنی زەرەتۆشترا بووە. هەر ئەمەش وایکردووە کە زەرەتۆشترا، وەك پەیامبەرێکی ژیاریی سەردەمەکەی خۆی بناسرێت. بێجگە لەوەش، تەواوی ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە کە کۆمەڵگەی ئەودەمە، لەنێو ژیار و ژیانیاندا، پێوەی دەیانناڵاند.

زۆرێك، سەرچاوە، دەربارەی زەرەتۆشترا و پەیامەکەی هەیە. زۆربەیان، لایەنە ڕوحییەکانیان وەك خۆی پێکاوە. بەڵام، هیچیان، لەمەڕ پرسی کۆمەڵناسییەوە و هەروەها، لەمەڕ پرەنسیپ و بنچینەکانی لۆژیکی زەرەتۆشتراوە، نەیانتوانیوە تێراومان بکەن. زۆرێك کەلەمەڕ زەرەتۆشترا و پەیامەکەیەوە نوسیویێتی، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە کانگای بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەکانی بدەنەوە، جارێ جەنگی دژ بەیەکی مێژووی سەرهەڵدان و جێگەی لێژیانی زەرەتۆشترایان کردووە. کە هیچ بەردێکی لەسەر باڵەخانەکەی زەرەتۆشتراییەت، دانەناوە. چونکە، ئەو ناوچانەی ئەوان کردویانەتە جێگەی مشتومڕ، یەك ناوچەی فراوانی خاوەن فەرهەنگ بوون. ئەمەش، لە هێزی لۆژیکەکەی کەم ناکاتەوە.

هیچ کەسێك، لەخۆی ڕانەبینیوە، بەشێوەیەکی مەیدانی، کەلەگەڵ عەقڵیەتی هەنوکە و ئەوکاتی کۆمەڵگەدا بگونجێت، دەست بۆ لۆژیکەکەی بەرێت. بەڵکو، سرودەکانی، وەك تەشی، بەبێ هەڵوێستە کردن لەسەر پێتەکانی ژیان و تێفکرین و کردار و ڕەوشتی تاك و کۆمەڵگەی ئەوکات، دەڕێسنەوە. ئەم ڕستنە بێ ئەنجامەش، لەتاقەتی لۆژیکەکەی کەمکردۆتەوە و لە فکرەوە، کردویانە بە سروش. هەرچەندە، بەندە، دەست نابەم بۆ جیاکردنەوەی پەیامەکەی زەرەتۆشترا، لەسروش. بەڵکو، گەرەکمە خاڵە ئاڵتوونییە لۆژیکییەکانی بناسێنم و شیان بکەمەوە. وەك ووتم، پێم وایە، بیرکردنەوەی لۆژیکیانەی زەرەتۆشترا، خاڵی پتەوی زامنکردنی سەرکەوتنی بووە. ئەمەش، بەشۆڕبوونەوەی بەناو چەق و چڵەکانی کۆمەڵگەدا، دەستەبەری کردوون و هەموو ئەو زانیارییانەی لەخۆ گرتووە کە کۆمەڵناسێکی هەنوکە و لەم چەرخەدا، درکیان پێ دەکات.

زەرەشۆشترا، تاکە پەیامبەری ڕاستەقینەی بەرگریکردن بووە لە ( ڕاستی). چونکە، لەلای ئەو، ڕاستی، موتڵەق نەبووە. بەڵکو، ڕاستی، چەردەیەك بووە لە ژەکی عەقڵ. عەقڵیش، وەك ژیاری شوناسی مرۆڤ، بۆ جیاکردنەوەی لە ئاژەڵ، هەڵگری کۆمەڵێك زانیاری بووە کەلەرێگایەوە، پەی بە ژیان براوە. لەناو ژیانیشدا، کە مرۆڤگەلی هەنوکە و ئەوکات، بەکۆمەڵ ژیاون و دەژین، هەرکەسە و بەجودا، کەسێتی و خوڕەوشت و بیروباوەڕی خۆی هەبووە و ئەمانە هەموو، بەیەکەوە کارلێکیان کردووە و فەرهەنگیان پێك هێناوە و پێی ناسراونەتەوە. بۆ ڕێکخستنی ئەم حەشاماتەش، پێویستیی بە لۆژیکێکی ئەقڵانی هەبووە و لەو نێوەندەدا، پەرتوکی( ئەوێستا) ی بەرهەم هانیوە.

زەرەشۆشترا، لێزانانە، بەووریاییەوە و لەپەیامەکەیدا، توانیویەتی تەواوی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە، لەبێژنگ بدات و هەرهەموویان، لەدیدێکی لۆژیکانەوە و زانستیانە، بپاڵێوێت. کەگرێیەکی لەمێژینەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کردەوە کەنەیانتوانیبوو نیشانە عەقڵانییەکان بشکێنن و لەدیدێکی خورافیانەی باوەوە، لەدەوروبەریان دەڕوانی. ئەو، بەبەرهەمهێنانی ئەوێستا، جیهانی لەرزاند و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەپێودانگە عەقڵانییەکاندا کرد.

زەرەشۆشترا، لەئەوێستادا، بەڕوونی دیارە کە لێکۆڵینەوەکانی، لەناو پانتاییە جیاجیاکانی فەرهەنگ و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگەدا، ئەمدیو و ئەودیو پێکردووە و هەرهەموویانی بەبێ بازدان بەسەریاندا، لێکداوەتەوە. جۆگەلە بچوکەکانی لەیەك ڕودخانەی لۆژیکیدا، تێکەڵ بە جیهانی بیرکردنەوە دانسقەکانی خۆی کردووە. بەم ڕێگایەش، توانیویەتی کوانووی هەزاران ساڵی کوژاوەی مرۆڤایەتی، پڕ بکاتەوە لە بشکۆی گەشاوەی دیدوتێڕوانینە عەقڵانییەکان و جارێکیتر، شوناسی بۆ مرۆڤ، داڕشتوتەوە.

ئەوێستا، ئەوەی کەهەنوکە لەبەردەستە، بەمێژوویەکی دوور و درێژدا تێپەڕی کردووە. ئەو زەرەشۆشترایانەشی کەلەهندستانن و پەرتوکی ئەوێستایان، وەك دیارییەکی گەورە و گران، هەم بەدەمی و هەم بەنوسین، بۆ ئێمە خستووەتە بەردەست. هەروەها، ئەو دەقەی ئەوێستا، کەهەنوکە، لەبەردەستە، هێشتا نابێتە سەرچاوەیەکی تەواو بۆ تێگەیشتن لە دیدەکانی زەرەشۆشترا. چونکە، ئەگەر، زانیاریی وورد، لەمەڕ مێژووی ئەو سەردەمە و شێوەی ژیانی کۆمەڵگەکەی هەنگاو بەهەنگاو وەرنەگرین، ئەوا، هەرگیز ناکرێت لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی ڕاست ودروست و لۆژیکیانەمان دەستگیر ببێت. هەر چۆن، ئیبن خەلدون، لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا، دەربارەی نوسینەوەی مێژوو و مێژوونوسەکانەوە دەڵێت" هەواڵی وولاتان و بەسەرهات و ڕوداوی چاخەیەکەمینەکان کۆدەکەنەوە و بۆمانی دەنوسن. وێنەیەکی داڕنراومان لەناوەڕۆکەکانیان بۆ دەگوازنەوە. وەك شمشێرێك لەکێلان دەرهێنرابێت".

بەپێی ئەم پێودانگەی ئیبن خەلدون، گەورە بیرمەندی عەرەب، هەموو ئەو مێژووەی گەیشتوتە دەستمان، مێژوویەکی کەرتکراو و نیوەناچڵ و ناتەواوە. بەتایبەت، مێژووی سەرهەڵدانی زەرەشۆشترا و بەرهەمەکەی کە وەك لێکۆڵەران، کۆکن لەسەری نزیکەی سێ هەزار ساڵ، لەمەوبەر بووە.

بۆ ئەمەش، جەلال ئەمین بەگ، لەپەرتوکەکەیدا ( ئاوێستا)، دووای لێکۆڵینەوەیەکی وورد و بەکارهێنانی دەیان سەرچاوەی مێژوویی، لەلاپەڕە ( ٢٠) دا، نوسیویەتی" زۆربەی نوسەرانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، نوسیویانە کە ساڵی ٦٦٠ ی پێش زایین، لەدایك بووە و لەساڵی ٥٨٣ ی پێش زایین، کۆچی دووایی کردووە". کەچی بەپێی ساڵنامەی زەرەشۆشترای کە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەرنەهاتووە لەدایکبوونی زەرەشۆشترای مەزن دەگەڕێنێتەوە بۆ ١٧٥٤ ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسای مەسیح.

کەواتە، لێکۆڵینەوەکەمان، لەڕووی ماتماتیکییەوە بۆ ساڵی لەدایکبوون و سەردەمی ژیانی، پشت بەم هەنگاوە شیکارییەی سەرەوە نابەستێت و هەوڵی یەکلاییکردنەوەی فەرهەنگ و شێوەی ژیانی ئەودەم، لەگەڵ بابەتەکەدا، دەگونجێنین. کەدڵنیام، شارێگەکەمان دۆزیوەتەوە. بەڵام، ئەم دۆزینەوەیە، ئاسانکارییەکی ئەوتۆمان بۆ ناکات، ئەگەر بەتەواوی شارەزای مێژووی ئەودەمەی کۆمەڵگا و پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمە نەبین. مەگەر لەڕێگای تێکستەکانی زەرەشۆشتراوە لەئەوێستادا بێت کە ڕەگەزێکی لۆژیکیانەی عەقڵانیی هەیە. هەروەك ئیبن هەیسەم، لە پەرتوکی ( ئەلمەنازر) دا، دەڵێت" سەرنجی زۆرێك لەڕاو بۆچوونەکانم داوە و دەبینم هیچ هودەیەکیان نییە. ڕێچکەیەکمان بەرەو هەق ناخەنە بەردەم و ڕێبازێکی باشیشمان نیشان نادەن بەرەو ڕێ ی دڵنیاکەر. لەئەنجامدا، هەستم کرد، ناتوانم بگەمە هەق. مەگەر لەڕێی ئەو بۆچوونانەوە بێت کە ڕەگەز و پێکهێنەرەکەی مەسەلە هەستییەکان بێت و فۆرمەکەیشی پرسە عەقڵییەکان بێت".

کۆمەڵگە، لەهەموو سەردەمە جیاوازەکاندا، بەدووای ڕەگەزەکانی خۆشگوزەرانی و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان دەکەون و تەقەڵای دۆزینەوەی ئاسانترین ڕێگا دەدەن بۆ پێگەیشتنیان. هەموو ئەو پێداویستیانەشی کە پێویستیی هەمیشەییانە، باسیان لێکردووە و هەوڵی پاراستنیان داوە.

زەرەتۆشترا، هەمیشە، زانستیانە بەدووای کەرەستەکانی پێکهێنانی ژیاندا گەڕاوە. هەروا، بەقوڵایی پێکهاتەکانی ماددەی زیندوودا گەڕاوە و لە ڕەوان( ڕۆح) و لەدایکبوون و مردنی کۆڵیوەتەوە. لە پێهاتە بنچینەییەکانی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ و زیندەوەر و درەختی کۆڵیوەتەوە. ویستوویەتی بزانێت، ژیان، لەچەند پێکهاتەی سەرەکی پێك دێت و ئەوانە چین! وێڕای تاقیکردنەوەی بەردەوامی، بەناو ناخی خۆیدا، ڕۆچووە و تەواوی ژیار( عەقڵ) ی خۆی بۆ تێگەیشتن لەو نهێنیانە، خستۆتەگەڕ و تەونە جاڵجاڵۆییەکانی نهێنییەکانی ژیانی شیکردۆتەوە. تەنانەت، بەوەشەوە نەوەستاوە و دەستی بۆ پرسیارە وونبووەکانیش بردووە. بەمەش، ڕاستیی بەرهەم هانیوە و کۆمەڵگەی بەشێوەیەکی لۆژیکانەی زیرەکانە، ئاراستە کردووە.

ئی. م . دیاکۆنۆڤ، لەکتێبەکەیدا، لەژێر ناوی( میدیا) دا لەلاپەڕە ٤٥٦ دا نوسیویەتی" لەسەدەکانی حەوتەم و شەشەمی پێش زاییندا، سەرزەمینی ماد، بنکەی پێشکەوتووی فەرهەنگی و ئاینی بووە".

کەواتە، سەرزەمینی میدیا و وولاتی خاوەن فەرهەنگی زەرەتۆشترای، لانکەی گەشەی مەعریفیی مرۆڤ بووە و تێیدا، بیرکردنەوە، کەرەگی گەشەسەندنەکەی لە زەرەتۆشترابیەتەوە وەرگرتووە، فەرهەنگ و ئاینی پێش خستووە و لەگەڵیدا، فراوانیشی کردووە.

ئی. م . دیاکۆنۆڤ، لەهەمان سەرچاوەدا دەڵێت" ئاوێستا، ئەڵێ، زەرەتۆشترا، لە رەغە( ڕەگە، ڕەی، هەمەدان) سەرۆکی ووڵات بووە. کاهینی گەورەی زەرەتۆشترابییەکان بووە. کاهینی گەورە لەوێدا، حکومەتی ئاینی بووە. واتا، سەرۆکی موغەکان، کاهینەکان بووە. سەرۆکایەتیی هێزی موغەکانی بەدەستەوە بووە.

کەواتە، زەرەتۆشترا، توانیوێتی، حکومەتێکی ئاینیی لەسەر بنەمای لۆژیکەکەی خۆی دابمەزرێنێت و خۆیشی ڕابەری بیردۆزەکانی خۆی کردووە. بەهۆی ئەوەی لەبنەماڵەی موغەکانیش بووە، بووە بە سەرۆکی کاهینەکانی موغ و بەم پلەیەش بووە بە سەرۆکی تەواوی روحانیەتی ووڵات. لێرەوە، گرنگی و کاریگەریی پەیامەکەی زەرەتۆشترا دەردەکەوێت.

زەرەتۆشترا، بۆ یاخی بوون زابوو. کۆمەڵگەیەك، کەلەوپەڕی بێدەربەستیدا بوو، چەنسی ئەوەی هەبوو کە زەرەتۆشترای تێدا بێتە ژیانەوە. هەر لەگەڵ گەورەبوونیدا، لێی یاخی بوو. ئەو، لەفەرهەنگ و یاساباوەکانی ناو کۆڵگا یاخی بوو. لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی ئەوان یاخی بوو. لەجەور و ستەم و چەوسانەوە یاخی بوو.

یاخی بوون، ئەوی کردە پێغەمبەرێکی زیندوو. پێغەمبەرێك، کەتوانیی جارێکیتر خۆی بنوسێتەوە. لێرەوە و لەیاخی بونەوە دەتوانین زەرەتۆشترا و لۆژیکەکەی بناسین. چونکە، ئەو، توانیی شوناسێکیتر بۆ مرۆڤ دابڕێژێت. لەناو چووارچێوەیەکی تردا، پێناسەی بکاتەوە. چونکە، مرۆڤ بوون، لەلای ئەو، لەناوئاخنی یاخی بوونەکەیدا ناسرایەوە. هەر بۆیە، لە ئێشتوگات یەسنای ٤٥، های حەوتەمدا هاتووە" سود و زیان، لەژێر ڕکێفی ڕاستیدایە. ئەو کەسانەی کە هەن و بوون و دەبن، زۆر باش دەزانن ڕەوانی ڕاستخوازان، دەگەنە ئاواتی خۆیان و لە ئەندێشەکەیان، بەختەوەر دەبن".

زەرەتۆشترا، پێش هەموو شتێك، جەمسەرەکانی ژیانی شوناسایی کرد. لەنێوانیاندا، چووار ماددەی سەرەکیی بۆ دروست بونی مرۆڤ و بونەوەرەکان دۆزییەوە:

یەکەم: ئاو

سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ و گیانداران و ڕوەکە. هەربۆیە، لە بیروباوەڕی پێشینەکاندا، لەناوچەی میزۆپۆتامیا و زاگرۆسییەکاندا، ئاو، وەك پەرستشێکی جێگیر، بونیادی بیرکردنەوەیان بووە. تەنانەت، قوربانییان بۆ کردووە و خوێنی ئاژەڵەکانیان وەك بەخشیش کردۆتەوە گۆلی ئاوەکانەوە کەبەلایانەوە، پیرۆز بووە. تاکو زەرەتۆشترا هاتووە و وەك ماددەیەکی بنچینەیی ژیانی زیندەوەران و مرۆڤ و ڕوەك و ئاژەڵ، ناساندوویەتی و قوربانیدان و بەپیرۆز تەماشاکردن و پەرستشی وەك بەشێك لەخورافات و خەیاڵپلاوی جادوگەرانە، ڕوون کردۆتەوە و بنبری کردووە.

وێڕای ئەمەش، ئاو، بەلای کۆمەڵگەی ئەو دەمەوە، سەرچاوەی سەرەداوی ڕزگاربوون بووە لەبێفەڕیی خاك و هۆکاری سەرەکیی کۆبوونەوەیان بووە لەسەر خاکێکی ئاودار. چونکە، ژیان، بەتەواوی بەندە بەبوونی ئاوەوە. هەرلەوێشەوە، ئاودێری پەرەی سەندووە و تەنانەت، ئاشی ئاویشیان، وەك نوێترین دەزگای پیشەسازی، بۆ ئاسانکردنی ژیان، دۆزییەوە کە بەئاو کاری دەکرد. واتا، هێز، وەك پەستان و پاڵنان، بۆ جوولاندنی بێگیانەکان، لەڕێگای ئاوەوە، ئەوپەڕی کارئاسانی بوو بۆ خەڵك، کەبتوانن هەنگاوێك لەئاسانکارییەکان، بچنە پێشەوە و بەمەش، سارستانیەت گەشەی زیاتری کردووە.

زەرەتۆشترا، کەلەتەمەنی ٢٠ ساڵییەوە، ژن و منداڵ و دایك و باوکی بەجێهێشت و لەئەشکەوتەکانی قەندیلدا، سەرقاڵی بەدوواداگەڕان و تاقیکردنەوە بوو، لەبەهەڵمبوونی ئاو، سەری سوڕمابوو. تاکو ئەودەمەی لە بازنەی بەهەڵمبوون و بارانبارین و بەسەهۆڵبوونیدا، خولگەیەکی تەواوی لەو سیستەمە بەردەوامەی وەرگرت و بۆی دەرکەوت، کە ئاو، لەدەورانێکی بەردەوامیدا، لەبوونییەتی زەویدا هەیە و تاکو زەوی بسوڕێتەوە و لەژیانیدا بێت، ئەوا، ئەو پرۆسەی ئاوە، بەهۆی ووزەو گەرمیی خۆرەوە، بەردەوام دەبێت. هەر ئەمەش بوو کەوای لێکرد، بڵێت( ئاو بەشێکە لەپێکهاتەکانی مرۆڤ).

دووەم: گەرمی

هۆکاری بەهەڵمبوونی ئاو بوو و خۆر، سەرچاوە سەرەکییەکەی بوو، بووە بەشێك لە تێڕوانینەکانی زەرەتۆشترا و سەرچاوەی دروستبوونی ژیان. بەمەش، هەنگاوێکیتر، چووە پێشەوە و گەرمی، یان ئاگر، یان خۆر، چووە ناو بیردۆز و نهێنییەکانی زانستەکەیەوە و ڕایگەیاند" خۆر، یان گەرمی، یان ئاگر، بەشێکە لەپێکهاتەکانی مرۆڤ و سەرچاوەی ژیان و بوونە).

سێیەم: خاك

یان بەگشتی تەواوی ماددەکان، لەگێتیدا، بەلای زەرەتۆشتراەوە، لەپێکهاتەی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران و ئاژەڵان و ڕووەکدا، بوونیان هەیە و هەموویان، لەخاك دروست بوون. هەر بەمردنیان، شی دەبنەوە و دەبنەوە بەخاك. بۆیە ووتی" مرۆڤ و زیندەوەران و ڕوەك و ئاژەڵەکان، لەخاك دروست بوون و دەشبنەوە بەخاك).

چووارەم: هەوا

کەکۆی گشتیی گازەکان دەکات، بەلای زەرەتۆشتراەوە، هەندێك زیانبەخش و هەندێك سوودبەخشن. ئەوانەی سوودبەخشن، سەرچاوەکانیان ڕووەکە و ئەوانەشی زیانبەخشن، زۆربەیان لەدوریی ئێمەن. هەندێکیان نەبێت کەخۆمان دەستکردیین وەك لەسوتاندنی دارودرەختدا، دروست دەبن. بۆیە، پێویستە، هەرکەسێك ئاگر دەکاتەوە، دەبێت، دەمی خۆی هەڵبپێچێت. ئەم دۆزینەوەیە هەرچەندە ناوێکی نەبوو، بەڵام هەنوکە سەلمێندراوە کەلەسوتاندا، لەژێرەوەی ماددەسوتێنراوەکاندا، یەکانە ئۆکسیدی کاربۆن دروست دەبێت و ئەمەش زیانبەخشە. بۆ پرسی هەواش، زەرەتۆشترا ووتی( تەواوی جەستەی مرۆڤ هەوایە. بەڵام چووەتە شێوەیەکی ترەوە. هەرکاتێك کەمردین، دەبینەوە بەهەوا).

ئەم دۆزینەوانەی زەرەتۆشترا، کەبۆیەکەم جار بوو، ڕژانە ناو بیرکردنەوە و فەرهەنگ و زانیاریی کۆمەڵگەوە، تورەی کردن. هەر بۆیە، پەلاماری دەدەن و شاربەدەری دەکەن و ئەویش، ڕوودەکاتە شاری ڕەی( هەمەدانی ئێستا) و لەوێ، بەهۆی تێگەیشتوویی و زیرەکی و دانایی ( گوشتاسب) پاشای ئەودەمی ئەوێندەر، دەگیرسێتەوە و پەرە بە بیردۆزەکەی دەدات.

ووردبوونەوە و یەککاڵاکردنەوە و لێکۆڵینەوەی وورد، لەمەڕ لۆژیکی زردەشتەوە، دەمانباتەوە بۆ جێگایەك کە نەسەری هەیە و نە ئاسمان. هەر وەك ئەو مەلەوانە وایە کە مەلەوانی لەزەریایەکدا بکات. چونکە، زەرەتۆشترا، لەناوکۆمەڵگەی دوواکەوتووی ئەودەمی ژەنگاوییی پڕ لەململانێ و کوشتن وبڕیندا، نەك هەر داهێنانێکی فەرهەنگی و فەلسەفیی کردووە. بەڵکو، داهێنانێکی زانستییشی کردووە و لەتەواوی پنتەکانی ژیانی کۆڵیوەتەوە و بەوودی و زانستیانە، باسی لێوە کردوون.

ئەوەتا، زەرەتۆشترا، لە ئەهنەوەدگات، یەسنای ٢٠ دا و لە بڕگەی ٣ دا دەڵێت: دوو گەوهەری هاوزادە( بوون و نەبوون)، بەر لەدروستبوونی جیهان پەیدابوون. لە هەمان یەسنا و لەهای ٤ دا دەڵێت: کاتێك ئەو دوو گەوهەرە گەیشتوونەتە یەکتر، ژیان و مردن پەیدابوون.

کاتێك، بوون یان نەبوون، لەوپەڕی نرخپێدانییەوە، دەبێتە، چەقی بابەتی بوون و بیرکردنەوە ئاڵۆزەکانی نزیکەی چووار هەزار ساڵی لەمەوبەری زەرەتۆشترا، داگیر دەکەن، مانای ئەوپەڕی بەهێزی و کرانەوەی لۆژیکەکەیەتی. کەتێیدا، بنچینەی گەردوون، لەبون و نەبوونەوە، دەستنیشان دەکات. ئەم لێکدانەوەیەی زەرەتۆشترا، کەتاکو هەنوکە، ڕەگی لەناو داهێنان و دۆزینەوەکاندا داکوتاوە، نەپساوە و بەردەوامە. کەلێوەی دەردەکەوێت، گەردوون، لەدووانەی گەوهەری بوون و نەبوونەوە سەریهەڵداوە و لەوێوە، جیهانی ئێمە، پەیدا بووە. کەواتە، سەرەتای بیرکردنەوەکانی لە دوو گەوهەردا، جێکردۆتەوە و زۆر کورت و پوختی کردوونەتەوە. ئەم بیردۆزە، لە بیرکردنەوە و مامەڵە و ڕەوشت و کەسێتیی مرۆڤەکانیشدا، جارێکیتر وێنای کردۆتەوە و هەموویانی بەململانێییەکی بەردەوامەوە بەستۆتەوە. هەرچۆن، چاك لەگەڵ خراپدا و ڕاست لەگەڵ هەڵەدا و خۆش لەگەڵ ناخۆشدا و سەرمایەداری لەگەڵ هەژاریدا و لەش ساخی لەگەڵ نەخۆشیدا و ... هتد.

پرسی ژیان و مردن، كه نهێنییەكی پەنهان و نادیارە، تاكو ئێستا، بەدوواداگەڕانی بۆ دۆزینەوەیان، بەردەوامە و هیچ ئەنجامێكی لێ نەكەوتوتەوە. جارێكیتریش، دووگەوهەری هاوزادە، دروست نابێتەوە تاكو ژیانێكیتری لێوە دەست بخرێت.

دوو گەوهەرە هاوزادەكە، دەبێتە خۆزگەی چارەسەرییەكانی باشتركردنی ژیانی كۆمەڵگە و هەڵهێنجانی هۆكاری ڕوودانیان. یان هەمان دوو گەوهەری هاوزادە، لەلای ئەو، بیركردنەوەی كۆمەڵگەیان داگیر كردووە و بڕیاردان لە هەڵبژاردنی دەرەنجامەكانیدا، لەلایەن، پێشەوایان و سەرداران و بیرمەندەكانەوە، دەبێتە كێشە و لەهەر هەڵبژاردنێكیاندا، كێشمەكێشمی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیان لێ پەیدا بووە. هەربۆیە، لەهەمان جێگادا و لەهای ٦ دا، دەڵێت: لەنێوان بیرخاساندا( بیرمەندان)، لە كۆبوونەوەیان، بۆ توێژینەوەی ئەو دووگەوهەرە، ناكۆكییان تێكەوت و بەهەڵەدا چوون. بەدترینیان پەسەند كرد. بەمەش، خەڵك، كەوتنە هێرشی سەر یەكتر و كەوتنە گیانی یەكتر و تاهاتووە مرۆڤیان هەراسان و مایەپووچ كردووە.

ئەم كێشمەكێشم و كێشە و جەنگ و ململانێ بەردەوامانە، كەژیانی خەڵكیان لەسەر زەوی نابوت كردووە، وای لە زەرەتۆشترا كردووە كەلە هەمان جێگادا و لەهای ٩ دا، بڵێت" ئاوات و خواستی ئێمە ئەوەیە كە ژیانمان وەك كەسانێك بەرینە سەر كە مرۆڤیان بەرەو ڕاستی بەڕێ كردووە. تا بەهۆی بیرو هۆشی خۆمانەوە، بگەینە ئەو شوێنەی كەسەرچاوەی زانین و زانیارییە".

لێرەوە، بانگ لە كۆمەڵگە دەكات، بۆ ئەوەی ژیانێكی شایستانەی بەختەوەر و یەكسان، ببەینەسەر، باهەموومان فێر بین و بەدووای ڕاستیدا بگەڕێین. كەبەدۆزینەوەی، ڕاستی، دەتوانین ئەو خواستەمان دەستەبەر بكەین.

لەناو كۆمەڵگەی شمشێرەكانی ئەو دەمەدا، قورس بووە كە فەرهەنگێكی نەرم و مەعریفی، كاریگەریی خۆی دابنێت و ببێتە بەشێك لە بیركردنەوەكانیان و ڕەوشتیان بگۆڕێت. بەڵام، زەرەتۆشترا، بەو لۆژیكە نەرم و نیان و ئاشتیانەوە، توانیویەتی هەموویان، بەهۆی گوتارەكانییەوە، ڕاپێچی ناو باخەكانی خۆی بكات.

ئەوان، گیرۆدەی دەستی ئاین بوون. لەگەڵ سەرەك هۆز و پاشا و خاوەن دەسەڵات و خاوەم زەوی و سوپا بێشومارەكانی گەورەكانەوە و لەژێر ئەشكەنجەی دەرونی و جەستەییدا، دەتلانەوە. هیچ ڕۆشناییەكیان نەبوو تاكو ڕووی تێبكەن و هیچ دەلاقەیەكیش نەبوو تاكو دەستیان بە ڕۆشنایی ڕابگات. زۆرینە، ڕەش و ڕووت و بێ خزمەتگوزاری و بێدەرەتان و بێنان و ئاو بوون. پەرت بەرت و نەخوێندەوار و بێئاگا و داخراو بوون. بەڵام، ئەو، بەلۆژیكەكەی خۆی، توانیی، هەموویان بكات بەیەك و لەكەمترین ماوەدا، پڕزانیارییان بكات و سیستەمی ژیانی بەڕێوەبردنیان پێ بگۆڕێت و زەوییان بۆ بكات، بەبەهەشتی جاویدانی.

ڕەوانبێژی، كە لە دووەم پنت و هەنگاوی ئەندێشەكانیدا و گوفتاری چاكدا نواندوویەتی، هەموو گۆشەداخراوەكانی بڕیوە و تا ئەوپەڕی توانا بێشومارەكانی مرۆڤ ڕۆیشتووە. تەنانەت، هەر بە هۆی شێوەی ئاخاوتن و دەربڕینە جاویدانییەكەیەوە، توانیویەتی زۆرینە بەلای خۆیدا ڕابكێشێت و بەمیهرەبانییەكەی گۆشیان بكات.

گۆشكردن و ڕامكردنی كۆمەڵگە، لەلای زەرەتۆشترا، بەشێوەیەكی زانستیی و ڕەوانبێژی، زەمینەیەكی لەباری بۆ ڕەخساندووە تاكو لەڕێگایەوە توانیوێتی بەئاسانی بنەماكانی گۆڕانكاری بكاتە خواستی خەڵك. چونكە، ئەو، دەیزانی لەكوێوە دەست پێدەكات و لەكوێش دەیانخاتە كارەوە. یان چۆن خەڵك بۆ خواستەكانی خۆیان، بوروژێنێت و كۆیان بكاتەوە و پاشان، ئاراستەیان بكات.

ئیبن خەلدون، نزیكەی دووهەزار ساڵ، لەپاش ئەو، لەپەرتوكە بەناوبانگەكەیدا، دەڵێت" خێر و چاكەیەكی زۆر، دەستەبەر و مسۆگەر نابێت، مەگەر بەبوونی كەمێ خراپە نەبێت". كەچی زەرەتۆشترا، هەر ئەوكات، گوتوویەتی" خۆشی و ناخۆشی، بەهۆی خواستی خۆمانەوەیە" و لە سپەنتەمەدگاتدا و لەیەسنا، هاتی ٤٨ دا و لە بڕگەی ٧ دا، هاتووە" دەبێت توندوتیژ بیت تاكو كینە لەناخدا نەهێڵیت. دەبێت بەرامبەر زۆرداران و ستەمكاران، خۆت ڕابگریت و بەرگری لەخۆت بكەیت".

## لەودیو ئێمەوە

بەپێی عیرفانی زەرەشتترا، لەناو ململانێی بیرکردنەوە دژبەیەکەکانی هەرتاکێکدا لەناو کۆمەڵگەدا، ئارەزوو، یان هەوەسی بەدووداگەڕان و دۆزینەوە، بۆ گرتنەبەری ڕێگاچارەیەك، تەشنەنەدەکات و بەمەش، بەهێواشەکی دەگشتێنرێت و وێنەیەکی زانستی، یان فەلسەفی، لەناوبیرکردنەوەی کۆمەڵگەدا، گەشە دەکات. تا ئەم گەشەکردنەش بەردەوام بێت، ململانێ و بەریەککەوتنی توندوتیژی و جەنگ و پێداهەڵپرژان، لەنێوان خۆی و پێشینەکەیدا، بەردەوام دەبێت. بۆ ئەمەش قوربانیی دەوێت، ئەو قوربانیانەی سوتەمەنیی ڕێچکەی بەئەنجام گەیاندنیەتی.

بنچینەی فەرهەنگی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کوردی، لەسەر بنەمای ئاینێکی ڕەق هەڵچنراوە. لەوێشەوە، فەرهەنگی سیاسیی وەك بیردۆزی ڕۆحانیی ئاینی، لێکەوتۆتەوە. بەم پێیە، هیچ کەرەستەیەك نییە، لەئاین، دووری بخاتەوە. چونکە، شارەگی بیرکردنەوەکانی بەخۆیەوە شەتەك داوە و بەگەردە فکری و فەرهەنگییەکانی ئاڵودەی کردووە. بۆ لابردنی ئەم بارەقورسەش، تاکە ڕێگا، بەلەجیاتیدانانی سیستەمێکی نوێخوازە کە ئاین و فەلسەفەی زەرەشتترایی، بەپێی بیردۆزی مێژووکردی ژیان، بەبێ ئەوەی بەدەستی خۆی بێت، جێگەی پێ لەق دەکات و بەهێواشی لەبنەوە بۆشی دەکات.

ئاڵودەبوونی فەرهەنگی نەتەوەیی کورد بەم ئاینە ڕەقەی ئێستا هەیەتی، لەسەرووی سروشتی کۆمەڵگەوەیە. بەجۆرێك، کۆمەڵگەی، لەتەواوی بەهەرەکانی دادەماڵیوە و لەژێرزەمینی جیهانێکی خەیاڵیی دوور لەواقعی خۆی، زیندانیی زیندانیی کردووە. کۆمەڵگەی کوردیش، کە هەنوکە عەمباری ئەو چەشنە فەرهەنگیە و بەتاڵکردنەوەی، مەودا و کاتێکی لەخۆی فراوانتر و درێژتری گەرەکە. قوربانیدانی لەڕوانگەی فکری و ئایدۆلۆژی و فەرهەنگییەوە گەرەکە کە تێیدا کۆمەڵگە بەتەواوی بڕیار لەسەر گۆڕینی ڕیشەیی ئاینە باوە ڕەقەکەی بدات و ئاینە نەرم و نیان و زانستییە مێژوویەکەی خۆی هەڵگرێتەوە کە ئاینی زەرەشترایییە.

ئاڵۆزبوونی دەردەکانی ناو کۆمەڵگە، بەندە بە گوزارشتی چۆنێتیی تێفکرینی کۆمەڵگەوە بۆ دەستەمۆبوونیان بەئاین. هەر تاوتوێکردنێکی دیرۆکیانەی مێژوویی، کەرەچەتەیان ئاین بێت، ئەوا بەردەوام، تەقەڵای بەدیهێنانی بارودۆخێکی گونجاو دەکات، بۆ ئاوێتەبوون. لەهەر هەنگاوێکی گۆڕانکاریی وەسیلەکانی بەرهەمهێنان و کرانەوەی زیاتر و دۆزینەوەی نوێدا، ئاراستەکەی، تۆختر دەکاتەوە و شەپۆلی تێکەڵاوکردن، هروژمی زیاتر دەهێنێت. بەهەر وەسیلەیەك بێت، پڕ بەپێستی سەردەمەکە، بەڵگەی بۆ دروست دەکەن، کە بیگونجێنن. بەمەش، وەك لاستیك، دەیکشێنن و لەهەرکاتێکیشدا، پێویست بکات، وەك ئیسپرینگ، دەیهێننەوە یەك.

ترسناکیی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە پێوانەیەکی سەپێنراو، لەڕاستیی موتڵەق( نەگۆڕ) بۆ هێزە عەقڵانییەکان دادەنێت و لەچوارچێوەی هێزێکی زیندووی ڕۆحانیدا، کۆیدەکاتەوە و وەك توخمی سەرەکیی خاك یان نیشتمانی بیرکردنەوە، دایدەکوتێت و بەزیندوێتی، لەناو مێژووی ژیانی کۆمەڵگەدا، دەیهێڵێتەوە. لێرەوە، ڕەچەڵەك، خێڵ، بیروباوەڕ، سنوور، نیشتمان، داگیرکردن و فراوانخوازی، پاوانخوازی، دەستەمۆکردن و کۆیلایەتی، بەخۆیی کردن و لەکۆتاییدا، توانەوە، دەبێتە کۆمەڵێك چمکی چارەسەرنەکراو. هەر گۆڕانکارییەکیش، لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بکرێت، بەم فەرهەنگە، زاخاودەدرێت و تەنها، لەشکڵدا گۆڕانکاری دەکرێت. بەڵکو، ئەگەر ووردیان بکەینەوە، هەر ئەو چمکانەن و بەرگێکی تریان، بەکۆمەڵێك ووشەی زەنگیانە ڕەنگاوڕەنگەکان، بۆ داتاشیوە. وەك چۆن کۆمەڵگەی کوردی، لەناو هزرێکی داخراودا، ناتوانێت، بیرکردنەوەی ئازاد، ڕازی بکات. چونکە، دەسەڵاتی کوردی، لەناو بازنەیەکی ئاینیی ڕەقدا، کە بنچینەی دەستوور و یاساکانی لەسەر داناوە، ناتوانێت، خۆی لە شەرم، بکاتەوە. هەر ئەوشەرمەی کە بۆ بەرهەڵداکردن و دەست لێ بەردانی، پێویستیی بەقوربانیدانە.

تێۆرە ئاسمانییەکان، کەداهێنەرەکانیان، مرۆڤن و سەر بە خانەوادەی دیاردە سروشتی و ڕووداوە زەمینی و گەردوونییەکان و مێژووی ژیانی مرۆڤن( سروشتی گشتێنراو)، لێکۆڵینەوە سیستماتییەکانی ڕێکخستنەکانی عەقڵی مرۆڤ، بۆ چاولێکردنی دەوروبەر دەگرێتەوە. کەتێیدا، میکانیکیانە، وەك دەزگایەك، فۆرمەلەی کردووە و

چوارچێوەیەکی میتافیزیکیی بۆ داناوە کەلەگەڵ مەنتیق دا، یەکبگرێتەوە. هەرلەوێوە، شوناسی خۆی، وەك بەهرەی عەقڵانی ناساندووە و بووەتە، دەسەڵاتداری خاوەن پرەنسیپی فەرهەنگی ئەودیو خۆی. ئەم تیۆرییە ئاسمانییە، کۆڵەکەی ئەودیو فەرهەنگی خەڵکی کوردە و فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ دۆزینەوەی چمکەکانی ئەودیو فەرهەنگەکەی کەڕۆشناییەکی زیاتر دەخاتە سەر سروشتە گشتێنراوە عەقڵیانەکەی.

فەرهەنگی ئەو دیو مرۆڤ، لەکۆمەڵگەدا، لەنێوان کاریگەریی زانست و گرفتەکانیدا، بەتۆپەڵێك، ڕەخنە، بۆ ڕیفۆرمکردنەوە، گەشەی زیاتر دەکات. دەیانکات بەڕێباز و ناوبانگی دەداتێ. تاکو لەبەردەبازێکدا، سودیان لێوەربگرێت و سەردەمەکەی پێ بناسێتەوە. وێڕای ئەوەی، مرۆڤ، تاکو تواناکانی بۆدۆزینەوەی ماددەکانی سەرزەوی و ناو گەردوون، چاپوکانەتر بێت و توێژینەوەی وورد و سەرنجڕاکێش و پڕ دەستکەوتتر بن، هەنگاوی زیاتر دەنێت. بۆڕێکخستنەوەی جارێکیتری کۆمەڵگەش، پێویستیی بە دەستوور و یاسای نوێتر و جیهانگیریانە دەبێت. شوازێکی نوێ، دێنێتەکایەوە و لەجێگایەك و لەناو کۆمەڵگەیەکدا، تاقیی دەکاتەوە و لەسەرکەوتنیشیدا، فراوانی دەکات. تەنانەت، ئامادەیە جەنگیشی لەپێناودا هەڵبگیرسێنێت و لەکارەساتەکانی پشت ئەم جەنگەش سڵ ناکاتەوە، چونکە، بە( جەنگی حەق) ی دەکات و ماف و ڕەوایەتیی پێ دەدات. وەك چۆن، سەرۆك، لەناو شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی نەتەوەی کوردا، جێگای عیبادەتی ڕۆحیی گرتۆتەوە، خووی، بە چەقی سەرۆکسالارییەوە گرتووە. ئەم وێنەیە لەسەرۆك، ڕق و کینەیەکی فەرهەنگی، لەهۆشیارییەوە، تێدا لەدایك دەبێت. هەمووان، دەیانەوێت ببنە سەرۆك و کەسیش ئارەزووی بەسەرۆك نایەت.

هەمیشە، فەرهەنگی ئەودیو کۆمەڵگە، لەکونجێکی زەحمەتدایە و دۆزینەوەی، بۆ تیم و گروپە دەسەڵاتدار و خاوەن نفوز و سەرمایەکان، تروسکەیەکی ئومێدبەخشە. چونکە، لەژێر ناوی ( ئامانج لەچاکسازی) دا، دەیئاخننە فێرگەگانی کۆمەڵگەوە و وەك زانستێکی نوێ، بەباڵایاندا، دایدەبڕن. بەمەش، گرنگیی ئەم زانستە دەردەکەوێت و نهێنییەکانی، بەچەپکێك، لەسیستەمی نوێ، ئارایشت دەکەن و کۆمەڵگەی پێ گێل دەکەن. لەم هەنگاوەشدا، گرنگترین قۆناغ، وەك نوێگەری، لەدایك دەبێت و بەتەواوی خۆی، بەکۆمەڵێك مرۆڤی ( دوواکەوتە، وابەستە) پۆشتە دەکات و پەرەدەستێنێت.

نمونەیەکیتر لەفەرهەنگی ئەودیو کۆمەڵگە لەناو کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەشێك لەئاسیا و بەشێك لەئەفریقاش دەگرێتەوە و ئاینە سامییە ئیبراهیمییە دوواکەوتووە ڕەقەکان تێیدا دەستەباڵان، لێوانلێوە لەگومانگەرایی عەقڵانی. بەبەردەوامی دیاردە و شێوازی بەیەکەوە ژیان و ڕێکخستنەکان، شی دەکاتەوە و دەستەواژەی نوێ و کەرەستەی داهێنراوی نوێ بۆ پینەوپەڕۆی دەقگەلێکی خوساو و کۆنی بێبایەخ و بێسود و سواو، دەخاتە بەردەست و بەردەوامی بەفۆرمی ململانێ دژ بە تەوژمی گۆڕانکاری دەدات. ململانێکان، بۆ پیادەکردنی خواست و بیرکردنەوە گونجاوەکان، کە زۆر جار، خاڵییە لەمەعریفە، دوورە لەزانست، یان، سەرچاوەی ڕق و کینەن، وێنەیەکی تر، لەچەوسانەوە و کۆیلەبوون، بەرهەم دەهێنن. هەڵبەتە، لەسەرەتاوە، هەمیشە، جوڵانەوەکان، لەسەر بنەمای خرۆشاندنی جەماوەر و کۆکردنەوەی سۆزیان، گەشەدەکات. لێ هەر ماوەیەکی کورت، تێپەڕی، مقۆمقۆی گوماناوی دروست دەبێت و جارێکیتر، ململانێ، کەزادەی فەرهەنگی ئەودیو کۆمەڵگەن، لەفۆرمێکی تردا، دەست پێدەکاتەوە.

فەرهەنگی ئەودیو کۆمەڵگە، لەبنمیچە سەختەکانی هەناوی دەستە دەسەڵاتدارەکاندان، کە بەڕێگەی ڕەخنە، بۆ فۆرمەڵەکردنی درزەکانی سیستەمەکەیان، پەرە، بە سڵەمینەوە و ناڕەزایەتی و نەیارەکانیان دەدەن و تەنانەت، جێگایان دەکەنەوە و پێگەیان دەدەنێ و بەتیۆری و بیردۆزەکانیان، لەناو سیستەمی خوێندندا، کۆمەڵگەیان پێ هۆشیار و بەئاگا دەکەنەوە. هەرلەوێدا و لەلایەکی دیکەوە، ئاین، بۆ درێژەپێدان بەژیانی بەرەیەکی دژ، دەژێننەوە و تێچووی قوربانییەکانیشیان پێشکەش دەکەن. ئەمەش، ئەو ململانێ بەردەوامەیە کەلەهەناوی خۆیاندا، گەشەی پێدەدەن و جیاوازیەکان، بەدەستی خۆیان، قوڵتر دەکەنەوە.

دەستە دەسەڵاتدارەکان، بەپێی زانستێکی قوڵ، سەبارەت بە وروژاندنی نەست، کار دەکەن و لەچووارچێوەی سەرهەڵدانە عەقڵانییەکاندا، تاکو کۆمەڵگە، لەدۆخی چەقبەستندا نەمێنێتەوە و بەردەوامی بەگەشەی خۆی بدات، دەیکەنە نەریت. بەمەش، فەرهەنگێکی گشتگیر و لەژێر ناوی ئاشتکردنەوەی فەرهەنگەکاندا، یان بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانەدا، بەیاسا، ڕێکی دەخەن. ئەمەش چاوگی تەشەنەکردن و بنیادنانی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە و بەدروشم و

بانگەشەی پێشکەوتن و سەقامگیربوونی ئاشتی و ئارامی و تەبایی کۆمەڵگەی پێ لەقاڵب دەدرێت. کەئەگەر هەردووك، لەتەرازوویەکدا، بۆ ناسینەوەیان، بەپێی مێژوو، سەردەم، ئاستی هۆشیاری و گەشەی زانستی و دۆزینەوەکان، بیانخەینە بەر لێکۆڵینەوە، هەردوکیان، ئاینن! یەکیان(ڕۆحانیی خۆکرد) و ئەویتریان( عەقڵانیی خۆکرد) ن.

وێڕای پرسە کۆمەڵایەتی و نەستەکانی تاك و گشتاندنی، بۆ گرێدانەوەی کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهان، بەیەکەوە و کۆکردنەوەیان لەژێر ساباتی سیستەمێکی نوێگەردا، سوود لە مێژوو، فەرهەنگ، زمان، جوگرافیا، دەوڵەمەندیی خاك و سامانی ژێرزەوی وئاو و هەوا و  توانای نەتەوە و ئاینزاکان وەردەگیرێت.

سیستەمە بەڕێوەبەرێتییەکان، بەگشتی، یاسا، بۆ ڕەوشت و عەقڵ و شێوەی بیرکردنەوە و کردارەکانی تاك دادەنێت. کەواتە، هەوڵ دەدەن، ڕەوشت و عەقڵ و شێوەی بیرکردنەوە و کردارەکان، بەیاسا( ئاینی لەقاڵبدراو) ڕێك بخەن و لەپرۆسەیەکی بەردەوامی پەروەردەییدا، کۆمەڵگەی لەسەر ڕابێنن.

سیستەمی مۆدێرن، پشت بە دەرونشکاریی قوڵایی ئەودیو فەرهەنگ و بیرکردنەوەی تاك دەبەستێت کە نەست، تێیدا، چاوگی بەدوواداگەڕانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانییەتی. بۆ ڕامکردنیشی، دەیچەپێنن. هەرچۆن زەرەتۆشترای مەزن لەشەش قۆناغی عیرفانی خۆیدا پێشکەشی کردووە بۆ ئەوەی سەرکوت نەکرێن و ڕاستەوڕاست بیانکەن بەدیاردەیەکی ئاسایی، دەیخەنە سەر ڕێچکەی زانستی بوون و پەروەردەی لەسەر بنیاد دەنرێت. تەواوی کۆششەکانی کۆمەڵگە، لەودیو فەرهەنگی خۆیەوە، ملکەچی دوو جەمسەری ڕاست و هەڵەیان دەکات. کەوەك گەوهەرێکی دووانە( سپەنتا( چاك) و ئەنگرا( خراپ))، بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا دابەش دەبن. کۆمەڵگەی کوردیش، لەمەخاڵی نییە و بەشێوەیەکی سروشتی بەڵام لاواز ئەم چەسپاندنەی لەفەرهەنگەکەی خۆیدا و لەژێر هەر هەژمون و هەر جوڵانەوەیەکی بەردەوامی مێژووییدا کۆکردۆتەوە و لەئێستادا زاوزێی پێدەکات.

دەسەڵاتدارەکان، لە جیهاندا، ( قەدبڕ) لەداهێنانە بەرچاوەکانی کۆی گشتیی کۆمەڵگەدا، دەستکەوتی فراوان پەیدادەکەن( کەلەودیو تێگەیشتنی فەرهەنگی کۆمەڵگەوە، شاردراوەن). چونکە، خۆیان، بەپێی داب، نەخشەڕێگاکە دەکێشن و لەدوتوێی فۆرمێکی سیاسیدا، بەگەڕی دەخەن و نێوی دەنێن( بەرنامە، یان نەخشەڕێگا، یان سیستەمێکی نوێ) ئەمەش بۆ ئەوەیە، پشێوییەکانی ناو کۆمەڵگەکانی خۆیانی پێ ڕێك بخەن و جارێکیتر، شوێنەوارەکانی فەرهەنگی پێشتر، لەگەڵ دۆخە نوێکەدا، بگونجێنن. تەنانەت، لەنێوان خۆشیاندا، جیاوازییان هەیە و بەهێز و بەهێزتر و بەهێزترین، هەروەها، لاواز و لاوازتر و لاوازترین هەیە.

قەوارە بچوکەکان، گوزارشت لەناجۆریی دووقۆزاخەی ( داخراو و ئاوێتەی نوێگەر) دەکەن، کەبەزۆری، کلکایەتی بۆ خۆگونجاندن دەکەن. ئەندێشەکانی ناو کۆمەڵگە، کە گرێدراوی بێدەستوپاچەیین، بەسەر چمکەکانی ( ئەودیو فەرهەنگ) دا باز پێ دەدەن. هەر لەبەر ئەمەشە کە زوو دەکەونە ناو تۆڕی ڕامکردنەوە و مل بۆ درێژەپێدانی ڕێگاکەی دەدات. بەوێنەیەکیتر، خۆی لەبەردەم کۆمەڵگەدا، نیشان دەدات و زلهێزەکانیش، بۆ ڕازیکردنیان و دامرکانەوەی نەیارەکان، گەورەیان دەکەن و وەزیفەیان پێدەسپێرێت. هۆکاری لاوازیی ئەم قەوارەبچوکانە ئەوەیە، لەئاینی عەقڵانیی خۆکرد ناگەن و نەیانتوانیوە، لە نهێنییەکانی ئەودیو فەرهەنگ بگەن. بەمەش، دەبێژن( سیاسەتی چەوت).

کۆمەڵگەکان، بەمێژوویەکی دوور و درێژدا، تێپەڕیون. سەردەمێکی جۆراوجۆریان، بەگەشەی مەعریفی و دۆزینەوەی نوێ بڕیوە. لەسەردەمێکدا، زەوییان بەتەخت، لەقەڵەم داوە. کەزەرەتۆشترا، هات و گوتی" هەسارەکان، وەك کۆمەڵێك هێلکە بەدەوری خۆیاندا و لەکاکێشاندا، دەسوڕێنەوە و زەویش، بەدەوری خۆردا،  بەردەوام لەجوڵەدایە" پاش ئەوە، بەهۆی ئەوەی کەزانست، نەیتوانیبوو، دەزگایەك بۆ بینینی ئەم تەنانە، دروسی بکات و بیسەلێنێت، محەمەد، ئەوەی ڕەتکردەوە و ووتی" زەوی تەختە و خۆریش، لەزەلکاوێك هەڵدێت و لەزەلکاوێکیش نوقوم دەبێت و ئاوا دەبێت". ئەمانە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کاری لەسەر چۆنێتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە کرد و هەریەکە و لەسەردەمێکدا، بووەتە گوفتار و کردارەکانی لەقاڵب داوە. دووابەدووای ئەوان، گالیلۆ، بەگیانی خۆی قوربانیی بۆ سەلماندنی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا داو خڕ بوونی زەویی سەلماند. لەگەڵیدا، دیکارت، لەناخ و قوڵایی بیرکردنەوەکانیدا، باوەڕی بەگالیلۆ هێنا، کەچی لەترسێکی نەستییەوە، نزیکایەتیی لەگەڵ کڵێسە و پیاوانی ئاینیدا دەکرد.

کەواتە، لێرەوە دەردەکەوێت، چەند، دۆزینەوەکان، ووردتر بکرێتەوە، فەرهەنگ و هۆشیاری وخواستی زیاتر، گەشە دەسێنێت و تێکۆشانەکان، فراوانتر دەبن و ئاسانتر دەگشتێنرێت. هەرچۆن ( ئینتەرنێت) بەشێوەیەکی جیهانگریی گڵۆباڵیزم، زانیاری و ڕووداوەکان، زووتر و لەچاوتروکانێکدا، دەخاتە بەردەم هەموو کۆمەڵگە.

کاتێك، فەرهەنگ، بەشێکی پڕ دەبێت لەوەهم، گومان لەوەدا نییە، پشت بەکۆمەڵێك زانیاریی ئەودیو هەستی پاڵپێوەنانی نائاگایی دەبەستێت و سۆزێکی پاڵپێوەنەر، بۆ هێنانەدیی خەونێکی جاویدانی، لەنێوان ترس و دودڵی و بێچارەسەریدا، لەدووریی دۆزینەوە و زانیارییە دروستە سەلمێنراوەکان، بەسەر دۆخی پنتەکانی فەرهەنگی بیرکردنەوەی عەقڵانیدا، زاڵ دەبێت. مەرج نییە زاڵبوون، لەنێوان فەرهەنگی وەهم ڕەنگ، لەنمونەی ڕۆحانیی خۆکردا، بتوانێت بەردەوامی بە مانەوەی بدات. بەڵام هێشتا، ئەو وەهمە، ناتوانێت خۆی بسڕێتەوە! بەمانایەکی تر، لەگەشەی بەردەوامی فەرهەنگی عەقڵانیی خۆکردا، وەهم، جارێکیتر، بەشێوازێکیتر، فەراهەم دەکرێتەوە. لەفەرهەنگی ڕۆحانیی خۆکردا، لەپاش مردن، کە زۆربەی ئاینە ڕۆحانییەکان، دووبارەیان کردۆتەوە، بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، لەدیرۆکێکی ( باش، یان چاکە) دا، باڵەخانە و سێکس و ڕوباری پڕ شەرابیان پێشکەش دەکرێت. لەبەرامبەردا، هەر بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە، لەفەرهەنگی عەقڵانیی خۆکردا، پرسە شڵەژاوەکە، بەپێدانی زانیارییەکی نوێ، کە ڕووداو و بەشەکانی سروشتی گەردونناسی و زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی و مێژووناسیی تێدا شی کراوەتەوە و تاڕاددەیەکی باش، دڵنیایی داوە بە کۆمەڵگە، لەبەرامبەر، جوڵە و کار و توانادا، ژیانێکی باشتریان پێ دەبەخشێت. لێ هێشتا، وەهمی پێشتر، بەترسەوە، زیندوێتیی خۆی دەسەلمێنێتەوە. لەکاتێکدا، چەندین ئەستێرەی نوێ دۆزراوەتەوە و تەنانەت، گەلێ نهێنیی فەرهەنگە ڕۆحانییەکەی پێش خۆی، ئاشکرا کردووە. بۆ نمونە، لەئاینەکاندا، بەتایبەت ئاینی ئیسلام، هاتووە( تەنها اللّه دەزانێت، منداڵ لەناو سکی دایکیدا، کوڕە یان کچ!). کەچی هەنوکە، ئەو پرسە، یەکلایی بۆتەوە و تەنانەت، لەڕێگای ووردکردنەوەی زۆرەوە، توانراوە، بگەنە ئەوەی( دەتەوێت منداڵەکەت، کوڕ بێت یان کچ؟). کەچی هێشتا، فەرهەنگی وەهم پاراو، پاساوی دیکەی نوێ بۆ شتگەلێکی سەرسوڕهێنەر دەهێنێتەوە و دیسانەوە، خۆی بەگەڕ دەخاتەوە. یان، فەرهەنگی ئەودیو ئێمە، بۆخۆی، وەهم لەترس و دودڵی دادەتاشێت و دەیانکاتە پاکانە بۆ بوونی ترس، یان وەهم. وەك تیرۆر. لەکاتێکدا، خودی داهێنەرە فەرهەنگییەکەی ئەودیو ئێمە، دەنکەکانی دەچێنێت و گەورەی دەکات و پاشان، بەرهەمەکەی بۆ هێشتنەوە و بەفەرمی کردن و گرنگیی بوونی خۆی، بەکار دەهێنێت. لەکاتێکدا ئاینی زەرەتۆشترای تاك و کۆمەڵگە بۆ زانست و جیهانبینیی ناوازە پاڵ و خلۆر دەکەنەوە و پرسەکان دەدەنە دەست تاك نەك خودا.

ئەوانەی لەودیو بەگەڕخستن و خستنەسەرڕێی کۆمەڵگەوەن، دەسەڵاتی سامان و سەرباز و تەکنەلۆجیا و هێزێکی زەبەلاحی پاسەوانی سیستەم و دەوڵەت و نیشتمانیان هەیە. حەشاماتێك لە مرۆڤی خاوەن عەقڵی پڕ زانیارییان هەیە. پێداویستییەکانیان، بەتەواوی بۆخستونەتە بەردەم. لەکۆمەڵگە بەگشتی و لەتاکەکان، دەکۆڵنەوە. پرۆژە دادەنێن و بەپێی نەخشەکانیان، دەیانخەنە گەڕ. تەنانەت، ئەگەر ئەوان نەتوانن هەستەکانی مرۆڤ، بخوێننەوە، هەرگیز ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن. هەربۆیە، فەرهەنگ، لەودیو ئێمەوە، دەپاڵێون و لەدوتوێی سیستەمێکی ئاینیی عەقڵانیی نوێدا، کەلەگەڵ سەردەمدا دەیگونجێنن، هەڵی دەڕێژنە ناو کۆمەڵگەوە. بەشێوەیەك، کات، تێیدا، لەشێوەی فەرهەنگێکی نادیاردا، دەوەستێت و توشی شۆکی دەکات. چونکە، لەناوەوە، بەریەککەوتنێکی جوداخوازی و لەگەڵێدا، نەناسراوی، ڕوودەدات. تاکو، شوناس، بۆ کۆمەڵگەش نەگەڕێندرێتەوە، ناتوانێت مامەڵەیەکی خۆجێی ڕوون و قبوڵکراوی لەگەڵدا بکات. هەربۆیە، بەجۆرێك ڕێکی دەخەن، کەهەر گۆڕانکارییەکی سیستماتیکی لەفەرهەنگە تازە سەرهەڵدراوەکەدا، ڕووبدات، دەبێتە پاڵنەری گەشە نەستییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەگشتیش، وەك شۆکێك یان سەرسامییەك، دەیانخاتەوە پاڵ وەهمێکی نوێ. ئالێرەشەوە، ئاینی سیستەماتیك، وەك ڕەگەزی عەقڵانی، بەپشتبەستن بەزانست، دەبەنە ناو کۆمەڵگەوە و بەیاسا ئەخلاقییەکان( کردارەکانیان) دەیانبەستنەوە.

سیستەمی نوێی جیهان، وەك فەرهەنگە گەلاڵەکراوە نوێکان، لەڕێکخستنی بەدەستوور و ڕێسای کۆمەڵگەدا، هەرگیز، بەچاوی دڵنیاییەوە ناڕوانێتە پێشهاتەکان! بەڵکو، لەبیرکردنەوەی جیاواز و توانای جیاواز و دۆزینەوەی نوێ و مەودای پیادەکردنیان، نەخشەسازیی دیکە دەکات. تەواوی دیاردە پێشهاتووەکان، لەسەر بنچینەی زانستێکی باوەڕپێکراو یان ئاسان لەقبوڵکردندا، هەڵدەسەنگێنن و تاقیی دەکەنەوە و بەپێی خواستی خەڵك لەسەری، بەیەك جار، کۆمەڵگە، ملکەچ بە

پێوەرێکی زانستیی بەڵگەدار دەکەن. ئەم بازاڕە گەورەیە، بەکاڵای فرەڕەنگییەوە، بۆ بەردەم مرۆڤایەتی دەگوازنەوە و دەیکەنە دەستکەوتی سەردەم.

دەستکەوتی بەرهەمهێنی دەسەڵاتداران، لەپیادەکردنی سیستەمێکی جیهانگیریدا، وەك ئاینێکی جیهانی، پشت بەلێکۆڵینەوەی زانستی دەبەستێت. لەپشت هەموو هەوڵەکانەوە، خواستێکی گەییو هەیە کە وەك فەرهەنگ، یان سیاسەتێك، لەلایەن دەستە و تاقمە باڵادەستەکانی دەسەڵاتدارانەوە پارێزگاریی لێ دەکرێت و وەك چینێك، لەژێر ناوی( دەسەڵات) دا، دەستیان گرتووە بەسەر هەموو جیهاندا. هیچ هەنگاوێك، بەبێ نەخشەی پێشوەخت، ناهاون. نمونەیەکی بەرچاو، هاوکاری و هەماهەنگی و یەکخستنی دراوە لەجیهاندا و هەروەها، سیستەم و بەڕێوەبردنی بانکەکانە کەناکرێت هەروا ئاسان، بەسەریاندا باز بدرێت و تەنها بەچاوی ئاسانکاری و داهێنانەوە لێی بڕوانین. بەڵکو، ئەوە فەرهەنگی ئەودیو ئێمەیە کە تێگەیشتن لێی نەختێك سەختە و شیکارکردن و ووردکردنەوەی زیاتری گەرەکە و جاری وا هەیە، لەسەرووی ئەزمون و تێگەیشتنی کۆمەڵگەوەن کە توێژینەوە تێیدا، دەبێتە دۆزینەوەی ئامانجەکە و ئەمەش، ئەگەر وەدەستخرا، ئەوا، هەموو ئەو سیستەمە ئاینییە فەرهەنگییەی ئەودیو ئێمە، دەلەرزێنێت و ئەوانیش، بەدووای دەروازەیەکی نوێدا دەگەڕێن. چونکە، جارێکیتر، ئاینی عەقڵانیی خۆکرد، پێیوستیی بەهەنگاوێکی ترە بۆ تێپەڕاندنی بەربەستەکەی. هەرچۆن، ئاینی ڕۆحانیی خۆکرد، لەپاش سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لەبەردەم بەربەستەکاندا خۆی نەگرت و بەتەواوی لەبەردەم عەقڵ و توانای مرۆڤ و داهێنان و دۆزینەوەکاندا، شکستی هێنا. چونکە، بەگشتی، ڕەخنە، وەك شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی تێیدا کۆبۆوە، هیچ بوارێکی پێ نەدا و ئەویش، لەپاشگەزبوونەوەیەکی بەردەوامدا، لەدەرەنجامی بەدرۆخستنەوەیدا، پاشەکشەی کرد.

کۆمەڵگەی کوردی، بەگشتی، لەدوتوێی ئەم فەرهەنگەی ئەودیو خۆیەوە، بێئاگایە. تەنانەت، بیرمەندی نەخشە داڕێژەر و دەسەڵاتداری بنکەفراوانی خاوەن ووزەی سەربازی و نیشتمانی نییە. بەدەرزەنێك فەرهەنگی کۆنەوە گرێ دراوە. نەپایەی عەقڵگەرایی هەیە و نەبەشداریشە لە ڕیسەکەدا. ئەوەی کە هەیە، وەك کۆمەڵگەیەکی داخراو، لەدوتوێی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامدا، شەتەك دراوە. لەکاتێکدا، بەپێی بەڵگە مێژووییەکان، ئەو، وەك نەتەوەیەکی خاوەن شارستانی، خاوەنی سەرەکیی فەرهەنگێکی دووانەی دووگەوهەری جیهانگیری بووە. کۆی تۆڕەکە، لەناو مەزراکەی ئەودا، بۆ پێوەبوونی نێچیرەکان، هەڵدراوە. هەنوکە، کەدابڕێنراوە، بە ئاینێکی ڕۆحانیی گەمژاندنەوە یەخسیر کراوە. تەنها، بیری لەلای نەختێك ئازادی و خەونێکی خەفەکراوە و لەدەوری بتی نەتەوە و نیشتمان، هەڵدەسوڕێت. جار جارە، بۆ دڵڕازیکردنیان و گەشەی بازاڕی دەسەڵاتدارە خاوەن فەرهەنگە جیهانییەکان، بۆی پێ دەکەنن و پشی پشییان بۆ دەکەن.

فەرهەنگی بۆماوەیی، لەڕەوتێکی لەسەرخۆدا و لەکەشێکی گونجاوی دەستەبەرکراودا، گەشە دەکات. بەڵام، گەشەکردنەکەی بەشێوەیەك گەورەدەکات، دەرهاویشتەی سەربەخۆی نابێت. بەڵکو، کۆمەڵێك ڕەگەزی جودا و دوور لەودیو خۆیەوە وەردەگرێت. چونکە، لەنێوان خۆی و فەرهەنگی سەردەمدا، بەردەوام، بەجیاکارییەك، دەیەوێت لەژیاندا بمێنێتەوە. هەربۆیە، نایەوێت کۆمەڵگە، لەچەندوچوونی ململانێ ئەقڵانییەکان بێدار بێتەوە و بە کۆمەڵێك یاسای باوەڕکردنی فەرهەنگی، لەمنداڵدانی خۆیدا، جێگایان دەکاتەوە و لەقاڵبیان دەدات. هەرچۆن( حەیا، شەرەف، ترس، بەزەیی، خودا، ئەرکە ئاینییەکان، ئەرکی منداڵ لەبەرامبەر باوك و دایکیدا و بەپێچەوانەوە ئەرکی دایك و باوك لەبەرامبەر منداڵدا. هاونیشتمانی بوون. پیاوەتی، چاکەکاری، دادپەروەری، نیشتمان پەروەری، خیانەتکار ...هتد) دەکاتە ژەهیری نوکی تیرەکەی دەستی. تەواوی ئەمانە، لەنێوان خواست و ماف و دادپەروەری و ئەرکدا، دابەش دەکات. دەسەڵاتێکیشی لێ دەزێ و بەتەواوی هێزی خۆیەوە، بەرگریی لێ دەکات.

بەدۆزینەوەی کەرەستە و جومگەکانی ( فەرهەنگی بۆماوەیی)، ناواخنی شاراوەی ( ئەودیو فەرهەنگی ئێمە) لەسەر بنیادی عەقڵانی و بەشێوە فراوانەکەی ( ئاینی عەقڵانی) دۆزینەوەی ئاسان دەبێت. بەمەرجێك، بەشە ئاشکرا و زانراوەکەی ( فەرهەنگی بۆماوەیی) لەنهێنییەکانیتر جودا بکرێنەوە و لەگەڵ لایەنە شاراوەکانی ( فەرهەنگی ئەودیو ئێمە) دا، تێکەڵ نەکرێن. هەموو ئەو نهێنیانەی کەدەمێننەوە، بەووردکردنەوەی هۆکارەکانیان، ئاشکراو ڕوون دەبن. لەم هەنگاوەوە، مانا بۆ نهێنییەکانی ( ئەودیو نەدیوی) چنگ دەخەین.

زۆربەی یاسا و کردار و کار و بیرکردنەوە و شێوەی ژیانکردن، لە( ئاینی عەقڵانیدا) بەلای ( ئاینی ڕۆحانی) یان( فەرهەنگی بۆماوەیی) مەوە، نایاسایی و ناکۆمەڵایەتین. دژ بەبەها و ڕەوشت و بیرکردنەوە و سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیەتی. بەڵام بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تر، لەبەرامبەریدا، پیادەی دەکات و بەلای ئەوەوە، ئەوپەڕی ئاساییە، ئەمیش، خواستی بۆی دەجوڵێت. بۆ بەرگرتنیشی، بۆئەوەی تەشەنە نەکات و زیانێکی زۆری بۆی نەبێت، لەچوارچێوەیەکی تردا، ڕێکی دەخات. بۆ نمونە: لەشفرۆشی. یان ئازادیی سێکس، بەتایبەت لەکۆمەڵگەی ئاسیاییدا، یان ڕاستتر، لە فەرهەنگی بۆماوەییدا، یاساخە. حەرامە. ڕێگەپێنەدراوە. بۆیە، بۆچاککردنی، یاسای ( سیغە) یان هاوسەرگیریی کاتییان بۆ بەرهەم هێناوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە کەبەخێرایی نەپەڕێتەوە بۆناو سیستەمەکە و ئاڵۆزی نەکات و توشی سەرگەردانیی نەکات. بەڵام، لە ( ئاینی عەقڵانی) دا، تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و تەواوی پاڵنەرە بۆماوەییەکان، دەبێتە پردێك بۆ گەشەکردنی کەرەستە ناکۆکەکان، بەمەش، گەشەی بەردەوام دەکات و لەچووارچێوەکەی خۆیدا نامێنێتەوە. لەپشتی ئەودیو تێگەیشتن و بنینەکانی کۆمەڵگەشەوە( فەرهەنگی ئەودیو ئێمە) پەلی زیاتر دەهاوێت و خۆئامادەکردنی پێشوەختی دەبێت تاکو بتوانێت لەناو بازنەکەی خۆیدا، وەك سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، جێگەی بۆ بکاتەوە. ئەم فۆرمەش، ئەوەندە ئاڵۆزە، کە لەتوانای ناسینەوەی کۆمەڵگەدا نییە، یان ڕاڤەکردنیان، سەختە. یان لەودیو تێگەیشتنی کۆمەڵگەوەن. بەناچاریش، خۆیانی لێ بێئاگادەکەن. یان، خودی سیستەمەکە، بەشێوەیەك وێنا و پێناسەی خۆی دەکات، کەڕەوایەتی دەدات بەنهێنییەکانی.

فەرهەنگی عەقڵانیی سەردەم، کۆمەڵە چمکێکی بەیەکەوە گرێدراوی تاریکە. کەرەنگە ئەگەر تێی بخزێین، هاتنەدەرەوەمان ئاسان نەبێت. ئەمە بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەم تەوژمە فەرهەنگییە، لەتوانایدایە کە لەیەك کاتدا، هەم ڕوداوێکی هەنوکەیی بێت و هەم ڕووداوگەلێکی ڕابردوو دووبارە بکاتەوە. بەشێوەیەك دەیگشتێنێت، کەناچار بەباوەڕپێکردن دەکات. چونکە، ئەو، چەندین بەڵگەی پێچەوانەی بۆ داتاشراوە. دەکرێت پشت بەهەندێکیان ببەستیت و ڕاستییەکە بەدیوێکدا بسەلمێنیت. لەبەرامبەردا، کۆمەڵێك بەڵگەی تر، بەدیوە پێچەوانەکەیدا، دەیکاتە واقیع. لەنیوان ئەم دوو ڕاستییەشدا، هەردوکیان ڕاست دەردەچن. لەم پێودانگەوە، کەلەگریمانە دوورن و ڕاستین، کۆمەڵگە، دەخەسێنرێت. لەم وێنانەوە، ئەگەر لەسیستەمی سەرۆکایەتی و حکومڕانیکردنی وولاتێکی وەك ئەمریکا بڕوانین، دەبینین، ( پرۆسەی دیموکراسی) بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و شارەوانییەکان و حکومەت و ئەنجومەنی پیران و کۆی ئەڵقەکانی ئەو وولاتە، تەنها کارتۆنین و زیاتر بۆ لەقاڵبدانی کۆمەڵگەیەو فیرودانیانە بەبەستنەوەیان بە وێنەیەکی واقعیی لەبەرچاو، کە کۆمەڵێك هیوای نوێ بۆ ژیانێکی باش یان باشتر، یان هیچ نەبێت ئاسایی، لەلایەن کۆمەڵگەوە، لەسەر هەڵچنراوە. بەڵام، ئەوان، ( فەرهەنگی ئەودیو خۆیان) نابینن. هەرچۆن لەکوردستاندا، لەناو فەرهەنگێکی بۆماوەدا، خواست و داواکاری و گەشەی مەعرفیی کۆمەڵگە، لەسەر هەمان بنچینە هەڵ دەچنن. بەشێوەیەك کەلەگەڵ ئاستی تێگەیشتن و قبوڵکردنی ئەواندا بگونجێت.

ناواخنی جێگۆڕکێ پێکراوی ناو شانەی ( فەرهەنگی ئەودیو ئێمە) قورسایی خۆی لەسەر چالاکیی عەقڵانیەت و هزری ئەوپەڕی دۆزینەوە و ووردکردنەوەکانی خۆی، هەڵچنیوە. کۆی هەموویان، بۆ لەقاڵبدانی کۆمەڵگە، دەگوێزێتەوە بۆ تۆپەڵێك لەیاسای بەڕێوەبردن تاکو لێوەی جیهان، یان تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهان، لەناو بازاڕێکی گەورەدا بهێڵنەوە. ئەمە بەبێ ئەوەی کەرەستە مەعریفی و زانستییەکانی ناو هەنگاوەکانی خودی کۆمەڵگەی لێ دابماڵن. بەڵکو ڕێبەران یان خاوەندارەکانی( فەرهەنگی ئەودیو ئێمە) لەدادوەریکردنی شێوازەکانی ماف و ئەرکی ژیانکردن، لەسەر زەوی و بەیەکەوە، بەدادوەرییەوە شتەك دەدەن. ئەمەش گوزارشت لە دیوێکی شاراوە دەکات، کەمافی تێکدان، یان شێکردنەوەی ئاشکرا، یان فراوانکردنی خاوەندارێتییەکە نابەخشێتە هیچ کەس و گروپێکیتر. جەنگەکان، کەهەمیشە بەکۆمەڵێك هۆکارەوە بەردەوامییان هەیە، لەو چوارچێوەیەدان. کەلە شێوەیەکی خەیاڵیی هەستپێنەکراودا، دەکەنە بەرجەستە. زۆرجاریش، ڕۆشنبیرییەك، یان پرسێك، یان ڕوونکردنەوەیەك، یان ڕوداوێك، لەجیاتیی پنتە سەرەکییەکە، نیشان دەدرێت و دیوی نادیاری پشتەوەی و سەرچاوە ڕاستییەکەی لەعەقڵ و تێگەیشتن دوور دەخەنەوە کە زمانی سروشتیانەی فەرهەنگەکەیە و بەلای کۆمەڵگەوە ئاسایی بۆتەوە. نمونەی ئەمە، جەنگی ساردی نێوان ڕوسیا و ئەمریکابوو. کەتاکە وەسیلەبوو بۆئەوەی بەشێوەیەکی زانستیانە و دوور لەئاڵۆزبوونی دۆخەکە و دزەپێکردنی زانیارییەکان و تێگەیشتنی خەڵك، نەدیویەکان، بگەیەننە سەر ئەو ڕاستەهێڵەی پێویستی دەکرد. کەهەموویان ئاماژەن بۆ چمکێکی نەدیو لەودیو تێگەیشتنی کۆمەڵگەوە. بەپێچەوانەوە جەنگی هەزار و چووارسەد ساڵەی شیعە و سوننە کە تاکو

ئێستا ملیۆنان کەسی تێدا بووەتە قوربانی و هێشتا بەردەوامە، ئەو فەرهەنگەی ئەودیو ئێمەی نەبووە و نییە بەڵکو ڕاستەخۆ لەسەر خوێن خۆی هەڵچنیوە و بەردەوامیش بە ڕوباری تێچوونە خوێنینەکانی دەدات و ( داعش و حەشدی شەعبی) نمونەیەکی بەرچاو و زیندوون بۆ ئەو مەبەستە. هەرچەندە ڕیشاڵۆکەکانی لەڕووی بازرگانی و دەسەڵاتەوە یەکن بەڵام هێشتا جیاوازییان زۆرە.

فەرهەنگ، بەکۆی چمکەجیاوازەکانییەوە، چەشنێکە لەگوزارشت و کردار و بیرکردنەوە و شێوازی ڕێکخستن و ژیانکردنی پێکەوەیی مرۆڤەکان لەسەر زەوی و چاوگی سیستمی بیرکردنەوەی تاکە لەبەرامبەر سروشت و دەوروبەریدا. هەروا، فەرهەنگ، داتای عەقڵانیی ( بوونیەتی لەپێشینە)، یان بۆماوەیی، لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و زۆر جار هەموویان بەو تێفکرینە بۆماوەییەوە بارگاوی دەکات و دەیگشتێنێت. وەك لەبەرکردنی جلوبەرگ، یان داپۆشینی جێگای ( پێشەرم بوون). کەهەندێك کات، لەکەشێکی لەباری سروشتیشدا، ناتوانێت بەبێ جلوبەرگ و داپۆشین، ژیان بکات.

فەرهەنگ، لەهەندێك لایەنەوە، چەندین بەشی سروشتیی تایبەت بەخۆی و لەدەرەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵگەوە هەیە کە پاڵنەری سروشتیانەی بونییەتی مرۆڤ و دەوروبەرەکەیەتی و ئەزمونی عەقڵیی و جەستەیی و دەرونیی و کۆمەڵایەتیی بۆ دروست کردووە. کەهەموویان بەندن بە گەشەی مەعریفییەوە. چونکە، زۆربەی مەعریفە لەپێشینەکان، لە دیاردە و کارەساتە سروشتییەکان و کەش و هەواو جەستەی مرۆڤەوە، سەرچاوەیان وەرگرتووە و هیچ هەوڵێکیشی بۆ دەستخستنی نەداوە. بۆیە، بووەتە بەشێك لە فەرهەنگ و بەردەوامیش، وەك زانیاریی گەردوونی یان سروشتیی ژیان، پیادەی دەکات و لەگەڵ فەرهەنگی بەڕێوەبردندا، دەیگونجێنێت. ئەم بەشە گرنگە بۆماوەییە سروشتیانەی کۆمەڵگە، لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکیتر، جیاوازییان هەیە و جاری واش هەیە، دەبنە پێوەر بۆ ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکە لەژێر کاریگەریی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا گەشەی کردووە و لەڕووی مرۆڤبوونیانەوە، ئارامتر، یان بەخشندەترن، یان لەووردەکاریی خۆشەویستی و پەیگیریی ڕایەڵەی خێزانیانەوە، توندترن.

فەرهەنگی کوردی، لەڕووی دەسەڵاتگیرییەوە، کە خاوەنی هیچ پێگەیەکی جیهانی نییە، سادەترینیانە. داپۆشراوەکان، زەق و ڕوونن. داشەجوڵێنراوەکان، لەودیو خواستی خۆیەوەن. بەهۆی ئەم ئاڵوودە بوونەشەوە، توانای داتاشینێکی خودموختاریانەی سەربەخۆی نییە کە تێیدا، بەرنامە فەرهەنگیەکان، شیبکاتەوە و بەووردی هەنگاوی دووای خۆی تێدا لێکبداتەوە و پاشان، بیکاتە دەستەواژەیەکی کارپێکراو لەناو هاوکێشە جیهانییەکاندا. هەربۆیە، وەك زەلیلێك، لەپاڕانەوەیدا، بۆ بەدەستهێنانی بەشدارییپێکردنی، هەر هیچ نەبێت لەپرسە سادەکاندا، تائەوپەڕی جوڵەی پێکەنیناوی دەڕوات. بۆ نمونە، کورد، لەتەواوی جیهاندا، بەو دەسەڵاتە کەمەشەوە کەلەباشووری وولاتەکەیدا هەیەتی، نەیتوانیوە، لەیارییەکانی تۆپی پێی جیهانیدا، بەشداری بکات. ئەم پاڕانەوە و کڕوزانەوەیەش، کەناچار بە دووبارەبوونەوەی دەکات، بەردەوامی بە ئەودیوکردنی بۆ دەرەوەی چیمەنی دەسەڵاتی فەرهەنگی دەدات. چونکە، هێشتا، لەفەرهەنگی ئەودیو ئێمە نەگەیشتووە و ناتوانێت لە وێنەیەکی بێڕەنگ و زمانێکی بێووشە و کردەوە ئاڵۆزەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگە تێبگات.

بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کورد، لەفەرهەنگی ئەودیو ئێمە و ئاینە گشتێنراوە عەقڵانییەکان، پێویستە، لەکەشێکی ئارامی دەستکەرەوەدا، وەك منداڵێك، کەچۆن، هەتا زیاتر هەست بەئەندامانی خێزانەکەی بکات، ئەوا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر پەرە دەستێنن، ئاوا، لە پرۆژەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراودا، کەرەستەکانی کۆبکاتەوە و بەگەڕیان بخات. ئەودەم، دەتوانێت، لەپاش دەستخستنی، هەنگاوێکی پێچەوانە هەڵبهێنێت و خۆی بخزێنێتە ناو درز و کەلێنی فەرهەنگە جهیانییەکەوە.

## بەرداشتی بوونەوە بەزەرەتۆشترای و گەڕانەوە بۆ خود:

بوونەوە بەزەرەتۆشترای، گەلێ سەختە. چونکە، ئەم زانستە بە خەرەد و ئاوەزی کورد ئاشنا نییە. کوردیش بەگشتی، لەناو تەپوتۆزی بیرکردنەوەی بیاباندا نوقوم بووە و پێشدەمی خۆی نابینێت. ئەو کە کراوەتە کوڕەزا و کچەکانی ئادەم، نازانێت سروشت دایکێتی! ئەو، بەشمشێر گۆش کراوە، نازانێت سەرچاوەی ڕوناکی چییە؟ لەڕقەوە تێوەگلاوە و لەگەڵ ئاشتیدا دراون بەشەڕ. دوژمنایەتیی خۆیان پێکردووە و کچەکانیان کردووە بە کەنیزەك و جارییە. دەمیان پێ ژەنیوەتە خوێنی خۆی و لەلێواری مەرگ دایانناوە. هیچیان بۆ نەهێشتوتەوە تاکو بتوانێك لەزۆرانبازیی لەمێژینەی تاریکپەرستی هەستێتەوە. هەرجێیەکی بۆ بلێیت دەبێتەوە بەڕیسەکەی باڵوڵ. بۆیە، سەختە بەم پەلەپەلییە تێی بگات.

ئێمەی کورد، لەئێستادا، پێویستیمان بەخۆمانە. پێویستیمان بە کەپر و ماڵی خۆمانە. پیویستیمان بەخوێن و کەللەی سەری خۆمانە. پێویستیمان بەمێژوو و زانست و فەرهەنگی خۆمانە. پێویستیمان بەکرانەوە بەڕووی خۆماندایە. پێویستیمان بەزانست و زانیاریی لەمێژینەی زەوتکراو و حەرامکراوی خۆمانە. پێویستیمان بەشوناسی خۆمانە. پێویستیمان بەنیشتمان و خاکی خۆمانە. پێویستیمان بەدەوڵەت و دەسەلاتی خۆمانە. پیویستیمان بەئازادی و بەختەوەری و خۆشەویستی و یەکسانیی خۆمانە. بۆ ئەوەی هەموو ئەمانەمان دەست بکەوێت، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ خۆمان. ئەمەش تەنها لەڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ئاین و بیروباوەڕی زەرەتۆشتراییە کە موڵکی خۆمانە.

ئێمەی کورد ئێستا لەناو گەرداوی ئاگرداین. هەرچیمان هەبووە سوتاندویانە. ئێمەیان کردووە بەکۆیلەیەکی بچوکی بێفەرهەنگ و زانست و زانیاری. بەکۆمەڵێك جادووی بیابانی هەڵیانخەڵەتاندووین و بە قومێك لم، خنکاندوویانین. ئەوانیش، ڕژاون بەسەر خێر و بێری خاکێکی بەپیتدا. خاکێك بەخەونیش هەرگیز نەیانبینیبوو. بۆیە، پێویستە بگەڕێینەوە و ببینەوە بەخۆمان و دڕ بەم تاریکپەرستانە هەڵبچنین و گورزی گورچکبڕی فەرهەنگی و ئاینییان لێ بوەشێنین و توڕیان دەین. پێویستە ببینەوە بەزەرەتۆشترای و زانستەکەی بێنینەوە ناو خۆمان و ژورە تاریکەکانی ژیانی پێ ڕۆشن بکەینەوە.

ئاین و بیروباوەڕی زەرەتۆشترای، وێڕای ئەوەی سادەیە لەبینیندا، بەڵام، زۆر گرانە لەتێگەیشتن و شیکردنەوەیدا، چوون، خاڵییە لە جادوگەری و بیرکردنەوەی خورافیات. هەرچۆن، لەسەردەمی سەرەتای سەرهەڵدانیدا زەرەتۆشترای مەزن نەیتوانی کۆمەڵگەکەی دەورووبەری بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە دایکی هەمووان سروشتە و ئێمە بەشێکین لەو گەردوونە فراوانەی کەهەیە. ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆر گرانە کۆمەڵگەی کورد کە دەرهاویشتەی ناو شەختە و بەستەڵەکی بیابانە دەربهێندرێت و جارێکیتر لەسەر بەرماڵی دوعا و پاڕانەوەکانی ژێر ترس و تۆقانی ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بکەیت و بە بەرزەخ و بەهەشتی ژیانی شاد بکەیت.

کۆمەڵگەیەك لەهەموو زانستی زەرەتۆشترای شۆردرابێتەوە، جموجۆڵی ئەم فەرهەنگەی ئێستا دەمانەوێت پیادەی بکەین، سست دەبێت. خەڵك، لەترسی ئاگر و مار و هەژدیها، ڕووبەڕووت دەبێتەوە. ناتوانێت لەوە بگات کە پێناسە و شوناس بۆ خودا شتگەلێکی ترن.

ئێستا، کە کۆمەڵگای کورد، هێشتا لەزانست بای نەگرتووە و بەگەرداوی لمی عەرەب نەزۆك بووە، تەنها یەك ئازایەتیی گەرەکە کە جارێکیتر بگەڕێتەوە بۆ ماڵی بوکێنیی خۆی. دڵنیام لەم زەماوەندەدا، بەم فەرهەنگە پڕ لەزانستەی زەرەشۆشتراییەوە ئاوس دەبێت و بەرەوتی پێشکەوتنەکانی جیهان دەگاتەوە. هەربۆیە، پێویستە، ببینەوە بەزەرەشۆشترای و جارێکیتر ئەو مۆمە، ماڵەکانمان ڕوناك بکاتەوە و لەتاریکپەرستی و بتپەرستی ڕزگارمان بێت. سەرهەڵدانەوە و زیندووبوونەوەی ئاینی زەرەشۆشترایانیش بۆ کوردستان، سەرەتای ئەو بورکانە زانستییە عەقڵانییەیە کە ئەم نەتەوە داگیرکراو و چارە ڕەشە ڕزگار دەکات و بومەلەرزەیەکە کە هەموو جیهان ڕادەچڵەکێنێت.

هێشا، لەناو کێڵگەی کوردەواریدا، زەمینەسازی بۆ هیچ پێشکەوتنێکی فکری دیاری نەداوە. هەوڵگەلێك لەئارادا نییە تاکو لێوەی درزێك دەربکەوێت و تیشکێکی ڕوناکیی هۆشیاریی فەرهەنگی لێوەی لە جەستەی نەتەوەکەمان بدات. ئەوەندەی دیارە، پەردەیەکی خێڵەکی بەرۆشنبیرییەکی توندوتیژەوە بەردەوام، بەئاقاری گیرۆدەبووندا، خۆی نوێ دەکاتەوە. بەگشتی، کۆمەڵگەی کوردی، گیرۆدەی دەمەدەمێ و( قیروسیچمە) ن لەیەکتری و لەژێر تەنگژەی خێڵدا، کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن. هەر کەسێك، تاقە یەك ( جوڵە) ی بچوك، بۆ خۆ دەربازکردن لەژێر ئەو فەرهەنگەدا بکات، ئەوا، بەلێشاو ( بەکۆمەڵ) سوکبارانی دەکەن و بەهەموو هێزی خۆیان، پەلکێشی دەکەنەوە بۆ ناو هەمبانە بۆرەکەیان.

نەوەی نوێی کورد، پێویستیی بە ( سرك) بوونە. سرك بوونێك، درێتیی پێوەدیار بێت و خۆبەدەستەوەدان لەخۆیدا خاڵی بکاتەوە. پێویستییان بەیاخی بوون هەیە. یاخی بوونێك. فەرهەنگی ( جاش) و ( کۆیلایەتی) و ( ملدان) و بوون بە بەبەشێك ( لەوان) بخەنە ژێر لمی جێپێیانەوە. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە یاخی بوون، بەرهەمی پچڕانی( پەت) ە. هەڵکەندنی هەمان ئەو مێخنجیرە فەرهەنگییەی ئێمەی بە سیستەم و سروشتی کۆمەڵگەوە بەستوتەوە. بۆیە، قورسە کەسێك، یاخی بێت. ئەم یاخی بوونە نوێیەش، پێویستیی بە ڕابەڵەی نوێ و پەروەردەی نوێ هەیە.

یاخی بوون، زۆر دەگمەنە. تەنها ئەو کەسانە دەتوانن یاخی بن، کە تێگەیشتنیان بۆ ژیان، یاخیانەیە و لە ( عەیب) ە سڵ ناکەنەوە و دێوانەگی، هەڵدەبژێرن و هەنگاوەکانی ژیانیان بەرەو لوتکەیەکی مەحاڵ وەردەگێرن. بەمەش، جیهانێك، لەبیرکردنەوە و داهێنان بەرهەم دەهێنن. ( تەنهایی) بریتی نییە لە یاخی بوون. بەڵکو، خودی یاخی بوون، تەنهایی بەرهەم دەهێنێت. یان ( تەنهاییەکی تەنها) لەبیرکردنەوەدا یاخی بوونێکی تەنهاییە. تەنهاییەك لەبیرکردنەوەیەکی ( دانسقە) دا. هەمان ئەو بیرکردنەوەیەی کە تەواوی کۆمەڵگە، دژی دەوەستنەوە. ئەگەر ئەم بیرکردنەوەیە لەدایك نەبێت، هەرگیز یاخی بوون و لەویشەوە ( جوڵە) ی نەوەی نوێ بۆ گۆڕانکاری نایەتە دی.

ئەم سەردەمەی ئێستا، بۆ کورد، دۆخێکی هەستیارە کە مامەڵەکردن تێیدا، وەك تاقیکردنەوەی ( بەخت) وایە. بەختێك لە یارییەکی نوێدا، بەبێ ( حەپولك) دەست بە ملی نێچیرەکەیدا بهێنێت. گەمەیەك، لەناو بازنەی شێتانەی سیاسەتدا بەدەم خۆیەوە پێ بکەنێت و ئاوڕ لە ژینگە و مژاری ( ئاست) ی خۆی نەداتەوە و بەدووای کەرستەی جەستەیی ( لاو) دا بگەڕێت. ئەولاوەی ( پاکژ) ە لە فەرهەنگی ئەوانی پێش خۆی و ( خاڵی) یە لە خاڵی بوونی ئەوانی تر. چونکە، ئەم پەتەی ئەوانی پێش، هەوسارەکەیان ڕزیوە و چییتر ناتوانێت خۆی بەجیهانەوە گرێ بدات. وەك داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری حکومەتی ئیسرائیل ئەڵێت" ئینگلیزەکان بەمێژوویاندا دەنازن کە چیان کردووە و چی بوون و بەوەدا دەناسرێنەوە. بەڵام ئێمە، پێویستە بە وەدا بناسرێینەوە کە چی دەکەین و چی دەبین و هەڵوێستەکانمان چۆن دەبێت".

## چی لە هەگبەی شۆڕشی نوێی زەرەدەشتیاندایە؟

کورد، مێژوویەکی پڕ لەسەروەریی هەیە کە خۆی لێی بێئاگایە و دەسەڵاتە داگیرکەرەکان، بەزۆری شمشێر و لەپرۆسەیەکی هەزار ساڵەدا، لێیان شاردۆتەوە و تێیدا فەرهەنگەکەیان گۆڕیوە و لەهەموو ئەو داهێنراوە عەقڵانی و زانستیانەی پێشکەش بە مرۆڤایەتییان کردووە دایانماڵیوە. بەمەش، کورد، هەم وەك نەتەوە و هەم وەك کۆمەڵگەیەکی خاوەن پێگە، توێنراوەتەوە و لەکۆتاییدا وەك کلکێك لە تەواوکارییەکانی خۆیان، بەهۆی هێزی مرۆییانەوە، هەر کامێکیان هاتوون بەکاریانهێناون.

کورد، هەمیشە بەخەونی گێڕانەوەی دەسەڵاتەوە دەستی بۆ هەموو شتێك درێژ کردووە و لەپێناوی بەدەستهێنانی متمانەدا سەدە لەدووای سەدە خواستەکانی خۆی خستۆتە بەر نەشتەرگەریی بیر و چاوچنۆکیی ئەو هێزانەی ڕەشمەکەیان بەدەستەوە بووە. سەرباری ئەمەش، جەنگی خوێناویی ناوخۆیی بۆ زیاتر لە یەك هەزار ساڵ بەردەوامی پێداوە. بەمەش، تا ئەوپەڕی لاوازیی بردووە و بەلانی کەمەوە نزیکەی نیوەی خاکەکەی خۆی لەدەست داوە. لەسەرووی هەموو ئەم قەیران و نابووتییەی کورد تێی کەوتووە، فەرهەنگ و ئاینەکەی ( ئاینی زەرەتۆشترای) کە شوناسی مێژوویی ئەو بووە و لەوپەڕی گەشەدا بووە، بەتەواوی کۆتایی پێهێندراوە. بەمەش، خاڵیان کردۆتەوە لەفەرهەنگ و بێگومانیش کاتێك کە نەتەوەیەك بێفەرهەنگ دەمێنێتەوە، لەپێناسەی نەتەوەیی دەردەهێندرێت و وەك کۆمەڵێك خێڵی جودا جودا دەناسێندرێت و کوردیش هەروا ناسێندراوە و نیشتمانەکشیان بۆ پێنج پارچە دابەش کردووە.

فەرهەنگ، بریتیە لە مێژوو و ئێستای شوناسی نەتەوە، بریتییە لەزمان و ویژە و ئاین و ئەفسانەکان و جل و بەرگ و سەما و گۆرانی و مۆسیقا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی ڕێکخستنی ناو کۆمەڵگە( داب و نەریت) کە هەموویان مێژووی نەتەوە لەسەر خاکێکی دیاریکراو پێك دەهێنن و پێناسەیەکیشن بۆ بیرکردنەوە و دنیابینییەکانی ئەو نەتەوەیە. هەر کامێك لەمانە لەبەر هەر هۆکارێك هەڵوەشێتەوە و نەمێنێت، ئەوا ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر فەرهەنگ و تێیدا نەتەوە لاواز دەبێت و بارێکی گرانی دەخاتە سەر پشت.

ئاین، کە لەناو بیروباوەڕ و مێژووی کۆمەڵگەیەکەوە سەر هەڵ دەدات و ڕاستەوخۆ پەیوستە بە دنیابینییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و چۆنێتی ووردکردنەوەی ژیان، لایەنێکی گرنگی فەرهەنگی نەتەوە پێك دەهێنێت و کوردیش ئەم بەشەی لێ تەکێندراوە و ووشك کراوەتەوە. ئەم ووشك بوونەش بووەتە هۆکاری ئەو هەموو کارەساتەی بەسەری هاتووە.

کورد و مێژووەکەی وابەستەیە بە ئاینی زەرەتۆشتراییەوە. چونکە، ئەگەر ئەم ئاینە لەمێژووەکەی دابڕیت، ئەوا بێجگە لەچەند خێڵێکی بچووکی بێ ناونیشان، هیچیتری لێ نامێنێتەوە. هەربۆیە، ئێستا لە گیانەڵادایە و جەستەکەیان کردووە بە پێنج بەشەوە و لاواز و بێدەسەڵات و بێئەرزش و بێخاوەن کراوە.

## شۆڕشی نوێی زەرەتۆشترایانی کوردستان، چەندین دەستکەوتی گرنگی بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێیە. لەوانە:

١ - کورد دەکاتەوە بەخاوەنی ئەو مێژووە دوور و درێژەی کەلێی داماڵێندراوە و لێی زەوت کراوە و نەتەوەکانی وەکو عەرەب و فارس و تورك، بەبێ ئارەق و بێکێشە کردوویانە بە موڵکی خۆیان. کەواتە ئەم شۆڕشە، پێش هەرشتێك خاوەندارێتیکردنەوەیە لە مێژوویەکی دزراو و گەڕانەوەی سەروەرییەکان.

٢ - دەست بردنەوەیە بۆ بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات لەناوچەکەدا. چونکە، ئەم شۆڕشە تەواوی کۆمەڵگەی کوردی لەژێر چەتری خۆیدا کۆ دەکاتەوە. بەمەش، هەموویان یەکپێ دەگرێت ( ئەمەش لەم شۆڕشی زەرەتۆشترایەدا ئاسانە چونکە خۆشەویستی و یەکترقبوڵ کردن و بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانە، پایەی سەرەکیی ئەو ئاینەن). بێگومان، هێزیش لەیەکگرتندایە و بەهۆشیەوە دەسەڵاتدارێتی وەك زلهێزێك لەناوچەکەدا بۆ خۆی دەستەبەر دەکات.

٣ - تاکە وەسیلەیە بۆ بەدەستهێنانەوەی هەموو ئەو خاکە فراوان و زۆر و زەوەندەی لێی داگیر کراوە. چونکە، یەکەم هۆکاری ئەم شۆڕشە خاکە. خاکەکەشی دابەش و زۆربەشی بەتەواوی لێسەندراوەتەوە و نەتەوەکانیتری لەسەر دەژین. بە فراوان بوونی شۆڕشەکە، ئەو خاکە زەوتکراوانە دەگێردرێتەوە.

٤ - کۆمەڵگەی کوردی، لەخورافاتەوە دەگێڕێتەوە بۆ سەر ڕەگی زانستیی خۆی. چونکە ئاین و بیروباوەڕی زەرەتۆشترای لەسەر پایەی زانست و عەقڵگەرایی هەڵچندراوە. بەمەش، کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی بەرهەم دەهێنێت کە دەیگەیەنێتەوە بەشارستانەیتی پێشکەوتووی هەنوکەی جیهان.

٥ -کۆمەڵگەیەکی بێچین و چەوسانەوە بەرهەم دەهێنێت کە تازەگەری و داهێنان ڕووە گەشەکەی ئەم شۆڕشە دەبێت و تێیدا تاکەکان خاوەنی بیرکردنەوە و مافە ڕەواکانی خۆیان دەبن کە ژیان تێیدا تا ئەوپەڕی لوتکەی خۆشبەختی دەچێت و بەهەشت لەسەر زەوییەکەیان دروست دەکەن. چونکە، ئاینەکە، بۆ بەدیهێنانی بەهەشت لەسەر زەوی هاتووە.

٦ - نەتەوەی کورد دەگەیەنێتە چەرخێکی نوێی ئەستێرەناسی. چونکە، خودی پەیامبەرەکەی ئەستێرەناس بووە و بەمەش سەردەمێکی نوێ بۆ مێژووی خۆی تۆمار دەکات و پێشبڕکێی زانستی لەگەڵ کۆمەڵگە و وڵاتانیتر دەکات.

ئەم بزوتنەوەی زەرەتۆشترایانە کەلە کوردستان سەریهەڵداوە، دەرگایەکی دەست بۆ نەبراوە و لەئێستادا سۆشیانتەکانی ( ڕزگارکەران) ی ئەو ڕێگایە بەهەموو توانایانەوە سەرقاڵی کردنەوەین. نە هیچ هێزێك و نەهیچ بیروباوەڕێك، ناتوانێت پێشیان پێبگرێت. تازە ئەوان مەشخەڵەکەیان داگیرساندووە و بەڵێنیان داوە جیهان و ژیانی پێ ڕۆشن و نوێ بکەنەوە.

## گوزەرێکی کورت بەناو نهێنییەکانی بووندا لەفەرهەنگ و زانستی دێرینی کوردا



## گوزەرەکەمان لەدیدی میثرا و موغەکانەوە:

بوون، چمکی سەرەکی و کۆتایی ژیانە، بۆیە، پێویستیی بەشیتەڵکردن و شیکردنەوەی وورد هەیە. تا لەم چمکەش نەگەین، ناتوانین ڕایەڵەکانی ژیان بناسینەوە.

بوون،  کەرەستەگەلی ژیریی مرۆڤە و لەناو وێنەکانی ئەندێشەدا ڕەگی داکوتاوە. هەموو ئەو وێنانەی کە مرۆڤ، لەڕێگای مێشکی خۆیەوە کە خاوەنی هۆش و ژیرییە، شوناسی بۆ داناوە. بۆیە، دەکرێت بێژین ژیری، وەك بەرهەمی ئەندێشەی مرۆڤ، تاکە پردی پێکهێنانی قەوارەی بیرکردنەوە و ناسینەوەکانی کۆکراوەی ئاوەزە کە ئەویش لە کۆی هەردوو وێنەکانی ئەندێشە و ژیری بەرهەم دێت. هەر لەهەمان ڕێچکەی ئەندێشە و ژیریدا کە ئاوەزیان لێپێك دێت، بوون، وەك هەستەوەرێکی پێگەیشتوو، لەکۆی گشتیی هەستەوەرەکانیتری ئەندێشە، خۆی دەنوێنێت و ڕایەڵەکانی لێ جودا دەبێتەوە.

بوون، کۆکراوەی هەموو ئەو زانیاریە هەستەوەریانەن کە وێنەکانی ئەندێشە، پێش ئەوەی بگەنە یەکدی، شیتاڵ و شیدەبنەوە بۆ ئاوێنەکانی ژیری. بەم پێیەش، بوون، پێش هەستەوەرە وێنەکێشەکان، نەزانراو و ناشناختە و نەبوون. لێرەشەوە، هونەری بوون هێندەیتر بەناخی ژیریدا ڕۆدەچێت و دەبێتە ئەندێشە و ئاوەز، بۆ ناسینەوەی دەوروبەری خۆی و هەروەها خودی خۆشی دەیانکاتە کەرەستەی بیرکردنەوە.

ئەگەر مرۆڤ، هەستەوەرەکانی لێ دابماڵیت، هەرگیز ناتوانێت ئەندێشەی هەبێت بۆیە هەستەوەرەکان دەوری کاریگەر و بەرچاو و بنەڕەتی دەبینن لەپێکهێنانی وێنەکانی ئەندێشەدا و ئەمەش وانەی ناسینەوە و شوناسی دەوروبەر و خودی بوونە و پەیجووری ڕاستەقینەی  ئاوەزە.

بوون، لەدیدی میثرادا، کە بنچینەی ئاینە کوردییەکانە و کۆنترین دەق و داتاکانی بوونی شی کردۆتەوە. پێی وایە ( بوون، ئەزەلییە). واتا، بوون، لەڕەچەڵەکدا خۆی پێك هێناوە و هەر هەبووە. بەم پێیە، بوون، واتای جاویدانەگی و نەمرێتی دەدات بەدەستەوە و ئەوەی کەهەیە دەرهاویشەی ئەون.

لەناو گێتیدا، مرۆڤ، بوونەوەرێکی دەگمەنە کە توانیوێتی بوون بسەلمێنێت خۆ ئەگەر مرۆڤ بوونی نەبووایە ئەوا بوون هیچ مانایەکی نەبوو. کەواتە، بوون بەستراوەتەوە بە بوونی مرۆڤەوە. سەرنجڕاکێشییەکەش لەوەدایە کە مرۆڤ هێندەی حەز و ئارەزوو بەژیانە، نایەوێت بوون بەجێبهێڵێت و دەیەوێت جاویدانەگی بژی و بەنەمرێتی بمێنێتەوە.

مرۆڤ، ئەو بوونەوەرەیە کەلەسەر زەوی لەدایك بووە و هەمیشە لەتێکۆشاندا بووە بۆ تێگەیشتن لە نهێنییەکانی بوون و گەیشتن بەنەمرێتی. ئەمەش بەهۆی هەبوونی ژیرێتییەکەیەوەیە.

مرۆڤ، هەر لەوکاتەی مێشکی گەشەی کردووە و وێنەکانی دەوروبەری هەڵگرتووە، چەندین ڕێگای بۆ بەردەوامبوون بەگەشەسەندنە ئاوەزی و زانستییەکانی، زمان و نوسینی دۆزیوەتەوە. بەو ڕێگایەشەوە تەواوی داهێندراوەکانی و مێژووی بوون و ژیانی خۆی بۆ نەوەکانیتری گواستۆتەوە.

مرۆڤ، ئەوەندە دەزانێت کەلەسەر زەوی دەژی و لەوەزیاتر ناتوانێت پێبخاتە دەرەوەی ئەو بازنە قەتیسماوە. تەنانەت ژیرییەکەی ناتوانێت پەی بەدەرەوەی خۆی ببات. ئەمەش کێشەی زۆری بۆ دروست کردووە و خزاندوێتییە ناو ئەفسانە و خەون و خەیاڵەوە و کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبەستراوی بۆخۆی داتاشیوە. ئەمەش هەر یەکێکە لە زیرەکییەکانی مرۆڤ کە توانیوێتی خۆی بخەڵەتێنێت. بەڵام گرنگە ئەوەش بزانین کە مرۆڤ، لەپێناوی مانەوەی بەزیندوێتی، دەستی لە پاش مەرگیش وەرداوە و چیرۆککگەلێکی وای بۆ خۆی هەڵبەستووە کە کاری کردۆتە سەر بیرکردنەوە و ژیرێتیی کۆمەڵگەکەی خۆی و جاری وا هەیە بە ملیۆنەها مرۆڤ لەپێناوی ئەو نەمرێتیەدا بەئێجگاری دەمرن.... میترا دەبێژێت: ( ئای مرۆڤ، چەند بوونەوەرێکی سەیریت و چەند سەرنج ڕاکێشیت کاتێك تەنها لەپێناوی مانەوەتدا بەزیندوێتی و عەوداڵیت بەدووی نەمرێتیدا، خۆشت هەڵدەخەڵەتێنیت و خۆت بەدرۆ و خەیاڵ و ئەفسانە هەڵبەستراوەکانت، خۆت کۆیلە دەکەیت و تەنانەت قوربانیشی بە مردنی خۆت پێ دەدەیت. مرۆڤ چەند سەیرە کەنایەوێت باوەڕ بە مردنی خۆی بکات!) لێرەوە سیحری نەزاندراو و ئەفسوناویی بوون وەك یارییەك تاکو مەرگ لەگەڵ مرۆڤدا زۆرانبازی دەکات. هەر یەکەو بەڕێگایەك دەیەوێت نەمر بێت.



**زەوی، باوەشی پەیدابوون و لانکەی گەشەسەندنی بوونەوەرانە**

زۆرن ئەوانەی وەدووی ئەو باوەشە لەبارەدا گەڕاون کە سەرەتا بوونەوەرانی لێ پەیدا بووە. بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە خۆیان لەمیترا لابدەن و لە زەرەتۆشترای پەیامبەری کوردان خۆیان قوتار بکەن.
میترا، دەستی بۆ نهێنیگەلێك بردووە کە پێدەچێت لەسەردەمەکەی ئەودا، بێجگە لەخۆی کە هۆش و ژیرێتیی تا ئەوپەڕی لوتکەی زانستی گەیشتووە، هێشتا مرۆڤ لەناو کەوڵی نەخۆشییە شێرپەنجەییەکانی مێشکدا سوڕاوەتەوە و دەروازەیەکی جێگری نەبووە کە ڕۆبچێتە ناو خۆیەوە. میترا دەبێژێت ( من، باڵابەرزترین کەسی ناو ئێوەم. دەزانم پێتان سەیرە کە من درێژییم ١٦ ( شانزە) پێیە و لەڕەنگ و ڕوخساریشدا لەهیچتان ناچم. هەندێك پێیان وایە نێرم و هەندێك دەڵێن مێم. هەندێك دەڵێن گوایە من خودام و هەندێکیش پێیان وایە من نەمرم. چەند گەمژەن ئێوە کە دەتانەوێت منیش بکەن بەخۆتان و باوەشم پێدابکەن و بمگرن تاکو لەبازنەی ئێوە دەرنەچم. ئێوە دەبێت ئەوە بزانن کە هێشتا ئێوە پەردەی ژیرێتیتان نەکراوەتەوە و مێشکتان تەمبەڵ و لاوازە و ڕۆشنایی تێنەپەڕاندووە). لەمەوە دەردەکەوێت سەردەمی میترا، سەردەمی گەشەی مێشکی مرۆڤ بووە و ئەم، تێی پەڕاندووە. کەچی ئەوەش جودایە کە میترا لەو دەمەدا لەهەموو مرۆڤگەلی سەر زەوی باڵابەرزتر و گەورەتر و زەبەلاحتر بووە ئەمەش ڕێك بەپێچەوانەی گەشەی مرۆڤەوە

بووە. تەنانەت وا دەردەکەوێت کە میثرا، هەڵگری هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بووە. لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە مێشکی میثرا، سووڕی گەشەی لەهەمووان کامڵتر بووە. سەرسوڕهێنەریش وەك پەرجویەك ئەوەبووە کە میثرا، زانست و ڕووداوەکانی پێش خۆی زانیوە. ئەو،پەی بە هەموو ئەو نهێنییانە بردووە کە لەتۆڕە مێژووەییەکانی پێش خۆی ڕوویان داوە و قۆناغەکانی دروستبوون و ژیانی ئەستێرەی زەویی واڵا کردووە و گەشەی مرۆڤی شیکردۆتەوە و کردوونی بەچەند قۆناغێکەوە:



**قۆناغەکانی گەشەی زەوی و دروستبوونی زیندەوەران:**

زەوی و بوونەوەران، بەحەوت قۆناغدا تێپەڕیون و بەکامڵ بوون و پوختەیی گەیشتوون:

١- ( قۆناغی شیری) لەم قۆناغەدا زەوی لەژێر کاریگەریی دەوروبەریدا خۆی گرد کردۆتەوە و سیستەمێکی بۆ خۆی پێکهێناوە و خۆی لەگەڵ هەسارەکانیتردا گونجاندووە.

٢- ( قۆناغی سوور) لەم قۆناغەدا زەوی، بەهۆی فشەڵی و خواروخێچییەوە، پارچەیەکی لێ بۆتەوە و بووە بەمانگ و بەدەوری خۆیدا شەتەکی داوە و خۆی پێ جۆر و چاك و تەندروست کردووە.

٣- ( قۆناغی تاو) لەم قۆناغەدا زەوی تاوی بەخۆی داوە واتا هێزی بەخۆی داوە و ئاوی پێکهێناوە و ناوکرۆکی خۆی بەتوندی داڕشتووە و چینەکانی لەسەر یەك داناوە و مادده جۆراووجۆرەکانی لەناو خۆیدا ڕێك خستووە.

٤ - ( قۆناغی زایین) لەم قۆناغەدا زەوی، توخمەکانی لەناو باوەشی خۆیدا، بەهۆی ئاو و هەواو و خۆرەوە پیتاندووە و زیندەوەری لێ دروست بووە.

٥- ( قۆناغی شێرپەنجە و گەشەی بەردەوام) لەم قۆناغەدا، بوونەوەرەکان بەردەوام لەگەشەسەندندا بوون و کۆمەڵێك لەناودەچوون و کۆمەڵێکیتر جێگەی دەگرتنەوە کە تەواو لەیەتری جودا بوون.

٦- ( قۆناغی کامڵبوون) لەم قۆناغەدا، بوونەوەرەکان لەگەشە وەستاون و پیتاندنیش جێگەیەکی نەماوەتەوە و گەیشتوون بە پوختەیی.

٧- ( قۆناغی خەسیوی) لەم قۆناغەدا هەرچی هەیە لەگەشە دەوەستێت ( دەخەسێت) و زەوی دەست بەو شێوەژیانەوە دەگرێت و سووڕی ژیانی لەو ئاستەدا بەردەوامی پێدەدات.

بەم پێیە، میثرا، کە بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ، پێشەواو ڕابەری تەواوی مرۆڤگەلی سەر زەوی بووە بە حەوت قۆناغ زەوی دەکات بەدایکی بوونەوەران و پێی وایە تەواوی زیندەواران بەسیستەمێکی خاکییانەی بێکەم و کوڕی

لەزەوی بوون. لێرەوە، دەکرێت بوون بە زەوییەوە ببەستنەوە و ئەمەش ئاسانکاریی زۆرمان بۆ دەکات تاکو لە نهێنییەکانی بوون بگەین. بەڵام پێویستە بپرسین بزانین میثرا کێیە و چ کارە بووە و لە چ سەردەمێکدا ژیایەوە و چۆن ئەمانەی وا شی کردۆتەوە؟



**میثرا کێیە؟**

میترا، ناوی میهرە و بەواتای خۆشەویستییە و لەبنەچەی دۆموزییە و باپیرەگەورەی گەلگامێشە و باپیرەگەورەی نەتەوەیی کوردە. لە ناوچەی زاگرۆسی ئێستا و لە شەوی ( چلە) کە درێژترین شەوی ساڵە و دەکەوێتە ناوەڕاستی زستانەوە و بە شەوی یەڵدا ناسراوە، هاتۆتە دنیاوە و خوێندکاری زاناکانی ئەوسەردەمەکەی خۆی بووە. وێرای ئەوەی قارەمان و سوارچاك و پادشا بووە، پسپۆڕ و شارەزا بووە لە بوواری ئەستێرەناسی و ڕوەکناسی و ئاژەڵناسی و پزیشکیدا و کیمیاگەر و دەرمانساز بووە.

، لەمنداڵییەوە و لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە بەهرەکانی بەدیار کەوتوون و لۆ پەرەپێدانیشی لەلایەن باوکی و دایکییەوە پشتگیری کراوە و هاوکارییان کردووە. خوشکێکی هەبووە ناوی ( نیلوفەڕ) بووە و زۆری خۆش ویستووە و گرنگیی پێداوە. بەڵام، بەهۆی پەتایەکەوە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا کۆچی دووایی دەکات. ئیتر مردنی نیلۆفەڕی خوشکی دەبێتە هۆی خەمباری و تاکو مردیش لەبیری نەچۆوە و بەداخی ئەوەوە سەری نایەوە.

میترا، لەسەردەمی لاوێتییدا، بەهۆی ئەوەی دەستی لە بەکارهێنانی تیروکەواندا زۆر باش بوو و نیشانی بەباشی دەپێکا، ڕاوچییەکی نایابی لێ هەڵ کەوتبوو. بەو هۆیەشەوە، لەگەڵ تیمی ڕاوچییاندا سەفەری دووری دەکرد و بەردەوامیش بەدەستکەوتی باشەوە دەگەڕایەوە ناو خێزانەکەی. لە جەنگ و زۆراانبازیشدا پاڵەوانێکی بێهاوتابوو و لەئەنجامی زیرەکی و پسپۆڕییدا بۆ ژیان، بووە پادشا و لە ناوچەکانی کوردستانی ئێستادا بووە فەرمانڕەوا و بەلانی کەمەوە زیاتر لە ١٠٠ ( سەد) ساڵ تەمەنی کردووە.

میهر، یان میترا، بۆ یەکەم جار گالیسکەی بەدەستی خۆی دروست کرد و لە ( میهر یەشت) دا لە پەرتوکی ئەوێستادا بەجوانی باسی ئەوە دەکات و بەووردی هەڵوێستەی لەسەر کراوە.

میترا، یان میهر، یەکەم کەس بوو کە ووشەی ( خودا) ی بەکار هێناوە و پێکهێنەر و دروستکەری یەکەم سیستەمی بەڕێوەبردن و یەکەم ئەنجومەنی بەکۆمەڵی پیرانە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆجێیەتی وووڵاتدا و یەکەم دەستووری سەرزەوی ئەو نوسیوێتی و وەك خودا پەرستوویانە. ئەو، یەکەم پاشای سەرڕووی زەوی بووە ( پاشا) بەمانای خودا بووە و ووشەی ( یار) هەمان واتا دەکات و ( خودان) هەمان شت و ( ئیزەد) یش هەر هەمان خودایە کە بەمیترا ووتراوە و ( هۆر) ، کە بەواتای خۆر دەکات و نەتەوەی کوردیش پێشتر بەهۆری ناسراوە، هەمان خودای میترا دەکات کە پاشتر بووە بە ( ئەهورا) لەلای موغەکانی پاش میترا.

موغەکانی پاش میترا، پەرەیان بە زانستی میترا داوە و ووردیان کردۆتەوە و گەلێ گۆڕانکاریی گرنگیان تێدا ئەنجام داوە. دەستیان بۆ یەکەم سەرەتای دروست بوونی مادده بردووە و دابەشیان کردووە بەسەر حەوت قۆناغدا و گەشەی زەوییان تاکو هەڵهێنان و پیتاندن کردووە بەسێ قۆناغەوە و پاشان بۆ ناو هەرە بەشی ووردی بوونەوەران شۆڕ بوونەتەوە و مرۆڤیش وەك زیرەکترین و ترسناکترین بوونەوەر چواندووە.



## موغەکان کێن؟

موغ، یان ماژ، یان مەگوس، یان مەجوس، کۆمەڵەیەکی خاوەن فەرهەنگ و زانست بوون و کورد، لەبنە و بنچینەی ئەوانە و نەوەکانی میژران.

موغەکان، لەناوچەکانی جوگرافیی ئێستای کوردستاندا ژیاون و زمان و نوسینیان هەبووە و باوەڕ وایە زمانی ئەوێستایی کە پەرتوکی ئەوێستای زەرەتۆشترای پێ نوسراوەتەوە زمانی نوسین و گفتوگۆکردنی ئەوان بووە و میدەکان و ساسانییەکان درێژکراوەی ئەوانن و ئێستا بەهەموویان دەبێژن کورد.

موغەکان، سەرچاوەی تەواوی ئاینەکانی سەرگۆی زەوین و کۆی گشتیی فەلسەفەی بوون و ژیرێتییەکانی مرۆڤ، ئەوان گواستوویانەتەوە. سیستەمی بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵ و خوێندن و نوسین و وێژە و هەڵبەست و داستان و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و هەڵکۆڵین و ئاین و خوداپەرستی و پزیشکی و دەرمانسازی و ئەستێرەناسی و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و ڕستن و چنین و دۆزینەوەی ئاگر و دروستکردنی گوند و قەڵا و شار و ئاودێری، لەگەورەترین و ناودارترین دۆزینەوەکانی ئەوانن.

موغەکان، چەقی زانست بوون لەسەر ڕووی زەوی و گەلێ داهێنانی زانستییان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە. هەمیشە سەرکەش بوون لەدۆزینەوەکان و بزوێنەر بوون لەگەشە و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ. کۆمەڵناس و زانستوان بوون و توانیویانە پێگەی خۆیان بۆ هەزاران ساڵ لەناو کۆمەڵگەکانی ئەودەمدا و تاکو ئێستاش بە زیندوێتی بهێڵنەوە.

موغەکان، وەك ئەوەی کە درێژکراوەی میترا بوون، باوەڕیان بە نەمرێتی هەبووە و سەلماندوویانە کە بوون و نەبوون بەیەکەوە لەدایك بوون. ئەوان، بەدرێژایی هەزاران ساڵ خودایەتییان لەسەر زەوی کردووە و تا گۆڕانکارییە نەوعییەکان پادشا بوون و لەکاتی هاتنی ئاینی ئیسلامدا، لەدەسەڵات داماڵێنراون و نەوەکانیان کە کوردن، بێبەش و بەش بەش و دابڕاو لە زانستەکانی باوباپیرانیان، لەکاروانەکە بەجێماون.



## حەفت قۆناغەکەی دروست بوون لەزانستی موغەکاندا:

حەفت قۆناغەکەی دروست بوون و لەدایك بوونی یەکەم گەردیلە و پاشان گەورەبوون و دروست بوونی گێتی بە ( تەقینەوە گەورەکە) ناوبردووە کەلەدەرەنجامدا ڕوناکی و ئاگر و گڕ و گەرمیی لێ پەیدا بووە و بوونی بەرهەم هێناوە.

موغەکان حەفت گیانی نەمر ( ئەمیشاسپەندان) یان کردووە بە بنچینەی دروستبوون و لەشێوەی مینۆییدا دایانڕشتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ئەشا واتا ( ڕاستی) کە بنچینە و سەرەتای ڕەوت و ڕیتمی مینۆیی و یەکەم کەرەستەی ڕەوانیی داڕشتنی شەش هێزەکەی دیکەی پاش خۆیەتی. کە هۆکاری لەدایك بوونی ئەوانیترە و هەروەها سیستەمی ڕێکخستن و هاوسەنگی و مانەوەیانە.

٢- وەهومەنە( پاکێتی و چاکێتی) ئەم هێزەیان، پرشنگی تێکەڵاوبوون و مانەوە و ڕێکخستنی یاسای ئەشایە و هۆکاری بەرهەم هێنانی ئەوانی دووای خۆیەتی.

٣- خشنەثرا وە ئیریۆ ( توانامەندی) ئەم هێزە پرشنگی بڕیاردانی بەیەکەوەبوونی هێزەکانە و ڕاگرتنی بۆشایی نێوان هێزەکانە. توانامەندیی سەرکێشییە بۆ لەدایکبوونی بەشێکیتر و خۆڕاپسکان و هێزدانە بەرخۆیە بۆ بڵاوبوونەوە و فراوان بوون.

٤- سپەنتە ئارمەئیتی( خۆشەویستی و بەیەکەوە بوون) ئەم هێزە مینۆییە، لەپاش پاکێتی و چاکێتی لەدایك بووە و هۆکارە بۆ بەیەکەوە بەستن و ڕاکێشان و گردکردنەوە و توانەوە و گرێدانی کۆی گشتیی هێزەکان بە پاکێتی و ئەشاوە کە ڕیتمی داڕشتنەکەیانە.

٥- هەئوروەتات ( پێگەییوی) ئەم هێزە پرشنگی کامڵ بوون و تەواوکارییە و تەواوی پرشنگەکانیتر دەپێتێنێ بۆ لەدایك بوون.
٦- ئەمیرەتات ( جاویدانەگی، نەمرێتی) ئەم هێزە، پرشنگی یەکەم سەرەتای بوونە. لێرەوە بەهەموویان دەبنە بوون و یەکەم گەردیلەی مادده دروست دەبێت.
٧- ئەهورا مەزدا( خودا) کەبەواتای ئافەریدەگاری مەزنی دانا کە بەدانایی و لە شەش پرشنگی مینۆییدا، لە تەقینەوەیەکی گەورەدا، بوون بەرهەم دەهێنێت و گێتی، لە حەوت نهۆم پێك دەهێنێت.
موغەکان، پاش ئەو شیکردنەوەیە، کاکێشانی شیرییان ناساندووە کە لە هەزاران کۆمەڵەخۆر پێك دێت و کۆمەڵەکەی مرۆڤیشیان بە کۆمەڵەی خۆری خاوەن زەویی سەوز ناساندووە.
ئەگەر بیهێنینە پێش چاوی خۆمان کە شەش هێز، یان پرشنگی ئەهورایی مینۆیی وەك ڕەوان، یەکیان گرتووە و تەقیونەتەوە و لەئەنجامیشدا، گەردیلە لەدووای گەردیلە و ئەستێرە لەدووای ئەستێرە لەدایك بوون و درووست بوون. ئەمانە، یەکەم جار هەڕەمەکی لەدایك بون و تێکەڵاو بوون و بەیەکیاندادوە و تێکشکاون و تێکترنجاون و دووبارە تەقیونەتەوە و مردوون. کەواتە، لەدایك بوون و مردن، بەردەوامیی هەیە و بەیەکەوە ژیانیان پێك هێناوە. ئەگەر بە ووردی تێی بڕوانین دەبینین مردن، بریتییە لەشیبوونەوە بۆ پرشنگە سەرەتاییەکان و لەدایك بوونیش بریتییە لە پرشنگە مینۆییە سەرەتاییەکان. بۆیە، دەکرێت بڵێین گێتی بەردەوام لەگەورەبووندایە و هەرواش بەردەوام ئەستێرەکان مەرگیان دەبێت و بوونیش بریتی دەبێت لە نەبوون. هەر بۆیە موغەکان پێیان وابووە بوون و نەبوون بەیەکەوە لەدایك بوون.



**موغەکان، بە سێ قۆناغ ژیانیان لەسەر زەوی شیکردۆتەوە:**

**سێ قۆناغەکەی زەوی بریتین لە:**

١- ( قۆناغی دروست بوون) لەم قۆناغەدا، زەوی لە ئەستێرەیەکی گڕاویی گەورەی سەرگەردانی ناو کاکێشانەوە بۆ ناو تۆڕی خولانەوەی دەوری خۆر، گیرساوەتەوە و بە ماوەیەکی دوور و درێژدا تێپەڕیوە و ساردبۆتەوە و مانگی لێبۆتەوە.

٢- ( قۆناغی تێکەڵاوبوون) لەم قۆناغەدا، تەواوی گەردیلە جۆراوجۆرەکانی سەر زەوی، بەهۆی تەقینەوە و بورکانی بەردەوامەوە دەستیان بە تێکەڵاوبوون کردووە و چینەکان خۆیان ڕێکخستووە و بەچەندین جار ساردبوونەوە و گەرمبوونەوەدا ڕۆیشتووە. پاشان، خاك و ئاو و هەواو گەرمی ڕێژەی خۆیان وەرگرتووە.

٣- ( قۆناغی تەواوکاری) لەم قۆناغەدا، کەزەوی لەبار بووە، پیتاندن ڕوویداوە و بوونەوەرەکان دروست بوون و گەشەیان کردووە.

موغەکان، هەر یەکێك لەم قۆناغانەیان پێ دووای پێ داڕشتۆتەوە و شۆڕ بوونەتەوە بۆ ناو ووردیلە نهێنییەکانی و سەرنجڕاکێشتر لە میترا داهاتێکی زانستیانەیان بۆ نەوەکانی دووای خۆیان بەجێهێشتووە کەتاکو ئێستا هیچ کەڵەزانایەکی ئەم سەردەمە نەیتوانیوە شان بدات لەشانیان و وەك لەسەرەوە شیمان کردەوە، دەستیان بۆ قۆناغی پێش دروستبوونی گێتیش بردووە.



## ڕۆچوونێك بەدیدەكانی میترادا دەربارەی ژیانی زەوی و بوونەوەران

میترا، بوونی لە چوارچێوەی هەستەكانی ئاوەز( عەقڵ) ی مرۆڤدا شیكردۆتەوە و پێی وابووە كە بوون، دەرهاویشتەی هەست و پەیپێبردنەكانی ( خەرەد، یان ئاوەز، یان عەقڵ) ە و دایكی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەرەكانیتر زەوییە. بەم پێیە زەویی بە دایكی بوونەوەرەكان ناو بردووە.

میترا، كە پێشینەی موغە كوردەكانە، گەشەی بەردەوام و لەپڕەكانی بوونەوەران بە خراپ بوون و دروستبوونی وەرەم دەچوێنێت و پێی وایە، هەستەوەرەكان، لەپێویستییەكانی تەواوكاریی جەستە و گەشەی بونەوەرەكاندا، لەئەنجامی خراپبوونی جەستە و ئەندامەسەرەتاییەكانی كۆمەڵێك بوونەوەردا، پەیدابوون و بوونەتە بەشێك لەتەواوكاریی جەستەی بوونەوەرەكان. و ئەمەش لەژێر هەژموون و كاریگەریی پێگەیشتنی و تەواوكاریی سوڕی ژیانی زەوی ڕوویداوە و بوونەوەرەكان، خۆیان، لەجەستەیاندا گەشەیان بەم هەستەوەرانە داوە و تەنانەت قاڵبی جەستەشیان لەسەر بونیاد و بنچینەی ئەم هەستەوەرانە داڕشتووە.

بوونیاد و سروشتی بوونەوەرەكانی سەر زەوی، بەتەواوی لەزەوییە دایكەكەیان دەچن. هیچ جیاوازییەك لەنێوان پێكهاتەكان و چۆنێتیی ژیانی زەوی و بوونەوەرەكانی سەر زەویدا نییە. زەوی، بەهۆی هەستەوەرەكانییەوە لەگێتیدا خۆی گونجاندووە و ژیان دەكات. مانگ، یەكێكە لەهەستەوەرە گرنگەكانی زەوی. سەنگ و تەرازووی زەویی لەگێتیدا ولەناو كۆمەڵەكەی خۆیدا ڕاگرتووە. ئەو دەمەی كەزەوی خۆی ڕێك دەخست، مانگی لەخۆی كردۆتەوە و ئەمەش ئەو وەرەمەیە كە جەستەی پێ باش كردووە و پاش فڕێدانەوەی لەخۆی، لەمەودایەكی نزێك لەخۆیدا، شەتەكی داوە و چاوی زەوییە بۆ ڕێكخستنی سوڕانەوە و هێزی دووەمی قورسایی زەوییە لەناو ئەو خولانەوە جۆراوجۆرانەی كە جوڵەی زەویی پێكهێناوە.

بەرگەهەواییەكانی زەوی، دووەم هەستەوەری زەوین كە ژیانی زەوییان هێشتۆتەوە و پێستەهەواییەكن كە ناهێڵن پڕوشە ئاگرینەكانی خۆر كاریگەرییان لەسەری هەبێت و هێڵەكێكن بۆ پاڵاوتنی ئەو پڕوشانە و زەوی، لەڕێگەیەوە زاوزێی پێ كردوون و ژیانی بوونەوەرەكانی پێ بنیاد ناوە و خۆی بەو پڕوشانە پیتاندووە. دابەشكردنی بەرگەهەواییەكانیش لەخوارەوە بۆ سەرەوە، زیرەكیی ئاوەزی زەوی دەردەخات كە چۆن پێكهاتەی سروشتیی خۆی لێ دروست كردوون. هەر لەڕێگای گەرمیی پڕوشەكانی خۆرەوە، گەردەكانی ئاو شیدەكاتەوە و دەیاندات بەدەم بای هەناسەیەوە و بەچڕكردنەوەیان لەجێگا ساردەكانی ناو بەرگە هەواكەیدا، دەیاندڵۆپێنێت و بوونەوەرەكانیتری ناو باوەشی خۆی پێ ئاو دەدات و بەردەوامی بە مانەوەیان دەدات. بەم پێیە هەستەوەری بەرگەهەواییەكان، ڕۆڵێكی كاریگەر لە ژیانی زەویدا دەگێڕێت و هۆكارێكە بۆ پاراستن و بەردەوامیدان بە ژیانی زەوی.

بەپێی شیکردنەوەکانی میثرا، هەستەوەرەکانی زەوی، تەنها لەو جووتەدا خۆیان نابیننەوە، بەڵکو زەوی، هەستەوەری گرنگ و سەرنجڕاکێشی هەیە کە یەکێکیان لەناو کرۆك و ناوکی زەویدایە و ماددەیەکی شلە و بەرزترین پلەی گەرمیی هەیە و سەرپەرشتیی گەرمبوون و ساردبوونەوەی زەوی دەکات و لەکەشێکی لەباردا ڕایدەگرێت. بێجگە لەوەش، کۆمەڵێك تیشکی موغناتیسیی ڕاکێشان و شەتەکدانی لێ دروست دەبێت و وەك گوریسێك خۆی هەم بە ئەستێرەکانیترەوە و هەم بەخۆرەوە پێ گرێ دەدات و ناشهێڵێت لە بازنەکەی خۆی دەربچێت و لەڕێگای مانگیشەوە ئەم خۆبەستنەوە و مانەوەیە لەناو بازنەی سوڕانەوەکانیدا، وەك خۆی دەهێڵێتەوە. ئەم هەستەوەرە، کە سێیەم هەستەوەری ژیانی زەوییە، کێش و قورسایی هەزاران جار هێندەی زەوی خۆی دەبێت.

میثرا، دەبێژێت ( ڕەوانی زەوی، توێکڵێکی چین لەسەر چینی ئۆرگانیی بۆخۆی داڕشتووە و لەو گەردەبۆگەنانە، تۆو و هێلکەی بوونەوەرەکانی دروست کردووە و لەڕێگای پڕوشەکانی خۆرەوە پیتاندوونی). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زەوی، کۆمەڵێك ماددەی ئۆرگانیی لەناو ناخی خۆیدا هەڵگرتووە و بەردەوام و لەهەر هەڵکەوتێکدا کەبۆی ڕێك بکەوێت دەیانپیتێنێت و زیندەوەری نوێ دروست دەکات. وەك میثرا دەڵێت ( دەستکاریکردنی ئەم شانە ئۆرگانییانە، ژیانی زەوی دەخاتە مەترسییەوە و تەنانەت پێش ئەوە ژیانی بوونەوەرەکانی پێ لەناو دەچێت). ئەم شیکردنەوەیەی میثرا هەموو ئەو دیدانە ڕەت دەکاتەوە کە دەبێژن، نەوت و گازی سروشتی ماددەی ئۆرگانیی جەستەی ئەو بوونەوەرە پێشوونانەن کەبەهۆی بومەلەرزە و کەوتنە خوارەوەی پارچەئەستێرەدا بۆ سەر زەوی لەناو چوون و ئەم نەوت و گازە سروشتییەیان لەناو زەوی لێ پێکهاتووە. کەواتە، ئەم ماددە ئۆرگانییانەی ناو زەوی، قۆناغی لەدایکبوون و دروستبوون و پیتاندنی بوونەوەرەکانە و بەم دەرهێنان و بەفیڕۆدانانەی کە مرۆڤ دەیانکات و پێویستییەکانی خۆیانی پێ پڕدەکەنەوە، هەڕەشەیەکی گەورەیە لەئاییندەی زەوی و ژیانی زەوی و بوونەوەرەکانی سەر خاکەکەی دەکرێت. هەر بۆیە، زەرەتۆشترای مەزن سەبارەت بە مرۆڤ دەبێژێت ( مرۆڤ، هێندە ترسناکە کەلەدەستیدایە ڕوناکایی خۆر بکوژێنێتەوە. بۆیە پێویستە خۆی، خۆی ڕام و دەستەمۆ بکات).

شادەماری هەستەوەرەکانی زەوی، لەسوڕانەوەکانیدا کۆدەبنەوە و بە جوڵانەوەکانی لەناو گێتیدا و لەبازنەکەی خۆیدا، ژیان و بوونی پێك دەهێنێت. تەنانەت دەنگ و زیڕەزیڕ و جیڕەجیڕ و بۆڕە بۆڕەکەی لەناو وگێتیدا وەك ئەوە وایە لەگەڵ ئەستێرەکانیتردا گفتوگۆ بکات. هەر ئەمانەش نییە، بەڵکو، زەوی، لەگەڵ کۆمەڵەکەی خۆیدا، دەبنە هەستەوەری دراوسێکانی و کەرەستەی گواستنەوەی یاساکانی ڕێکخستنیانە بەیەکەوە. وەك میثرا دەبێژێت ( بوون، بریتییە لە یاسا و هەستەوەری ئەستێرەکان لەگێتیدا).

میثرا، پێی وایە، گێتی خوداوەند و دایکی زەوییە. ئێمەش، لەزەوی بووین و بەپڕوشەکانی خۆر پیتێندراوین و لەشەودا گەشەمان کردووە و لەدایك بووین. وەك دەڵێت ( گوڵی نیلۆفەڕ، تاکە بوونەوەری سەردەمی پیتاندن و گەشەکردن و لەدایکبوونە کە تاکو ئێستا سروشتی خۆی نەگۆڕیوە و لەشەودا دەکرێتەوە و بەڕۆژیش خۆی دادەپۆشێت و دەنوێت). کەواتە، ئەگەر ئەم گوڵە بەنمونە وەربگرین ئەوا ئاسانتر دەتوانین لە سەردەمی دروستبوونی بوونەوەرەکان بگەین کە بەهۆی پروشەکانی خۆرەوە، لەناو باوەشی زەویدا و لەماددە ئۆرگانییەکانی کەڵیان گرتووە و پیتێندراوون. پاشان لەگەڵ خۆرئاوابووندا گەشەیان کردووە و لەدایك بوون. کەواتە، پێش ئەم هەوڵە سەرکەوتووە، زەوی، چەندین تێکۆشانیتری بەخۆیەوە بینیوە. بەمانایەکیتر، چەندین گۆڕانکاریی وورد و بەردەوام لەگەڵ تەمەنی زەویدا ڕوویداوە تاکو گەیشتووە بەم لوتکەیە. لەوانە، پێدەچێت بوونەوەرەکان پێشتر ئاوی یان خاکی بووبێتن. وەك ئەوەی بوونەوەری جەستە ئاو یان بوونەوەی جەستە خاك پەیدابووبێتن، بەڵام ئەمانە نەیانتوانیوە بەردەوام بن و وەرەمەکان تێکیان داون و پوکاونەتەوە. یان لەژێر هەژمoونی گەرمبوونەوە و ساردبوونەوەی زەویدا کۆتاییان پێهاتووە. بەڵام کاتێك زەوی ڕسکاوە، واتا کەگەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتوویی بوونەوەری خاس و تەواوی لێهەڵهاتووە و ئەوانیش هەر بەهۆی گەشەی بەردەوامی زەوییەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بۆیە، گەشەی بەردەوامی جیناتەکانی بوونەوەران، ڕاستەوخۆ لەلایەن سروشتی بوونی زەوییەوە ڕێکخراوە و وەرەمەکانیش ( خانە و هەستەوەرە شێرپەنجەییەکان) کە تا ئەوپەڕی لوتکەی گەشەکردنی خێرا خزیوون، بونەوەرە پێشکەوتووەکانی لێدروست بووە و قۆناغ بەقۆناغیش بووە بە بۆماوە و گەیشتۆتە سروشتی بوونی ئێستایان.

لێرەوە، مرۆڤ، کە پێگەیشتووترینیانە، بەدووای بوونی خۆیدا دەگەڕێت و سەرگەردانی ناو ئەو گێتییەیە کە هیچی لێتێناگات و لەئاست و توانای بیرکردنەوەی مێشکە بچوکەکەیدا نییە. بەڵام، وەرەمی شێرپەنجەی گەشەکردن، لەهەندێك لەتاکەکانیدا تا ئەوپەڕی دەچێت و ڕێگای پێدەدات کە بەیاسا و زانیارییەکانی بنچینەکانی درووستبوونی خۆی بگات و میێراش یەکێك بووە لەوانە. ئەم هاوکێشەیە بەگەورەبوونی مێشکدا گوزەری کردووە کە تێیدا ئەندێشە، وەك گەنجینەی ناو بڕگەکانی پێزانین و هەستکردن و بینین و گوێلێبوون و بۆنکردن و دامەزراوەی ڕیشاڵۆکە خەیاڵییەکانی تەرازووی ( ئاهوو) کەلە ئەنجامی ئاوەزەوە دروست دەبێت، وێنەگەلی خەیاڵی داهێناوە. هەر ئەم داهێندراوەی مێشك لە ناسینەوەی دەوروبەر لەڕێگای هەستەوەرەکانییەوە کە جێگەی خۆیان گرتووە، بوون بە ئەندێشە. تاکو ناسینەوەکان قوڵتربێتەوە. ژیری زیاتر و زیاتر دەچەسپێت وەك میێرا دەڵێت( ژیری، لە ناسینەوەی گەمژەییەوە سەردەردەهێنێت، تاکو گەمژەبوون دیاری نەدات، زیرەکی و ژیری بەرجەستە نابێت. ئەمانەش ئەندێشە خەیاڵییەکانی پێش تەرازووی ئاهوون و بەپردی بیرکردنەوەدا دەڕوات و دەبێتە ژیری). لەم دەرەنجامەشەوەیە میێرا دەبێژێت( مرۆڤ، چەند سەمەرەیە کە لەهەستکردن و ناسینەوەی تەرازووی گەمژەیی خۆیەوە، ژیری دەناسێتەوە. کەواتە ئەوانەی کەدەزانن گەمژەن، هەر بەڕاستی گەمژەن دەنا ئەگەر بەڕاڕەوی گەمژەییدا ڕۆنەچن کەنگێ دەتوانن ژیری بەرهەم بهێنن!)



## دید و تێڕوانینی موغەکان، دەربارەی مرۆڤ و زەوی

گۆشەنیگای ووردکردنەوەی موغەکان، کەڵەکەبوونی زانستی دێرینەی میثرایە. تەواوی درێژکراوەی ئەو تێڕوانینانەیە کە ئەمان بەووردی کاریان لەسەر کردووە و نهێنیی دیکەیان لێ داتاشیوە و بەئەزمون و تاقیکردنەوەی بەردەوام و بەدوواداگەڕانی سەرسەختانەیان توانیویانە پەی بەو نهێنییانە بەرن کە پێشتر نەتوانراوە ڕیشاڵۆکەکانی لەیەکتر جودا بکرێتەوە.

لەدیدی موغەکانەوە، ( زەوی) فرەوەهری تایبەت بەخۆی هەیە و گیانی هەیە و توانایەکی جاویدانیی هەیە لە خۆبەڕێوەبردن و خۆپارێزی لەتەنەدژبەرەکان و تەنانەت دایکی تەواوی بوونەوەرەکانی سەر ڕووەکەیەتی.

موغەکان، ژیانی زەوی بۆ ملیاردها ساڵی لەمەوبەر دەگێڕنەوە و بە ئەستێرەی زیرەك و زەویی سەوز و بەردار، ناویان بردوە.

زەوی، وەك قەبارەیەکی خواروخێچی گڕاوی لە قوڵایی ئاسمانەوە هاتووە و لەمەدارێکدا و لەدەوری خۆر گیرساوەتەوە و ئەستێرەیەکیشیان لەنێواندایە.

زەوی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تاکو گەیشتووە بە کامڵ بوون و تەواوکاری:

١- قۆناغی خواروخێچیی گڕاوی.

٢- لێبوونەوەی مانگ و شەتەکدانی بەخۆیەوە.

٣- توانەوە و ڕێکخستنی ماددەکان لەکۆمەڵێك چینی تایبەتدا و ڕێکخستنی ماددەکانی پیتاندن و ڕێکخستنی بەرگە هەواییەکان و دروستبوونی ئاو.

٤- ساردبوونەوە و بەستن.

٥- خاوبوونەوە و دروسبوونی خانە ئاوییەکان و لەناوچوونیان بەهۆی بەرگەنەگرتنیانەوە.

٦- گەرمبوونەوە و تەقینەوەی بورکانەکان و دروستبوونی زەریا و دەریا و دەریاچەکان و لافاوێکی زۆر.

٧- دروستبونی خانە سەرەتاییەکان و گەشەی بەردەوامیان و پاشان دروستبوونی ووردەڵەکان. لەوێوە ئاژەڵان و پەلەوەر و درەخت و گژوگیا هەریەکەیان لەپۆلێکی جیاوازدا بەرێگای پەرەسەندن، گەشەیان کردووە بۆ زۆربوونیش لە دوو خانەجەستەیی جودای ( ئەشێ و مەشێ) نێر و مێ و فراوانبوونیان و گەشە و گۆڕانکارییەکانیان بەجیاوازییەکی زۆری شێوەی جەستەیی و ناوکییەوە دەستپێکردووە. بە ڕێڕەوێکی پڕ لەگۆڕانکاریدا بە ووشکانی و ئاوییەوە بەهەنوکە گەیشتوون و پۆلی ڕەگە سەرەتاییەکانی مرۆڤیش پۆلێکی تەواو جودا و سەربەخۆ بووە تیایاندا.

٨- قۆناغی تەواوکاریی و پوختەیی کە پۆلی مرۆڤی تێداگەیشت بە خاوەنی ئاوەز( خەرەد، عەقڵ).

هەرچەندە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی قوباد شاهەنشای ساسانییەکاندا و لەسەردەمی هاتنی ( مەزدەك) دا موغێك دەرکەوت و پەرتوکێکی بەناوی ( بندهش) نوسی و تێیدا ئەفسانەیەکی هێناوەتەوە و لەچیرۆکە ئەفسانەییەکەدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ، لەشێوەی گوڵی دفرەختی ڕێواسدا و لە ئەشێ و مەشێدا لەسەر کەنارەکانی دەریا درووست بووە و ( کیومەرس) وەك یەکەم مرۆڤ و پیاوێك لەلایەن ئەهوراوە ئافرێندراوە و تووەکەییەزەویدا بڵاوبۆتەوە و زۆربوونی لێ کەوتۆتەوە. ئەمە تەنها بۆ ئەوە بوو کە پەرجویەك بۆ نهێنییەکانی بوون پێکبهێنێت و کۆمەڵگە بەئاسانی لەو نموونەیەوە تێبگەیەنێت. بەڵام ئەمە نەچووە سەر جیهانبینیی زەرەتۆشترای و کورد و تەنها نوسینێکی داستان ئەندێشەیی بوو و دوور بوو لەزانستەوە و هەر زوو ڕەت کرایەوە کە مرۆڤ بنچینەی درەختی ڕێواس بێت یان لەپیاوێکەوە سەریهەڵدابێت تەنانەت ئەوانەی کە هەنوکە دوشمنایەتیی زەردەشتیەکان دەکەن ئەم نموونەیە وەردەگرن و هەزار و یەك درۆی شاخداری بەناوەوە دەکەن لەکاتێکدا لەلایەن زەردەشتیەکانەوە ڕەت دەکرێتەوە و بەشێك نییە لەبیروباوەڕیان.



## مرۆڤ، وەك دڕندەترین بوونەوەری سەر زەوی

مرۆڤ، پادشای بوونەوەرەکانیترە و لەهەوڵی پادشاییکردنی زەویشدایە. بەڵام چۆن؟

ئەگەر ئەو گەشە سەرنجڕاکێش و پڕ لەنهێنییەی مرۆڤ نەبووایە و ئاوەزمەند نەبووایە، هەنوکە زەوی، لیوانلێو بوو لە درەختی دانسقە و گیانداری سەرسوڕهێنەر. زەوی، کەشێکی لەباری ئاو و هەوای فێنکی دەبوو و تەمەنی سەدان هێندە زیادی دەکرد و بوونەوەری زیاتر لەدایك دەبوو و پیتاندن و دروست بوون بەردەوام دەبوو. بەڵام، مرۆڤ، بەهۆی بوونی ئاوەزەوە، داهێنانی دەستپێکرد و کەرەستەی واای دروست کرد کە پێشینەی نەبوو. لەئەنجامیشدا، لەجەنگی

بەردەوامیدا، بەسەر گیاندارەکانیتردا سەرکەوت و بووە پادشایەکی بەتوانا. هەر وەك لەپێشەوە باسمانکرد ( پادشا) بەواتای خودا دێت. کەواتە، مرۆڤ، خودایی بەسەر بوونەوەرەکانتردا، بەدەست هێنا. لەئێستاشدا کە تەکنەلۆجیا لەوپەڕی برەودایە، پێدەچێت مرۆڤ بەرەو خودابوونی گەورەتر هەنگاو بنێت و بەتەواوی زەوی ڕام بکات.

با بزانین میثرا و موغەکان، دەربارەی مرۆڤ و خوداییکردن چی دەبێژێت؟

میثرا دەبێژێت( ئەم کۆمەڵگەیە، من بەخودای خۆیان دەزانن لەکاتێکدا، توانیم ئاژەڵ و تەواوی دڕندەکان تێکبشکێنم و زۆرینەیان ڕام و ماڵی بکەم). کەواتە، ڕامکردن و دەستەمۆکردن و لەناوبردن و سەرکەوتن بەسەر گیاندارە دڕندە و کێوی و ترسناکەکاندا، پادشابوونی میثرای لێکەوتۆتەوە. بەمەش دەردەکەوێت کە مرۆڤ، بەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام و دۆزینەوە و داهێنانی کەرەستە پێویستەکان، توانیوێتی ببێتە خودا. موغەکانیش دەبێژن( لەودەمەدا ئێمە، مرۆڤمان لەخودابوون داماڵی و ئەهورامەزدای هەستیمەندمان دۆزییەوە، کەچی پاش دوو هەزار ساڵ، هێشتا لە میسر پادشاکانیان وەك خودا دەپەرست و نەیاندەتوانی باوەڕ بەوە بکەن کە مرۆڤ خودا نییە).

موغەکان، زانستی خودایان بەشیوەیەکیدی داڕشتەوە. میثرایان کردە پێغەمبەر و زانستەکەیان وەك داهێنان و گەیشتن بە نهێنییەکانی مینۆیی پێناسەکرد. میثرا، خۆیشی هەر ئەمە دەڵێت. بەڵام، کۆمەڵگە، کە بەدووای نەمرێتیدا دەگەڕان، دەیانویست کەرەستەیەك بدۆزنەوە تاکو لەڕێیەوە بەردەوامی بەژیان بدەن. بەڵام موغەکان، ئەو بیرکردنەوەیان ڕەت کردەوە و ژیان و مردنیان کردە سروشتی ژیان و لەخودایان داماڵی. ئەوەتا هەر لەگەڵ هاتنی عەرەبەکانیشدا کە عومەری سەرکردەیان نامەیەکی بە تەتەرێکدا بۆ یەزدەگوردی سێیەم نارد و دەبیژێت( داوات لێ دەکەم، باوەڕ بەیەکتاپەرستی بهێنیت) ئەو لەوەڵامدا بۆی دەنوسێت( ئێوە چیتان هەیە لە خواردنی مارمێلکە زیاتر. ئێمە هەزاران ساڵە خودای تاقانە نیایش و ستیاش دەکەین و بیر و گوتە و کرداری چاك نمادی ژیانمانە. ئێستا تۆ کە بێجگە لەبتپەرستی شتگەلێکی تر نازانیت و بوونی ژن بەعەیب و عار دەزانیت، لەکاتێکدا ژن، لەلای ئێمە سەرکەردە و ڕێبەر و دادوەر و مامۆستا و پیرۆزە، هاتوویت و بۆ خوداگەلێك دەتەوێت سەری قوربانییەکان ببڕیت و خوێنی پێشکەش بکەیت؟ ئەوە چ خودایەکە کە بەخوێنی ئافرێندراوەکانی خۆی دەژی و کۆیلەکردنی ژنان و بەسەبایەبردنیان بەچاك دەزانێت؟ ئەوە چ خەوش و نەنگییەکە ئێوەی مرۆڤگەلی بیایابان هێشتا پاش میثرا و زەرەثۆشترای مەزن فێر نەبوون کە ژیان و ژیرێتی چییە؟).

لەم دیدەی سەرەوە دەردەکەوێت کە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا و لەهەرە پێشینەکانی ئەم وەچەیەی ئێستا کە زیاتر لە هەزاران ساڵ پێش دەکات، بەدووای نهێنییەکانی بووندا گەڕاون و ئاوەزمەندانە، لە سروشتی ژیان و ژیاریی بوونەوەرەکان و مرۆڤ بەگشتی و بەتایبەتیش زەوی و دەوروبەریان کۆڵیوەتەوە. ئێستاش، کە زەرەثۆشتراییەکان گەڕاونەتەوە، وەك زەرەثۆشترای مەزن دەفەرموێت ( با لەو کەسانە بین کە هەمیشە ژیان و جیهان تازە و نوێ دەکەنەوە). دەیانەوێت جارێکیتر کۆمەڵگەی کوردی بخەنەوە سەر ڕێچکە ڕاستەقینە زانستییەکەی خۆی و لەگەڵ عیرفاندا ئاشتی بکەنەوە..



## ڕوناکی ( زەروان)

ڕوناکی، بەستنەوەی بوونە بە ژیرییەوە. گەیشتنە بەفڕینی ئاوەز بەناو کەشکەڵانی گەردووندا و پەیبردنە بە نهینییەکان. بڕینی تاریکستانی گێلێتی و تەمبەڵی و خەساندنی شێوەژیاریی کلاسیکانەیە کە ڕەهەندی ڕۆچوونەقوڵەکانی نەهاتنەدەرەوە و سەرونگونکردنی خودە بۆ مردنێکی کۆتایی و سڕینەوەی بوون.

ڕوناکی ( زەروان)، ڕۆشنایی ژیان و ژیارە لەناو هاوکێشەی تەونە جاڵجاڵۆکەییەکانی ئەندێشە و وێنەگەلە هەستپێکراو و بینراوەکاندا. دەنگی ئەو زەنگەیە کە بەلەرینەوەکانی پەردەی گوێ دەسمێت و جادووی بوون و پەرجۆی ژیان دێنێتە بەرهەم.

ڕوناکی سەرەتاو کۆتایی بوونە. دەستپێکی هەستیمەندی ئاوەزمەندانەی مرۆڤە وەك کەرەستەگەلی تێگەیشتن لە نهێنییەکانی بوون. ئالێرەوە خودا بەرهەم دێت و ئەویش بە دەرهاویشتەی بوونی مرۆڤەوە نوساوە و چەقی قورسایی لە ڕەگداکوتانیدا بۆ گەیشتن بە نەمرێتی گواستراوەتەوە و ئەمەش چێژی سەر لێوی ژیانی مرۆڤە بۆ بەئەبەد کردنی.

ڕوناکی، لەپاش بەرهەمهێنانی بوون، وێڵبوونە بەدووای جاویدانەگیی ژیان و لەوێوە شۆڕبوونەوەیە بۆ دەستڕاگەیشتن بەخۆشبەختی. ئەمە پێی دەبێژرێت ( ئەشا) واتا ڕاستی... کەواتە ڕاستی بریتییە لە جاویدانەگی و خۆشبەختی. لێرەوە خۆشبەختەکان بە نیایشی ڕاستیبەخشدا تێدەپەڕن و دەگەن بەڕوناکیی ڕاستیی بوون.

ڕوناکیی هەستیمەند، بەرهەمی خەرەد و ئاوەزە کە ململانێ بۆ بەردەوامیپێدانی خۆی و ڕێکخستنەوە و تەسوێکردنی شیرازەی ئەو گوزەرەی تێیدا تێدەپەڕێت بەرهەم دەهێنێت و بۆ دوو دۆخی جیاواز بەیەك دابەشیان دەکات. کەواتە، ململانێ دەرەنجامی ئەو ڕوناکییە هەستیمەندەیە کە ئاوەز بۆ تێگەیشتن لە بوون شیتەڵیان دەکات. بە دوو ئاراستەی پێچاوەنەدا دەرەنجامەکانیان بە ئەزموونی بەردەوام بنیاد دەنێت. لێرەوە ئاوەز، لێکدانەوەی سوود و زیان، لەباش و خراپی ئەنجامگیرییەکەیدا، بۆ کۆی ڕیشاڵۆکەکانی ئەندێشە دەبێتە وانە و فێربوونە بەردەوامەکان. هەموو یاداشتەکەش بریتی دەبێت لە هەستکردن و چەسپاندنی ڕایەڵەی بوون. کەواتە تەواوی یەکەکانی ژیرێتی بۆ سەلماندنی بوونە هەرچۆن موغەکان پەییان بەم ڕیشاڵۆکانە بردووە و ئاینیان بۆ تێگەیشتن و ڕێکخستنی ژیان و ژیرێتی داهێناوە.

ژیرێتی لەلای موغەکان لەدۆزینەوەی یەکەم سیستەم و ڕایەڵەی بووندا کە کۆڵەکەی ( ئەشا) ڕاستییە وەك یەکەم وێستگە و پەیژەی بوون ناوزەدکراوە و بە ( زەروان) ڕوناکی، ناسراوە. ئەمەش گەیشتنە بە بەختەوەریی بیر و جیهانبینییەکانی مرۆڤ و دۆزینەوەی باشترین و چاکترین کەرەستەی سەرەتا و بنچینەی تێگەیشتن لە بوون.

کاریگەریی ئەم دۆزینەوەیە وەك سەرەتا و دەستپێکی تێگەیشتن لە نهێنییەکان و پێکهاتەی بوون، لەلای موغەکان بیرڕەنگینیی ئەو کۆمەڵگەیە دەردەخەن کە مووگەکان بەشێکن تێیدا. لوتبەرزیش نییە کەبێژین کۆمەڵگەی کوردی ئەو دەم کە موغەکان ڕێبەرایەتیی زانستیانە و داناییان تێدا دەکرد، خاوەندارێتی لەم بیردۆزی دۆزینەوانە دەکەن. چونکە،

تەنها بە ( ئەشا) وە نەوەستاون کە یاسا و سیستەمی بوونە بەڵکو پلەکانی( ئەشا) یان ووردکردۆتەوە و لەگەڵ ژیریّتی و ژیاردا گرێیان داوە و بۆ پارێزگاریکردن و مانەوەی سروشتی ژیانیش کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی دڕندە بەجەستەیدا هەڵشاخاوە، لەدووتوێی ئایندا ڕێسایان بۆ داناوە و سیستەمی دادوەرییان لەسەر ڕێك خستووە.

ڕێسای موغەکان بۆ وەك خۆیهێشتنەوەی بوون و پارێزگاریلێکردنی سروشتی ڕاستەقینەی ژیان شۆڕبوونەوەیان بووە بەناو تەونەڕیشاڵۆکەکانی ژیرێتیدا و بە کۆمەڵێك کۆت و بەندی ( دووسەرە) وە بەستویانەتەوە و مرۆڤیان تێدا شەتەك و گرێ داوە.

ئەشا، کەسەرچاوەی ڕوناکییە، کانیی ئارمەئیتی( خۆشەویستی) و میهرەبانییە. لەڕووی ژیرێتییەوە، دەبێتە سیستەمی بەیەکەوەگرێدانێکی دانایانە و لۆژیکانەی موغەکان. هەڵهێنجانی ڕەگی ( دووسەرە) ی ( وەهومەنە: ئەندێشەی چاك) لە چاك و خراپدا کە بە شیاو و نەشیاو ناساندوویانە لەبەریەککەوتەی هەردوو ئەندێشە و ژیرێتی و لەوێوە بۆ سەر پردی ( چینوەت) ی ئاوەز کە تێیدا داوەریی ( ئاهو) بۆ لەیەکجوداکردنەوەی ( دەئینا) دین، ویژدان ی چاك و خراپ، بەسوود و زیانبەخش، ئەشایی و ئەهریمەنی، ڕوناکی و تاریکی، ( بسپەنتەماینۆ و ئەنگرەماینۆ) و لەوێوە پێناسە و شوناسی کەسی دیاری دەکرێت و دەناسرێتەوە. بەڵام لە ڕووی پێهاتەی بوونەوە، ماناگەلێکی دیکەی هەیە و لەجێگا و یاسای بووندا پێهکاتەیەکی ماددییە نەك ڕەوانی. هەرچۆن یاسای ئەشا گەورە بۆ خۆی کێش دەکات و هێزی کێشکردن پاش دروستبوون و گەورەبوون لەدایك دەبێت کە پێی دەڵێن ( ئارمەئیتی) و بۆ ناسینەوەی خاك کە دایکی بوونەوەرەکانە دەستنیشان کراوە و بەسیستەمەکە دەوترێت ( ئەشا) کەبۆ ناسینەوەی ئاگر، کەسەرچاوەی ڕۆشناییە وێنا دەکەن. نابێت باز بەسەر ئەوەشدا بدەین کە ( چۆنێتی) ی باش لە پێکهاتەدا کاریگەریی هەیە و بە ( وەهومەنە) ناسراوە و لەپارێزگاریکردنی بوونەوەراندا شیر، یان هێلکە، بۆ ناسینەوەی دەستنیشان کراوە. لەکاتێکدا لە ژیرێتیدا ( وەهومەنە) بە ئەندێشەی باش ناوزەد کراوە و پەیوەندیی بەکەرەستەکان و چۆنێتیی وێنە ئاوەزییەکانەوە هەیە.

ڕوناکی، لەدید و بۆچوونی موغەکاندا وەك یەکەم سەرچاوەی بوون لە پیتاندنی خاکدا بۆ هەڵهێنانی بوونەوەر و هەوێنی ژیان لەبەرزترین پێگەدا دانراوە. چونکە ئەوان پێیان وایە خاك ( ئارمەئیتی) ە و دایکی ژیانە.

لەقۆناغی حەوتەمی پێش قۆناغی ( تەواوکاری: مرۆڤ لەم قۆناغەدا پەیدابووە)، ووریلەکانی ڕوناکی پەردە هەستەوەرەکانی دەوری زەویی بڕیوە و گەیشتوونەتە سەر باوەشی خاك و ماددە ئۆرگانییە تێکەڵاوەکانی زەوییان پیتاندووە و زیندەوەری سەرەتایی لەدایك بووە. ئەم زیندەوەرانە لەسەرەتاوە وەك گژوگیا و پاشان درەخت و دووایە گەشەیان کردووە بۆ کۆمەڵێکی زۆر لە گیانەوەرە جۆراوجۆرە ئاوی و ووشکانییەکان بە باڵدار و خۆشۆك و پێدار و ئاوییەوە.

پیتاندنی شانە ئۆرگانییە خاکیەکانی زەوی لەڕێگای وردیلەکانی ڕوناکییەوە لەئاوێتەی تەواوکاریی ( خاك، هەوا، ئاو) دا کە چەقەکەی خۆرە، دۆزینەوەیەکی سەرنجڕاکێشی موغەکانە و میثراش کە بنەچەی موغەکانە، بەم زانستە وردانەی زانیوە. بۆیە، دەتوانین بێژین نەتەوەی کورد یەکەم کۆمەڵگەی مرۆڤن کە توانیویانە بە نهێنییەکانی بوون بگەن و سەرەداوە ئاڵۆسکاوەکان و هاوکێشە نەزاندراوەکان ئاشکرا و شی بکەنەوە. لەمەوە زانست وەك ڕەوتێکی سەرسوڕهێنەر و وەك شۆڕشێکی ڕۆشنبیری سەردەردەهێنێت و پەرەی پێدەدرێت. بەڵام، بەهۆی دژوارییی سەلماندنەوە کە ئەودەم نەتواندراوە کەرەستەکانی فەراهەم بکرێت، ئاینیان بۆ دەستەبەر کردووە و خوداش ئالەوێدا لەدایك بووە. کەواتە خودا، لەناو شیکردنەوە و دۆزینەوە ئاڵۆسکاوەکانی بووندا وەك سەرچاوەی بوون لە ئەندێشەکانی مرۆڤدا ڕسکاوە و بریتییە لە لەئاوێتەی ( خاك، هەوا، ئاو، خۆر). مرۆڤ، کە ئافرێنەری ئەم وێناکردنەیە، ویستی بوون بەم ڕوناکییەی بەهۆی هەمان هۆکاری ئافرێنەری ڕووناکییەوە لەلا لەدایك بووە.

پێشکەوتن و گەشەی ژیری و ژیاریی مرۆڤ خواستگەلێکی بۆ بەرهەم هانیوە کە هەمیشە کاوێژی پێوەکردووە و گەیشتن بەخودابوونی بۆ خاوەندارێتیلێکردنی زەوی و سامانەکەی لێکەوتۆتەوە. ئەمە سەردەم و دۆخی بەهێواش و لەسەرخۆی ئەو پەرەسەندنە ژیرییەیە کە مرۆڤی لەقۆناغی شێوەژیانی سەرەتاییەوە بۆ بەرەیەکی پێشکەوتوو و بەتوانا و

یەکگرتوو گواستەوە و چینەکانی لێ پەیدا بوو و باڵاترینیشیان چینی ( خوداکان) بوون کە پێشینەی نەبوو و بەزوویی تەشەنەی کرد.

دەرکەوتنی پادشاکان و ڕێبەری قەوارەکان و سەرەك خێڵەکان و حکومڕانیکردنیان وەك پاداشتی خودایی و دەستپێکردنی جەنگی خوێناویی پاکتاوکردن، لەگەڵ پەرەسەندنی ژیرێتیدا پێویستیی بە پاساوی گونجاو هەبوو. بۆ ئەمەش ( ئاین) وەك وەڵامدانەوە لەلایەن ئەم ڕەوتەوە بە تێکەڵکردنی پرس و نهێنییەکانی بوون، لەدایك بوو و کرایە بیروباوەڕ کە تاکو ئەم سەردەمە درێژەی هەیە.

لەناو ئاینەکاندا، گەلێك داتای تێدایە کە بۆ ڕاگرتنی تەرازووی هێز و ماف و ئەرك لە باشترکردنی شێوەی ژیاندا بۆ خەڵك و لەسەر زەوی سودیان لێبینیوە. بەڵام ئەم داتایانە هەرگیز نەیتوانیوە تینوێتیی ژیرییەکانی مرۆڤ بشکێنێ چونکە خوداکان لەسەر زەوی بوون و وەك ئەوان مرۆڤ بوون. بۆیە، مرۆڤ زیاتر بیری کردۆتەوە و لەبەرامبەر شکستی بەخودابوونی پادشاکاندا، دیاردە و هەسارەکانی وەکو خۆر و مانگ و پاشان ئاو و خاکیان کردووە بەخودا و لەکۆتاییدا بۆ شوێنبزرکردنی خودا گواستوویانەتەوە بۆ جێگایەکی گەلێ دوور لە قوڵایی ئاسماندا کە مرۆڤ نەیتوانیوە دەستی پێڕا بگات. لێرەوە بەردەوام پەیامبەران پەیدابوون و بەپێی بیروبۆچوون و ژیان و تێفکرینی کۆمەڵگەکانیان چاکسازییان کردووە و بەناوی خودایەکی نەبینراو و دوور لەدەستپێڕاگەیشتنی مرۆڤ، پەرتوکیشیان بە زمانی ئەوەوە هۆنیوەتەوە و یاسا و ڕێسایان وەك فەرمان و ئەرك و ماف، تێدا جێکردۆتەوە و بۆ هێشتنەوەی خۆی و بەردەوامیدان بەپرسی نەمرێتییەوە کەلە زیندووبوونەوەی پاش مردن شیرەی وەرگرتووە سزا و پاداشتیان بۆ داناوە و هەندێك جاریش ئەم سزا و پاداشتە بۆ ڕێکخستن و سڵەمینەوەی کۆمەڵگە بووە لە تاوانگەلێك کە ئەوان لە سەردەمە جیاوازەکاندا پێیان وابووە دەرچوونە لە بازنەی بیرکردنەوە و ڕێساباوەکانیان کە بەدرێژایی مێژوو نەوە دووای نەوە گەیشتۆتە دەستیان.

ئەودەمەی خودا، لەڕێگەی حکومڕانەکانی سەر زەوییەوە دزە دەکاتە ناو ژیانی تاکەکەسەوە و کۆمەڵگە بەخۆیەوە شەتەك دەدات ئیتر بووار بۆ هیچ شتێك ناهێڵێتەوە و کارەساتی گەورەی خوێنڕشتن و داگیرکاری و کۆیلەکردنی بیر و جەستە بەدووای خۆیدا دەهێنێت. لێرەوە کەسایەتییەکانی وەك میثرا و مهاباد و کەیخەسرەو و زەرەشتترا و مانی و مەزدەك و بودا و زۆریتریش لەدایك دەبن و باوەش بە ڕوناکیی( ئەشا) ڕاستیدا دەکەن و سیستەمی بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانە و ڕاستکردنەوەی بیردۆزەکانی بوون بەرهەم دەهێنن و دەشیانەوێت لەڕێگای بیرکردنەوەکانیانەوە جارێکتر خودا، لەجێگا نادیارەکەی دابگرنەوە سەر زەوی و تێکەڵ بەئاوەز و ئەندێشەکانی مرۆڤی بکەنەوە و لەوێنە ڕاستەقینەکەی خۆیدا دایبڕژنەوە. ئالێرەوە ڕوناکی ( زەروان) وەك یەکەم کەرستەی ژیریی مرۆڤ و چاوگی هۆشگەرایی بەناو داستان و چاڵە ڕەشەکانی مەیدانی ئەندێشەقوڵەکاندا ڕۆ دەچێت و ڕێگاکان کورت و خاوێن و ڕوناك و ئاسان دەکاتەوە.



## ژیری دەرەنجامی کۆتایی دەستپێڕاگەیشتنە

ژیری، جێنزرگەی ئەندێشە و سەربەماڵی ئاوەزە. دەرەنجامی لێکدانەوە و ئاراستەکانی بیرکردنەوەیە لە شەن و کەو کردنی ڕوداو و دیاردەی ژیان و بووندا. ژیری، ژیاری شوناس و هەستەوەرەکانی ئەودیو ( خرەتۆم) خەرەدە و دەستڕاگەیشتنە بەپێشبینیی ئەنجامەکانی پاش ڕوودان و بەپێچەوانەشەوە لەپێش ڕودانیاندا. هەروا ژیری، لێکدانەوەی هۆشیاریانە و بەئاگایانەی ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆڤ و سروشتی دەوروبەرییەتی و تەرازووە بۆ کێشانەی تواناکانی مرۆڤ کە تایبەتمەندییەکانی ژیانی لە سەرکەوتن و داهێناندا چڕ کردۆتەوە.

ژیری، هۆکاری گەیشتنی مرۆڤە بەم دەرەنجامەی ئێستا لەژیاندا بەدەستی هێناوە و هێشتنەوە و دەستاودەستپێکردنی مێژووی گوزەرەکەیەتی بەیەکەم هەنگاوی دەرچوون لەشێوەژیانی سەرزەویی بوونەوەرەکانیتر و بەتایبەت سەردەمی ( کۆمەڵەی سەرەتایی) و بنیادنانی زمان بۆ ناسینەوە و گفتوگۆکردن و نوسین بۆ هێشتنەوەی شارستانییەتەکەی. کەواتە، زمان و نوسین بەیەکێك لەداهێندراوە گرنگەکانی ژیریی مرۆڤ دادەنرێت کە گوزەرەکەی هێشتۆتەوە بۆ ئەم دەمە و کەرەستەگەلێکی دانسقەیە بۆ تێگەیشتن لە نهێنییەکانی بوون و ژیان و ژیاری مرۆڤ.

هەنگاوەکانی ژیریی مرۆڤ لەسەرەتای پێگەیشتنی شارستانییەتەکەیدا گەیشتە ئەو جێگایەی کە ( نەمری) بدۆزنەوە. بۆ ئەمەش ( پادشاکان) بوونە حکومداری خودایانەی خەڵك و دەسەڵاتی ڕەهایان بۆخۆیان مسۆگەر کرد. دۆزینەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لەڕێگای خوداکان( پادشاکان) ەوە، کە بەرهەمی ژیری بوون، ستەمی بەدووای خۆیدا هێنا. وەك زەرەتۆشترای مەزن لە گاثاوەکاندا دەبێژێت( هیچ دەسەڵاتێك نابینم کەلەسەر پنتێکی ستەمکاری خۆی هەڵنەچنیبێت). ئەم پادشایانە، وەك سیستەمێك بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، دەسەڵاتی ڕەهایان هەبوو و چارەنوس و ژیان و مردنیان دیاری دەکرد. خاوەنداری زەوی و ئاو و هەوا و تەنانەت ڕۆشناییش بوون. ئەوان، خوداگەلێك بوون بە ( پیرۆز) و جاویدانەگی ناوزەد کران و بوونە جێگای باوەڕی خەڵك. ئەمانە، هەم سەرۆك و هەم ڕێبەری ئاینی بوون. بەمەش، مرۆڤ بەتەواوی دەستی بەخودابوون گەیشت و سیستەمیان بۆ پێکهێنا و ستەمیان بەردەوامی پێدا. ئیدی لەوێوە، کۆمەڵگە، هەنگاوی بۆ قوتاربوون لەم سیستەمەی کە بەدەستی خۆیان هێنابوویان، کەوتنە گەڕان بەدووای جێپێکانی ئەو خودایەدا کە هەر خۆیان بەدرێژایی مێژوو لەناو فەرهەنگ و بیروباوەڕیاندا ڕسکاندبوویان.

موغەکان، بەیەکەم پێکهێنەری ئاینەکان لەجیهاندا دەژمێردرێت. تەنانەت تەواوی ئاینەکان لەژێر دید و تێڕوانینی ئەواندا لە جیهاندا گەشەیان کردووە و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بەڵام، داهێنانەکان بەهۆی نەبوونی کەرەستەی گواستنەوەی خێراوە درەنگ گەییشتوونەتە جێگاکانیتر. بۆ نمونە، کاتێك موغەکان گەیشتنە ئەو جێگایەی ( گا) پیرۆز نییە و میزەکەی پیساییە و لەجێگای میزی گا، شەرابیان بۆ پاککردنەوەی برین بەکار هێنا. کەچی زیاتر لە دوو هەزار

ساڵ دووای ئەم ڕەتکردنەوە و گۆڕانکارییانە هێشتا لەکۆمەڵگەکانی هندستاندا ( گا) پیرۆز و میزەکەشی دەخورایەوە و بۆ خۆپاککردنەوەی جەستە و برین بەکار دەهێندرا و لەنیمچەدورگەی عەرەب و بیابانە وشکەکاندا میزی حوشتر لەجیاتیی ئاو دەخورایەوە و بۆ خۆشتن و پاککردنەوەی جەستە و برین بەکار دەهێندران. ئەودەمەی ئاگر وەك ( ئیزەد) و بۆ پەرستن ڕەت کرایەوە بووە کەرەستەی پێداویستییەکانی ژیان، کەچی لەجێگا دوورەدەستەکاندا و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی دوور، هێشتا ئاگر وەك بەشێك لەخودا دەپەرسترێت و پیرۆزەلەلایان. وێڕای ئەوەش لەکاتێکدا پادشا وەك خودا گۆڕانکاریی بەسەردادێت و ( فرەی ئیزەدی) وەردەگرێت تاببێتە پادشا، کەچی پاش سێ هەزار ساڵ لە یۆنان و میسر هێشتا پادشا خودا بووە. ئەو دەمەی ئاین شۆڕدەبێتەوە بۆ باوەشی پەیامبەران و پەرتوك بەناوی خوداوە دەنوسرێتەوە و خودا دەبەنە ئەو جێگایانەی کە مرۆڤ ناتوانێت دەستیپێڕابگات و زیندووبوونەوەی پاش مەرگ دەکەن بەدیاریی دەستی خۆیان، پاشان جارێکیتر پەیامبەری زانستیخوان و یاخی لەفەرهەنگی کۆمەڵگە پەیدادەبن و زانستیانە پرسەکانی بوون و ژیان تاوتوێ دەکەن، هەرواش خودا، دەگێڕنەوە بۆ بوونە ژیرییەکەی داهێنانەکانی مرۆڤ و بەناوی ( ئەهورا مەزدا) دەیناسێنن، کەچی پاش هەزار ساڵ لەدەوروبەری میسر و بیابانی سینا و ناوچەکانی هێرۆشەلیم و پاش سێ هەزار ساڵیش لەدورگەی عەرەبی پێغەمبەرانێك پەیدا دەبن تەواوی ئەفسانەی ڕابردوو دەکەنەوە بەپەرتوك و خودا دەبەنەوە بۆ جێگا نەزانراو و دوورەدەستەکان. بەم پێیە، مرۆڤ، کەخاوەنی ئاوەز و داهێندراوەکانی وەك زمان و نوسینە، هێشتا بەدووای نەمرێتیدا دەگەڕێت. هێشتا، مرۆڤ، چۆك بۆ ڕاستی دانادات و باوەش دەکاتەوە بەئەفسانەی داستانە دروستکراوەکانی خۆیدا. لەبەرامبەریشدا ڕەوتێکی خاوەن ئاوەزی ژیری هەن، ژیان لەمردندا نابینن و وەدووی نهێنییەکانی بوون کەوتوون و ڕۆژبەڕۆژ داهێندراوی نوێ دەخەنەگەڕ تاکو بتوانن دەستیان بە خودابوون ڕابگات. کەمینەیەك نەبێت کە بۆ تەنها ئەو کاتە کەمەی ژیان دەژین کەهەیانە وێڕای ئەوەی لایان ئاشکرایە کە ژیان و مردن، سروشتی بوونن و گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت.

شارستانیەت و ئاینەکان بەگشتی و ئەفسانەکان و بیروباوەڕە ژیاری و ژیانییەکان، دەرهاویشتەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ و خواستی بەخودابوونیانە. مرۆڤ، بەدرێژایی گوزەرەکانی بە سەردەمە جیاوازەکاندا، خواستگەلێکی لەناو ئەندێشەدا چەسپاندووە کە پاڵی دەنێت بۆ خاوەندارێتیکردن و دەسەڵات. ئارەزووی خۆشییەکانی تەنها بۆ خۆی کۆکردۆتەوە. دەیەوێت چێژ لە هەموو هەستەوەرەکان و سروشت و دەوروبەر ببینێت و ئەوانیتر بۆ خۆی ڕام و کۆیلە بکات. تەنانەت لەبەرامبەر مردن و کۆتاییپێهاتنیدا لە ژیان، دەستی بردوە بۆ پاش مەرگ و سەرکێشانە بەئەفسانەگەلێك خۆی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە زیندوو دەبێتەوە و لەوێش دەستی بە چێژی مەستبوون و جوتبوون و خۆراکی جۆراوجۆر و نەوسنی و چڵێسییەکانی ڕادەگات. کەواتە، نهێنییەکانی بوون بە ژیان و مردنی مرۆڤەوە شەتەك دراوە. ڕۆدەچێتە ناو پەلك و ڕیشاڵۆکەکانی ترس و کارلێك دەکات و مەستبوون لەناو پەرێزی ئەفسانەدا و خۆگرێدان بە ڕێساگەلێکەوە کە ستەم و کۆیلەبوون و دەستەپاچەبوونیان بەردەوامی پێدەدات، دەکەنە فەرمانی خوداگەلێکی دوور لەدەستپێڕاگەیشتنی خۆیان و ڕۆڵی خۆشیان لە حکومڕانیکردنی فەرمانەکانی هەڵبەستراوە خەیاڵییەکانی خۆشیاندا دەبیننەوە و جارێکیتر خودابوون دەگوێزنەوە بۆ دەسەڵات و خاوەندارێتیکردنی سەر زەوی.

## ( خودا)، ئەهورا مەزدا، ئافەرێنەر و چاوگی دانایی و ئاوەز

ئەهورا مەزدا، سێ ووشەی لێکدراوی زمانی ئەوێستایی و کوردیی کۆنە و بۆ نیشاندانی وێنەگەلێکی عیرفانی و مینۆییە. لەپێش زەرەتۆشترای پەیامبەردا ئەم ناوە هەبووە و کوردە موغەکان کە سەر بەئاینی میثرایی بوون بەکاریان هێناوە.

ئەهورا مەزدا، لەهەرسێ ووشەی ( ئەهورا، ئەهور و پیتی ئەی سەرەتا بۆ دەستنیشانکردن و ئای کۆتایی بۆ شوناس و ناسینەوە و ( مەز، و هەروەها دا) پێك دێت.

لەکۆندا و بەتایبەت موغەکان، باوەڕیان وابوو ( خۆر) سەرچاوەی ژیانە و پێویستە ستایش بکرێت و ئیدی بەو گوزەرە دووردرێژەی هەیان بوو بەناو مێژوودا، خۆر بووە یەکێك لە خوداوەندەکان و خەڵك دەیانپەرست. ( هۆر) ی یەکەم ووشە هەمان خۆرە و ئای پێش ( هۆر) مکە، بەمانای نیشاندان یان دەستنیشانکردن دێت و ئای پاشگری ( هۆر) مکەش بەمانای شوناس و ناسینەوە دێت. کەواتە بەم پێیە ( ئەهورا) بەمانای خۆر یان ( ئا ئەو خۆرە) دێت. تەنانەت ( هورڤان، یان ئورڤان و کەدووایە بووە ڕەوان ( ڕۆح) و بنچینەی فرەوەهر کە ڕەمز و نیشانەی زەرەتۆشترایانە، لەهەمان ( خۆر) ەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. بەپێی لێکدانەوەی پیرانی عیرفانی زەرەتۆشترای و تا دەگات بە بەندە ( وەك یەکەم سەرهەڵدانەوەی پیرە موغەکان لە پاش ١٤٣٧ ساڵ) خۆر یان ( هۆر، هور، ئور) چاوگی ڕوناکیی عیرفان و سەرچاوەی بوونە و یەکەم پێکهاتەی دروستبوونی ژیانە لەسەر زەوی. بۆیە، هێشتا ( ئور، هۆر، هور، خۆر) پێگەی عیرفانی و زانستیی خۆی لەدەست نەداوە و بەردەوام جێگای ستایشی بوونەوەرێکی وەك مرۆڤە کە خاوەنی ئاوەز و ئەندێشەی هەڵگیراو و دانەوەی ئاوێنەیی زانیارییە ( خرەتۆم) مکانییەتی.... ( خرەتوم، واتا: مێشك).

لە دید و جیهانبینی و زانستی موغدا، بوون، بەگشتی لە چووار پێکهاتەی سەرەکی دروست بووە و یەکەمیان خۆرە و ئەوانیدیش ( ئاو، هەوا، خاک) ن. کەواتە: خۆر چاوگە. ئەگەر خۆر نەبێت ئەوا پێکهاتەکانیتر کە لەسەر سیستەم و ڕیتمی ڕەوت و ڕێڕەوی ( ئەشا) نەیاندەتوانی خۆیان تەواو بکەن یان پێکهاتەی بوون بۆ ژیان دابمەزرێنن. ئەمەش سروشتی ئەشایی ژیانە. هەر بۆیە خۆر بووە بە چەقی ئاوەز و خەرەد و هەستی بەخشینی جیهانبینیی مرۆڤ و یەکەم پێکهاتەی ئەهورامەزدایە کە تێیدا دووانەی مەزن و دانایی لەدایك بووە.

مەز، کە بەشی دووەمی ئەهورامەزدایە، بەمانای گەورەیی و توانایی چاوگ دێت. لەبەر ڕۆشنایی چاوگی ئەندێشەیی و ئاوەزی پڕ لە زانستی مرۆڤدا بەرهەم هاتووە، هەربۆیە ( چاوگ) کە چەقی قورسایی گەورەیی و تواناییە لە مێشکدا، جێگای لێکدانەوە و ووردکردنەوە و هەڵگرتن و دانەوەی مرۆڤە.

مەزن بوونی خۆر، وەك شوناس و پێناسەی ئاوەز( عەقڵ، یان خەرەد) بۆ مرۆڤ، توانای وێناکردنی مرۆڤە بۆ ئەو پنتەی کەبازدانێکی سروشتی و سەرنجراکێش و جاویدانیی پەرجۆییانەیە لە گەشەی مێشك و ئاوەزی ئاژەڵیانەی مرۆڤدا و بەمەش کۆمەڵگەی مرۆڤ پێك هاتووە. لەمەوە جیاوازیی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دەوروبەری گەشەی فراوان و گەورە و کاریگەریی مێشکییەتی کە توانایەکی پێ بەخشیوە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت و مرۆڤ بێت.

ووشەی ( دا) ی کۆتایی ناوەکە، بەمانای دانایی و حیکمەت و توانامەندیی چاوگ دێت کە خۆرە. چونکە، ئەوە دانایی ئاوەزی مرۆڤە کە توانیوێتی چاوگی ژیان بەپێی سیستەمی ئەشا و ڕەوتی بیرکردنەوە و ئاڵ و گۆڕەکانی گەشەی مرۆڤ و ژیان بدۆزێتەوە. تەنانەت دەستی بردووە بۆ پێش گەشەی مێشك و بەرهەمی ئاوەز. گەیشتووە بە نهێنیی پێش

پەیدابوونی ژیان و دۆزینەوە وورد و گەورەکانی بۆ ئاشکراکردن و تێگەیشتن و سەلماندنی بوون خستۆتە گەڕ. ئەم دانایيەش، بەهەمان شێوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاوگ کە مێشك ( خرەتوم) ە و پاشان کەرستەگەلی ئەندێشە ( مەنەنگهۆ) و بیرکردنەوە لەناو تەونە چڕوپڕەکانی ئاوەزدا.

لەم دەرەنجامەوە ( ئەهورا مەزدا) بەمانای ( چاوگی دانایی و ئاوەز) دێت. هەرچەندە زەرەتۆشترايیە کلاسیکەکان و توێژەرەوە خەسێندراوەکانی ناو کایە و گەمەی ئاین و ئاینگەرایی، بەشێوەیەکی دیکە شیان کردۆتەوە و کەوتوونەتە بەر کاریگەریی ڕەوتی خوداپەرستی و بەخوداکردنی مرۆڤ و دووایەش بردنی خودا بۆ جێگایەکی نادیاری وا کە مرۆڤ نەتوانێت دەستی پێبگات. هەرچی موغەکان و خودی زەرەتۆشترای مەزنە کە خاوەنی گاثاوەکانە و پەیامە ئەهورایيەکانی نوسیوە، بەهیچ شێوەیەك و بەیەك وشەش ناوی خودای نەبردووە. واتا وشەی ( خودا) لەگاثاوەکاندا نەهاتووە. بەڵکو ( ئەهورامەزدا) پنتی کۆکەرەوەی ئەوە لە دیدوتێڕوانینەکانیدا بۆ جیهان و سروشت و دەوروبەری. بەهەر حاڵ ئەوان ئەهورامەزدایان بە ( پەروەردگاری مەزنی دانا) شیکردۆتەوە کە پەروەردگار لەدیدی ئەوانەوە هەمان چاوگی ژیانە و یەکەم پێگەی بوونە کە خۆرە.

خودا، لەو ڕشتە مەزهەبییە ئاینییە قەتیسماوە بەجێماوەی نێوان چەند کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەوار و نەزاندا، بەو شێوە ترسناکەی کە خاوەنی ئاگر و مار و دوپشك و هەروا بۆ پیاوان ژووری پڕ لە کیژۆڵەی جوان و ڕوباری شەراب و دەریای هەنگوین و هەروا خودایان کردووە بە سەرچاوەی ستەم و ستەمگەرايیان لێ بەرهەم هانیوە، لەدیدی پیرانی زەرەتۆشترايیەوە دەرهاویشتەی نەزانین و خورافات و تێنەگەیشتنیانە لە ژیان و لە بوون. بۆیە، پێویستە کۆمەڵگەی کوردی، جارێکیتر بە دەقە زانستیەکانی خۆیدا بچێتەوە و بەرهەمیان بهێنێتەوە و بەدیدێك وەك زەرەتۆشترای مەزن دەفەرموێت( با لەو کەسانە بین کە هەمیشە جیهان تازە و نوێ دەکەنەوە) دەست بکەنەوە بەژیان کردن و پەلە بکەن تاکو لەجەهل و دوواکەوتوویی ڕزگاریان دەبێت و دەست بە خودای خۆیانەوە بگرن و دیدگا ئاینی و دینییە زانستییەکانی خۆیان بپارێزن و ببنەوە بەزەرەتۆشترای و ( ئەهورا مەزدا) بخەنەوە سەر وێرد و ناو ژیانکردنیان.

بەم پێیە، خودا، پێگەیەکی جاویدانیی فەرهەنگیی لەناو بیرکردنەوەی مرۆڤگەلی سەر ڕووی زەویدا، جێکراوەتەوە و مەحاڵە، بتوانرێت، لەناو بەندنامەی ئەودیو شوناسەکانی کۆمەڵگەدا دەربهێنرێت و بسڕدرێتەوە. هەربۆیە، خۆلەقەرەدانی وەها تێگەیشتنێك، کارێکی سەخت دەبێت ئەگەر ڕەگەکانی ئەو دەرهاویشتە فەرهەنگییە، تێ نەگەین.
خودا، لەسەرەتاکانی پشتبەستن بە ئیرادەی ڕۆحانیەت و پشتیوانیکردن و بەهاناوە چوونی مرۆڤە کە لەتوانایدا بووە، ببێتە سەرچاوەی ئیلهامەکانی سروش و تێفکرینەکانی خاوەن ئەزموونی لەسەر زەوی و تێکەڵاوی ژیانی خۆی بکات. هەربۆیە، ناتوانرێت، مێژووی سەرهەڵدانی خودا، وەك شوناسێکی ڕۆحی و چاوگی باڵادەستی، لەمێژوودا، دیاری بکرێت. تەنها ئەوەندە نەبێت کە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، کۆمەڵێك دیاردە و تەنەکانیان وەك خودا بینیوە و پێناسەی جودایان بۆ داناوە و هێزی خەیاڵیی بەتوانایان لەئاست، سروشتدا، پێبەخشیوە.
خودا، وەك دەزگا، یان سیستەم، بۆ یەکەم جار، لەئاینی زەرەتۆشترایدا، لەلایەن زەرەتۆشترای مەزنەوە، پێناسە و شوناسێکی تری بۆ دانرا و لەچوارچێوەی کۆمەڵێك داتای عەقڵانی و زانستیدا، نوسرایەوە و وەك بنەچەی جیهان، ناساندی و لەقاڵبە کلاسیکییە خەیاڵییەکەی خۆی دەریهێنا و کردییە ڕیشەی ململانێکانی نێوان مرۆڤ و ژیان و گەردون.
بیرۆکەی ( ئەمیشاسپینتا) گەورەترین و بەناوبانگترین و کاریگەرترین داتای ئاینی و فەلسەفیی داهێنراوی تا ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤايەتییە کە بۆ بەدەزگابوونی خودا، لەچووارچێوەی ڕەچەتەیەکی گشتگیری و شیکاریی ووردا، وەك دەزگایەکی ئەفرێندراوی مادی و مەعنەوی، بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی گەردوون، لەناو بیرکردنەوە و ئەندێشەکانی زەرەتۆشترادا، لەدایك بوو. کەتاکو ئێستاش، هەم زانست و هەم سروشی خوداوەندیانەی ڕۆحانی، خۆی لەسەر هەڵچنیوە و ڕۆژبەڕۆژ، گەشەی پێ دەدرێت.
گرنگە ئێمە، پێش هەرشتێك، ئەم ووشە ئەوێستايیە شی بکەینەوە کەلەگاثاوەکانی زەرەتۆشترادا و لەئەوێستادا، هاووە:
ئەمیشاسپینتا، لە دوو ووشەی لێکدراو پێك دێت.
یەکەم: ئەمیشا: بە چەند شێوازێك شیکراوەتەوە و مانایان بۆ دانراوە کە نزیکترینیان ( دەقە پەهلەوییەکەیە) کەبەمانای ( خاوەنی هێزی یارمەتیدەر) دێت. بەڵام شیکردنەوەکان، لەووشە لێکدراوەکەدا مانای دیکەی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە( پێکهاتە، پێکهێنەر) یەسنای ٣٢/ برگەی ٣.
سپینتا: گرنگترین گوزارشتی سروشی زەرەتۆشتراە و بەمانای ( هاوکار، سەرخەر، سودهێنەر) دەدات بەدەستەوە. بەڵام، ئەویش لەکاتێکدا دەبێتە پاشگری ( ئەمیشا) ماناکەی دەگۆڕێت و دەبێتە( نەمر. بەردەوام، جاویدان) یەسنای ٣٠ / برگەی ٦.

کەوابوو، ووشەی لێکدراوی ئەمیشاسپینتا، مانای پێکهێنەری بەردەوام، یان پێهاتەی نەمر، دەدات بەدەستەوە و بەپیرۆزی زانیوە و بەشایەنی پەرستشی خەملاندووە. لێرەشەوە، بەپێی دەقە مێژووییە ئەوێستاییەکان، شۆڕ دەبینەوە بۆ شیکارییەکەمان.
زەرەتۆشترا، لە سروشەکەی خۆیدا، بەدووای بنەچەدا گەڕاوە و پێناسەیەکی نوێی بۆ خودا کردووە و بەبنچینە، ناساندوویەتی کە دایکی بوونە. ئەویش ( ئەهورا مەزدا) یە. بەڵام، پێویستە بزانین، پەیوەندیی ئەهورا مەزدا، بە ئەمیشاسپینتاوە چییە و خودا کێیە و بوون چۆن هاتووە و گەردوون، چۆن دروست بووە؟
زەرەتۆشترا، لەسروشەکەیدا، ئەهورامەزدا، بەدایکی بوون دادەنێت، لەکاتێکدا، بەرەگەزە بنچینەییەکانی پێکهێنان و لەدایبوونی ئەمیشاسپینتا، دایناوە.
بەپێی سروشت و داهێنانە نوێگەرییەکانی زەرەتۆشترا، کە چووارچێوەیەکی زانستییان وەرگرتووە، پێش بوون، مانای نییە. تا ئەودەمەی، بوون، لەمێژووەکەی خۆیدا، کەسەرەتای مێژووی بوونە، لەئەنجامی لەپڕێکی بووندا، لەدایك بووە. کە دەکرێت، هێزێکی بنچینەیی بوون بێت. ئەو هێزە، هەرچییەك بێت، جوڵە، یان ڕاکێشانی لەناوئاخنی خۆیدا دروست کردووە. لەم جوڵەیەوە، ململانێی ڕاکێشان و پاڵنان درووست بووە و لەوێوە سووڕانەوە و لەوێوە گەرمی و پاشان تەقینەوە و دووایە، لەئەنجامی تەقینەوەکەدا، گەردوون، لەماوەیەکی زۆر دوور و درێژدا، درووست بووە.
ئەمەی سەرەوە، دەقی سروشی زەرەتۆشترای مەزنە کەپێی وایە، ئەهورامەزدا( گیانی بەخشندە) هێزی یەکەمی لەدایبوونەکەیە کە هەموو ئەوانی تری لێ زاوە، کەواتە، خودا، ئەو هێزەیە کە گەشەی کردووە و سکی پڕبووە و بەشەکانیتری هێزە مەعنەوییەکانی لێ پێك هاتووە و پاشان، بەهەموویان، لەململانێی بەردەوامیاندا، وزەی بوون بەماددەیان پێك هێناوە. بۆیە، ئەمیشاسپینتا، حەوت لەدایبووی ئەهورامەزدایە و کۆی بەشەکانی پێش ژیانی مادییە و لەپاش دروست بوون، ململانێکەیان بەردەوام بووە و دەبێت. وەك لە دەقەکانی ئەوێستای بچوکدا، باس لە ئەمیشاسپینتا دەکات و لە یەسنای ١٩/ برگەکانی ١٦ و ١٨ دا هاتووە" ئەوان، یەك بیر، یەك ووتە، یەك کردارن. هەندێکیان ڕوحی و هەندێکیان دەبینن و لە بیری چاك و ووتەی چاك و کرداری چاکدا، ڕۆدەچن. ئەوان، دروستکەر و بکەر و بەرگریکار و پاسەوانی دروستکراوەکانی ئەهورا مەزدان."
تێگەیشتن لەخودا، وەك سیستەمێك، لەدیدو تێڕوانینی زەرەتۆشترای مەزنەوە، لە تێگەیشتنە کلاسیکییەکەی جوادیە. پرسی خودا، لەلای ( مەزدا سەناییەکان) واتا، زەرەتۆشتراییەکان، پرسێکی زانستییە و لەکۆمەڵێك ڕووداودا، کە دووایە لەسەر بنچینەی یاسای ( ئەشا) یان ڕاستی، بۆ کۆمەڵەخۆری ئێمە و زەوی و مانگ و دیاردەکانی شەو و ڕۆژ و چووارووەرزی ساڵ درێژ دەبێتەوە، تەنگی بەهەموو ئاین و دینەکانی تر هەڵچنیوە و کۆی گشتیان، سودیان لێ وەرگرتووە و زۆربەی زاناکان و فەلەکناسان لەم دیدەوە توانیویانە بەدۆزینەوەکانیان بگەن.
خودا، لەنێوزەدکردنی ئەهورامەزدا دا و وەك چەق تەماشاکردن، لەلایەن زەرەتۆشتراوە، گرنگیی بەدوواداگەڕانەکانی ئاشکرا کردووە. لەکاتێکدا، ئەو، باسی لەوە کردووە" ئەهورا مەزدا، بەشی بنچینەیی ئەمیشاسپینتایە و دایکی شەش بەشەکەی ترە."
کەواتە، دەبێت بپرسین، ئەهورا مەزا، چییە و لەناو دەقە ئەوێستاییەکەدا، بەمانای چی دێت و کێیە؟
ئەهورا مەزدا، واتا، دڵسۆز و گەورە و بێهاوتا ( گیانی بەخشندە) یەکەم هێزی مەینەویی پێش پەیدابوونە و دایکی هەموو ڕەگەزەکانی تری دووای خۆیەتی و بنەچەیە. هەروەها پاسەوانی ( ئاشا) یە ( واتا سیستەم، دڵسۆزی، دادگەری) یە.
ئەهورا مەزدا، لەهەنگاوی زۆربوونە یەکەمینەکانیدا، لەدوو بەشی ( ڤارونا) واتا پەیوەندی کە چاوگی پەیمان و بەیەکەوە گرێدانە، ( میثرا) واتا گۆڕین، پێکهاتووە و بەرجەستەی دڵسۆزی و ڕاستین. کەیەکەمیان هاوپەیمانییەکی مەعنەویی ناو جەمسەرەکانی خۆیەتی و لەناو سیستەمەکەدا، یەکیان گرتووە و پاشان کۆی هێزەکان کە شەش هێزی لەیەکتری جودان، لەدۆخی گۆڕیندا، لەناو خۆیاندا، تواندۆتەوە و بەئەهورامەزداوە ئاڵاون و وەك یەکە بنچینەییەکان، هەموویان ئەهورامەزدایان تەواو کردووە. واتا بەتەواوی پێکیان هێناوە و سیستەمێکە، لەپێش دیاردەی دروستبوونی سروشتەوەیە.
گەمارۆدان، لەناو شەش هێزەکەدا، لەمندالدانی ئەهورامەزداوە، ( وەهومەن) کرداری بەیەکەوە بەستنێکی خۆشەویستییانەی بەدووای خۆیدا هێناوە، کە پەرچەکرداری ئاشقانەی هێزەکانە و تێیدا، ڕەگەزی( ئەشا) کەکرداری جوڵەی دروست کردووە، لەگەڵ ( ئەرشتاد) دا واتا دادگەری، بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکان بەیەکەوە پێویستیی بە لەدایکبوونی( هامڤاریتی) قارەمانی یان ئازایی یان جوامێری هەبووە و ( سەراوش) گوێڕایەڵیی کردووە و بوونەتە پاسەوانی سیستەمەکە و بەهەموویان، خودایان پێکهێناوە و لەڕێگای هێزی ( ئەنگریمانیۆ) واتا ئەهیریمەن، سیستەمەکەیان فراوان بووە و دۆخەکە گۆڕاوە و تەقینەوەیەکی زۆر گەورە و ناڵە و دەنگێکی زۆریان لێ بەرز بووەتەوە و جیهانی ماددی، بەرجەستە بووە و کەیەکێتییەکی سەرەتایی هەموو گەردون و ژیانی قۆناغەکانی دووایی گرتۆتەوە.
دید و تێڕوانینی مەزدا سەنایی، یان وەك باوە و دەڵێن( زەرەتۆشترای) دەربارەی خودا، لەناو سیستەمێکدا، کۆیانکردۆتەوە و پێی دەڵێن، جیهانی پێش ماددی و بە جیهانی ( مەعنەوی) ناوزەدیان کردووە و بەسیستەمی ( ئەمیشا سپینتا) دەیناسن و ئەهورا مەزدا، وەك جاوگ و دایکی ئەم سیستەمە، بەپیرۆز و سەرچاوەی ژیان و بوون، ڕاڤەی

دەكەن. كەواتە، لەم دیدەوە دەردەكەوێت، كە دیدێكی زانسیانە بۆ خودا، دوورە لەدیدی خەیاڵیانە و خاڵییە لە خەیاڵ. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا بیردۆزێكە و تەنها جیاكردنەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا ئەوەیە كە دیدوتێڕوانینی مەزدا سەناییەكان، باشتر و زانستیانەتر و راستر و نزیكترە لە واقیعەوە.

مەزدا سەناییەكان، دانیان بە فەرمانڕەوایی ئەهورامەزدادا ناوە بەسەر كۆی سیستەمی گێتییەوە و بۆ سووڕی بەردەوام و ژیانی ماددی كۆمەڵەی ئەستێرەكان و پاشان، خۆر، وەك چەقی ژیانی زیندەواران و ڕوەك و ئاژەڵان و لەسەروویانەوە، مرۆڤ، شیكردۆتەوە و بە گەشەی بەردەوامی ( ڤارونا) واتا ( نەمر) یان داناوە و پێیان وایە، ژیانی مادی، سەرچاوەكەی ژیانی مەعنەویی سیستەمی ئەمیشاسپیێنتایە و هەموو ئەوانەیان ( دیڤا) واتا دابەش كردووە كە هەمیشە و بەردەوام لەگۆڕانی بەردەوامدایە. وێڕای ئەمەش، مردن، كە سیستەمێكی تایبەتی هەمان ئەو كۆمەڵە هێزەیە كە پێی دەوترێت( پراجینڤات) وەك ڕاڕەوێكی جیاكەرەوە بۆ شیتەلكردنەوەی كۆی بەشەكانی پێكهێنەرەكانییەتی كە جارێكیتر، یان دەگەڕێتەوە بۆ بەشە بنچینەییەكانی یان بازێكیتر گۆڕانكاریی بنچینەیی دەكات و بەرهەمێكی نوێی تری لێ دروست دەبێت. ئەمە، لەتەواوی ماددەكاندا هەن و بۆ كۆی گیانلەبەرەكان و تەنانەت ئەستێرەكانیش بەكارهێنراون.

بەڵام، بەهۆی گۆڕانی بەردەوام و گەشەی لەسەرخۆ و جارجار خێرایانەوە، دووجۆر هێزی دووانەی دژ، بەیەكەوە و لەیەك ئاراستەدا، بەردەوامییان هەبووە كەلەڕێگایەوە، بوون پێكهاتووە. یەكەمیان، هێزی هێشتنەوەی ( ئاشا) راستیی وەك خۆیەتی و دووەمیان ( ئەنگریماینۆ) هێزی گۆڕین و گۆڕانكارییەكان، كەبەهۆی ( ئەشاوە) نوێبوونەوە و لەدایبوونی نوێ سەرهەڵدەدات و باڵانسەكە ڕادەگرێت. بەڵام، لەململانێیەكی بەردەوامدان و هەرگیز كۆتایی بەو ململانێیە نایەت. وەك لە یەسنای ٣٠ بڕگەی ٣ و ٥ دا هاتووە: لەڕاستیدا دووهێزی بنچینەیی هەن، سەرەتایی و دووانەن. ناسراون بەناكۆكییان لەبیر و ووتە و كرداردا. لەهەنگاوی یەكەمدا، ململانێیان كرد و ( بوون و نەبوون) یان بەرهەم هێنا. ئەگەر ڕێگای ئەگریماینۆ، بەتەنهابێت و زاڵ بێت، ئەوا خراپترینە و ڕێگای درۆینەی دروستبوونە و هەڵبژاردنێكی هەڵەیە. بەڵام ئەوەی تریان، ڕوناكە و خۆی بە ئاشا، داپۆشراوە، ڕاستیی ڕووە تەختەكەیەتی كە لەئاسماندا پێكی هێناوە و لەگەڵ دایكیدا، كەئەهورامەزدایە، نارێكییەكان ڕێك دەخەنەوە.

ئەمەی سەرەوە، ژیانی مەعنەوی و پاشان، دەستپێكی ژیانی ماددی بووە، لەدووای ژیانی مادییەوە، ژیانێكی نوێ، لەگەشەی بەردەوام و نوێبوونەوەدا، دەستی پێكردووە، كە سەرچاوەكەیان خاك و خۆر و كەش و هەوای گونجاو و ئاو بووە و ڕەوانی تێدا بەرهەم هاتووە. هەر لەدیدی شوناسیانەی خوداوە، لەلایەن زەرەتۆشترای مەزنەوە، ڕەوان، یان ڕوح، یەكێكە لە گرنگیپێدراوەكان، كەلەئەنجامی گەشەی بەردەوام و گۆڕانكاریدا، لەدایك بووە و وەك هێزێكی مەعنەویی ئەهورامەزدایی، ژیانی بە نەوەی ماددی دووای خۆی داوە. لەوەشدا، لەدیدوتێڕوانینی مەزدا یەسناییەكاندا، ( ئورڤان) واتا ڕەوان یان ڕوح، ( بیما) یە. واتا، شێوەیەكە لە وزەی مەعنەوی نەك ماددی. هەربۆیە، بەبەشێك لەئەهورامەزدا و سیستەمی ئەمیشاسپیێنتای دەزانن و سەر بەدەزگای خودایە.

لەزانستی زەرەتۆشترایدا، هەرسێ چەرخی درووست بوون و تێكەڵ بوون و دابەش بوون، بەسێ چەرخی بوون و نەبوون و لەدایكبوون و گەشە و سوڕانەوەی ئەمیشاسپیێنتا، دادەنرێت. كەلەیەكەمیاندا، پێش بوون، لەنەبوون، بوون پێك هاتووە و دروست بوون، چەرخی دووەم و دابەش بوونیش، سەردەمی سەرسوڕهێنەر و لەدایكبوونی یەكەم، قۆناغی گەشەی لەدایكبوونی ڕەوان ( ڕۆح) ە كە گەیشتۆتە پلەی بێكەم و كوڕی و تێیدا، زیندەوەر، لەهەرچووار بەشی ( هەوا، گەرمی، خاك، ئاو) پێكهاتووە.

ململانێ، یەكەی بنچینەیی هەموو چەرخەكانن، لەسوڕانەوەیەكی بەردەوامدایە و هەر لەو ئەنجامەوە ( ڕەوان) وەك ووزەی ناوكیی زیندووێتی، لەدۆخێكی نوێدا، بۆ گەشەی كۆمەڵێك ماددە، هەر لەئەنجامی ململانێیدا لەگەڵ سروشتدا، بۆ مانەوەیان، لەو دۆخە نوێیەدا، پێك هاتووە. ئەمەش، بەتەنگوچەڵەمەیەكی زۆر دوور و درێژدا تێپەڕیوە و پاشان، سروشت، كاریگەریی خۆی لەسەر داناوە و گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە و ڕوەك یان گژوگیا، وەك یەكەم زیندەوەر، دروست بووە. لەوێشەوە، بۆ جوڵە، گۆڕاوە و لەپەلهاویشتنیدا، بۆ پەیداكردنی خواردن، باڵ و قاچ و سكی خزین یان خشاندنی گرتووە و هەستەكانی تێیدا گەشەیان كردووە و دووایە چاویشی لێڕواوە.

بەپێی دەقە زانستییەكانی زەرەتۆشترا، لەپێشینەكانی گەشەی زیندەوەراندا ( چاو) چەقی قورسایی گەشەی زیندەوەران بووە و بەیەكەم هەنگاوی پڕ لەمەترسیی هەژمار كردووە، كە هەمووان یەكترییان خواردووە. دووایە، ئاژەڵان، بەچەندین قۆناغیتری هەستیاردا تێپەڕیون و لەناویاندا، مرۆڤ، وەك گیاندارێكی بەتوانای خاوەن مێشكێكی گەورە، گەشەی بەردەوامی لەجەستە و مێشكیدا كردووە و ئەندێشەی لە ڕووداوەبەردەوامەكانی سروشت و دەروبەرەوە، بەدەست هێناوە و گەیشتۆتە ئێستای. هەربۆیەشە، زۆربەی گاتاوەكان، بەپرسیار، لە( ئەهورامەزدا) كەچەقی قورسایی ئاینەكەیە دەست پێ دەكات وەك لەهاتی ٥ و بڕگەی ٧ دا هاتووە" ئەی مەزدا، من، بەهەستبزوێنترین سروشەكەمەوە، ستایشت دەكەم و دێمە ڕیزی تۆوە. بۆ ئەوەی لەبەر تیشكی ڕاستی و ئەندێشەی چاكدا، ڕێگامان پێ نیشان بدەیت و یارمەتیمان بدەیت."

زەرەتۆشترا، كۆی ئاینەكەی، وەك زانستێك لەسەرەتای بوونەوە تاكو كۆتایی، لەژێر ڕۆشنایی ( ئەهورامەزدا) دا، هەڵچنیوە و هەمیشە پشت بەو ئەندێشەیە دەبەستێت كە شیرەی لێ دەگرێت. وەك لە هاتی ٤٣ و بڕگەی ١٦ دا هاتووە" ئەی ئەهورا! كەوابوو زەرەتۆشترا، بۆخۆی پاكترین ئەندێشەكان هەڵدەبژێرێت. با لەبەر تیشكی راستیدا، ژیانی ماددیی

ئێمە، هێز بگرێت. چاکەکاری و هێزی مەعنەوی، ژیانی ئێمە، ڕوناك بکاتەوە و ئەندێشەی چاکەمان بەچاك پاداشت بداتەوە."

لێرەوە تێدەگەین کە زەرەتۆشترای مەزن، پێناسەیەکی نوێی بۆ خودا داناوە و بەشێوەیەکی زانستی بەرهەمی ناسینی خودای پێشکەش کردووین. دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە خودا سروشتە و ئێمەش، بەشێکین لەخودا و لەسروشت بووین و لەئەنجامی ڕووداوە نەخوازراوەکاندا، بەپێی سیستەمێکی گەردوونی، بەمێژوویەکی دوور و درێژدا، تێپەڕ بووین و دروست بووین و لەلایەن سروشتەوە، کە ئەمیشاسپینتایە و لەچەقی هاورا مەزدایە، گیانمان پێ بەخشراوە و شیرەمان لێوە وەرگرتووە.

## قۆناغەکانی عیرفان و زانستی زەرەتۆشترا:

عیرفانی زەرەتۆشترا، لەشەش قۆناغدا و لەپێکهاتەی ( ئەمیشاسپەندان: گیانە نەمرەکان) دا کۆبۆتەوە کە بریتین لە ( ئەشا: ڕاستیی باڵا، وەهومەنە: ئەندێشە و ئاوەزی چاك، خشەترا: خودزاڵبوون و توانایی پادشاییکردن بەسەر خوددا، ئارمەئیتی: خۆشەویستی و ئارامی و ئاسودەیی و بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانە، هەئوروەتات: پێگەییوی و پڕبوون لەزانست و زانیاری و ئاوەزمەندیی باڵا و تەواوکاری، ئەمیرەتات: جاویدانەگی و نەمرێتی).

جیهانبینیی زەرەتۆشترای مەزن لە بەمەزندەگیرییدا و لەناو لەنگەری ئەگەرەکاندا کۆنەبۆتەوە. بەڵکو، ئەو زانستیانە و سروشتیانە ڕۆچۆتە ناو وردەکارییەکانی بوونەوە و لە هەرسێك ڕاڕەوی ( بوون: نهێنیی ژیان و سروشت و دەوروبەر و گێتی، بیر و ئەندێشە: ژیری و زانست و دۆزینەوە و دانایی و پسپۆڕی و پڕبوون، کردار و ڕەوشت: یاسا و سیستەم و بەڕێوەبردن و پەروەردە و کەسێتی و بەرپرسیاری و دادگەری و یەکسانی و چاودێریکردن و پاراستنی ئافەرێندراوەکان) ی کۆڵیوەتەوە و بۆ خۆڕێکخستنەوەی سیستەمی سروشتیی ئارام و دوور لە ستەمگەرایی، بەدەرەنجامێکی سەرکەوتوو گەیشتووە کەتاکو ئێستای ژیان و تێفکرین و دۆزینەوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهێناوە. هەرچۆن ئەو ژیان بۆ هەرچووار توخمی سەرەکی ( خۆر، خاك، هەوا، ئاو) دەگەڕێنێتەوە و پێی وایە ژیان و بوونەوەرەکان لەم توخمانە زاون و زەوی ( گێئوش) دایکی بوونەوەرەکانی سەر ڕووەکەیەتی. هەرواش پێی وایە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی گەشەی مرۆڤ، ترسناکە و لەدەستیدێت شیرازەی بوون و ژیانی سروشتی تێك بدات. بۆیە گاثاوەکانی لەڕێگای ( وەهومەنە: ئەندێشە و ئاوەزی باڵا) و لەچاوگی ڕوناکییەخش و هەستیمەندی ( ئەهورامەزدا) وەرگرتووە و بۆ ئێمەی بەدیاری هێناوە.

قۆناغەکانی عیرفانی زەرەتۆشترای تەنها لە بوونی مرۆڤ و ئەندێشە و ئاوەز و گوتار و کرداریدا کۆنەبۆتەوە. بەڵکو ئەو پێی وایە بوون بەم قۆناغانە دەستپێکردووە و ئەهورامەزدا کە ئافرێنەر و زادەی ئەم ڕوناکیەن، بریتییە لە بوون. هەر بەوەشەوە نەوەستاوە و باس لەگێتی دەکات و لەناو ئاسمانە دوور و درێژ و تەنیشت ئەستێرە و زەوییە کاکێشانی و کۆمەڵە خۆرەکاندا تێدەپەڕێت و وردیان دەکاتەوە.

زەرەتۆشترای مەزن، لە عیرفانەکەی خۆیدا سیستەمێك بۆ ژیانکردن پێشنیار دەکات کەتەواوی ئافرێندراوەکان دەپارێزێت و لە جەنگ و خوینڕێژی و وێرانی و لەناوچوون و تەنانەت کۆیلەبوون و ستەم و سوتاندن و کوشتن و تاڵانی و ئازار و ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی دووریان دەخاتەوە. سیستەمێك کەتەنها خۆی دەزانێت چەند ڕەنجی بۆ کێشاوە و چۆن وەك ملوانکەیەکی زێڕینی ئاوەزمەندیانە بەخشیویەتیە گەردنی مرۆڤایەتی و کوردیش شانازی بەم پێغەمبەرەیەوە دەکات.

## قۆناغی یەکەم: ئەشا

ئەشا، بەمانای ( ڕاستیی بوون) دێت. سیستەمی یەکەم سەرەتای دروستبوون و لەدایك بوون و هۆکاری پەیدابوونی ژیان و بوونە. لەدیدی موغەکانەوە ( ئەشا) دەستپێکە و بەرهەمی هەستیمەندیی ئەهورایی مرۆڤ و گێتیە. وزە و هێزی تێکهەڵکێشی قۆناغەکانی دووای خۆیەتی و یەکەم جار مینۆیی و دووایە بووەتە ماددە. لەڕووی مرۆڤ و بوونەوەرەکانیشەوە دەربارەی پێنتە مەعریفی و سێ بنچینەکە، لەقۆناغی یەکەمیدا ( مەت: بیر) هۆشمەندی و تێفکرین و زانین و کۆی وێنە ئەندێشەییەکانی پێش ئاوەزە و لەوێوە شۆڕ دەبێتەوە و دەچۆڕێتەوە بۆ ئەو دیو خۆی. لەقۆناغی دووەمیشدا ( خەت: ئاخافتن) ڕێکخستنی ( مەت) ە بۆ دەربڕین و تێگەیاندنی بەرامبەر بەپێی ( مەت) ی ئاوەزمەندی نێوانگری ئەندێشە و بەمەش گوتار، لەدایك دەبێت. لەقۆناغی کۆتاییدا ( ئارش: کردار) دەرەنجامی ئاوەز و چۆنێتیی دەربڕینی زانینەکانی خودە و دەبێتە کەسێتی و شوناس. بەم پێیە، ئەشا، یەکەم کاریگەر و دووەم وزە و سێیەم هێز و دەلاقەی ئەوانەی دووای خۆیەتی و دایکی بەرجەستەبوونە و تێدابوون و تێداگەشەکردن و تێداسەرهەڵدانیانە و کانیی چاکەکاریی سروشتی ڕەوتە مینۆیی و خاکییەکەیەتی. هەر بۆیە دەبێژێت ( ئەشم ڤەهۆ. واتا ( ئەشا) ڕاستیی بوون، چاکەیە).

لەڕووی خاکییەوە ( ئەشا) سیستەمی گێتی ( گێئوش) ڕادەگرێت. تەواوی ئەستێرەکان و کۆمەڵەخۆرەکان و کاکێشانەکان و چینە لەسەر یەك کەڵەکەبووەکان ڕیز و ڕێك دەخات و لەخۆیدا هەڵی گرتوون. خولانەوە و مەوداکانیان و سوڕانەوە و ڕاکێشان و پاڵنان و پەستان و گڕ و سوتان و ... زۆر نهێنیی دیکەی گێتی بەپێی ئەم سیستەمی ئەشایە ڕێك خراون کەپێش جێگا و پێش خودی تەن و پێش بەرزەخی مینۆیی و پێش ژیانی خاکییە.

لەسەر زەویی سەوزی ژیان، کە مرۆڤی لێ نیشتەجێیە و هەر هەمان زەوی کەدایکی بوونەوەرەکانی سەر ڕوو و ناوەوەی خۆیەتی، بەپێی سیستەمی ئەشا هاتوونەتە بوون. بەم پێیە ئەشا جێگا یان تەن نییە. بەڵکو لەوێدا بوونی سەرهەڵدان و پێتاندنی مینۆیی بەشەکانی پاش خۆیەتی و بووە بە ڕاگر و کۆڵەکەی بوون کە بەرزەخی ڕاستیی ڕەوتەکەی هۆنیوەتەوە.

ئەشا، سەرەتای ڕوناکی و وردیلەکانی خۆرە بۆیە ئاگر بووە بە ڕووگە و لەسەر سفرەی عیرفان لە جەژن و بۆنە ئاینییەکاندا ئاگر دادەنرێت وەك نماد و شوناسی ئەشا.

وشەی ئەشا، لەگاثاوەکانی زەرەتۆشترادا، دەیان جار هاتووە و لەیەکەم برگەی یەسنا هاتی ۲۸ و نیوەدێری دووەم و وشەی دوەم لە کۆپلەی دووەمی برگەکەدا دەبێژێت ( سپەنتەهیا ئەشا ڤیسپەنگ شیاوتنەنام) واتا هەموو کار و کردارێکی هەماهەنگ یان تەبا بە ئەشا، پیرۆز و پاکێتییە. بەم پێیە، تەواوی دەرەنجامەکان کەلەتەن و بوونەوەرەکانەوە سەرچاوە وەردەگرن، بەپێی پاکێتی و ڕاستیبوونی ئەشا لەبووندا هەن و دەبن و تەبان لەگەڵ خودی لەوێدابوونیاندا.

لەگاثاوەکان، یەسنا هاتی ۲۸ و برگەی دوودا و لە کۆپلەی سێیەم و دێری یەکەم، وشەی ( ئەشا) لە دووەم ڕیزبەندایە و هاتووە ( ئاپیتا ئەشات هەچا) واتا: لەڕێگای ئەشاوە پاداشتم بکە. بەم پێیە پاداشتی بوون و ژیانکردن لەوێدابوونی ئەشاییانەی ڕێرەوەکەیەتی بەبێ ئەو ڕاڕەوە سیستەماتیکییە، ژیان و بوون مانایەکی نییە و پاکبیری و خۆشگوتاری و چاککرداری، دەرهاویشتەی تێگەیشتن و هەڵهێنجانی ئاشاییانەیە.

لە هەمان هاتدا و برگەی سێیەم، لە کۆپلەی یەکەم و دێری یەکەم و ڕیزبەندیی سێیەمدا ( ئەشا) هاتووە و دەبێژێت ( یی ڤاو ئەشا ئوفیانی) واتا: بۆ تۆ ئەی ئەشا، سرودگەلێك دادەنێم... کەواتە سروتە ئەهورایەکانی زەرەتۆشترای مەزن، سەرەتا بەلەوێدابوونی گوزەری ئەشا، بۆ دانەرێکی وەکو زەرەتۆشترای مەزن، شیکردنەوە و وردکردنەوە و ڕۆچوونیەتی بە قوڵایی عیرفاندا و دۆزینەوەی یەکەم سواڵەی بەرهەمە زانستییەکەیەتی. بۆیە، لەوپەڕی توانامەندیی خۆیەوە کەرەستەی دووەمی زاوامای ئەشای چنگ دەکەوێت و ڕیزبەندییەکەیان دادەڕێژێت و بەشەش قۆناغ تاکو بە جاویدانەگی و نەمرێتی واتا ژیانی خاکی دەگات و وزە و هێزەکان لێك دەدات، ناگیرسێتەوە.

بەم پێیە، چۆن ئەهورامەزدا پنت و چاوگی بیرکردنەوەکانی زەرەتۆشترا بوون، ئاواش ئەشا، یەکەم وزە و هێزی لەوێدابوونی تێگەیشتن و یەکەم قۆناغی عیرفانی ئەون و پێکهاتەی ئاینەکەی لەسەر داڕشتووە و لەوێوە بە ( ئەشە ڤەهیشتە: واتا باڵاترن ڕاستی) دەگات و بە ( بەهەشت) ناوزەدی کردووە و ( وەهومەنە: بیر و ئاوەزی چاك) ی ئەون.

زەرەتۆشترایان، بۆ ستایشی ئەشا، ڕۆژانە و دەیان جار تاکو نوستنیان ستیاشی دەکەن و فرامون یەشتیان لە خوردە ئەوێستادا بۆ داناوە:

#### فرامون یەشت:

ئەشم ڤەهو، ڤەهیشتەم ئەستی، ئوشتا ئەهمائی، هیەد ئەشائی، ڤەهیشتائی ئەشم.

#### واتا:

ڕاستی چاکەیە، شادمانییە، چاکترین چاکەیە، هەوێنی بەختەوەرییە. بەختەوەر ئەو کەسەیە بەبێ پاداشت، ڕاستی و دادپەروەری دەکات بە پیشە

لە بنە و دووانەی تەکاندن و گشتاندندا، ئەشا، لەپێکهاتەی ئەهورامەزدا و شۆڕبوونەوەی بۆ زاوامای کۆمەڵەی ( ئەمیشاسپەندەکان: واتا گیانە نەمرەکان) بۆ بەجاویدانەگی و نەمرێتی و پەیدابوونی تەن و کۆی تەونی بوون، ڕۆڵی تاقانە لەعیرفانی زەرەتۆشترای مەزندا دەگێڕێت و ( فرەوەهر: واتا وزەی بزوێنەر) ی لە شەش قۆناغی ئەمیشاسپەندەکاندا بەرهەم هانیوە. ئەم گیانە نەمرانە، لەکۆتاییدا تەنیان پێکهێناوە و لەوێوە بوون پەیدایشی خۆی خستۆتە

گەڕ و گەشەی بەردەوام و گۆڕانکاریی جۆریی و چۆنێتی و ناوکیی کردووە. کەواتە، دەتوانین بێژین کە ئەشا هۆکاری پەیدابوون و هۆکاری ژیانە بۆیە چاکەکاری و ڕاستیی باڵایە.

## وەهومەنە، قۆناغی دووەمی عیرفانی زەرەتۆشترا:

عیرفانی زەرەتۆشترا، زانست و دۆزینەوە گرنگەکانی ئەو کەڵە پیاوە کوردەیە کە توانیی جیهان ڕابچڵەکێنێت و لەناو نەزانین و تاریکیی بیرکردنەوەکانیاندا دەریان بهێنێت. بەم پێیە ئەگەر ( وەهومەنە: ئەندێشەی چاك) لەکۆی کەرەستەگەلی بیرکردنەوەکانی زەرەتۆشترادا و لەدوانگەی ئاوەزمەندانەیدا نەبووایە نەدەکرا ڕێگایەکی وا سەخت تاوتوێ بکرێت و گوزەر بەناو کەشکەڵانی بێکۆتایی ژیاندا بکات و لە دوو وشەی ئەوێستایی ( ڤێنگهێئوش: ئەندێشە) و ( مەنێنگهۆ: خاس، چاك، پاك) پێکهاتووە و دووایە بووە بە ( وەهومەنە).

وەهومەنە، قۆناغی دووەمی جاویدانەگیی عیرفانی زەرەتۆشتراە کە بریتییە لە ئەندێشەی چاك و چاكێتیی ئەشایی و دووەم وزەی گرێدان و نیشتەجێبوونی لەوێدابوونی ئەوانی دووای خۆیەتی. چاکەکاریی ئەشایە بۆ زاینێکی دیکە. منداڵدانی کۆکردنەوەی دەرهاویشتە خێرا و لەپرەکانی ڕوناکیی دایەنەکەیەتی و خاسیەتی ( خاس، چاك، باش، پاك، بەسود و لەبار) ی پێ بەخشیوە.

وەهومەنە( ئەندێشەی چاك)، سروشت و ڕێڕەوی ئەشایە بۆ پڕبوونی خۆی لە تێگەیشتن تا بەپێگەیشتن و سازندە بگات. کەواتە بووەتە ئەندێشەی ئاوەزمەندانەی ڕاستیی باڵا تاکو دانایی پێ ببەخشێت لە جیهانسازیدا. دانایی لەڕێڕەوی ئافراندن و زاوەمای وەچە مینۆییەکانی پاش خۆی و لانەی چۆنێتیی کۆکردنەوە و بەرهەمهێنانی خاسییە. خودی نەخشەسازییەکەیە بۆ تەواوکاریی ئەشاییانە و هەروەها دەستووری تێدا جێکردنەوە و ڕێکخستنی یاساکانی ئەشایە. وێنەگەلی ناو مولولەکانی ژیان و بوونیەتی. وزەی چۆنێتیی بەردەوامبوونی ئەوانی دووای خۆیەتی و شیرەی دانایی و زانایی و ئاوەزمەندانەی لێ وەردەگرن. هەربۆیە شێوە و شیرازەی ڕێکخراوەییە لە بەیەکەوەبوونی گشتیدا.

ڕێڕەوی ئەشا لە ئاوەزێکی باڵادا بۆ ژیان و بەردەوامی و هێشتنەوەی خۆی پێویستیی بە ئەندێشە و تێگەیشتن و وردکردنەوە و نەخشەسازی هەبووە. بۆیە، وەهومەنە وەك دادوەرێك و بووەتە ( دەئینا: دین) ویژدانی ئەشا و بەرجەستەی چۆنێتی و جۆرێتیی سەرچاوەکەی و هەروا شوناس و پێگەی ئەشای دیاری کردووە و ئەوانی دیکەی بەپێی خۆی کە دەبێتە بیرکردنەوەی ئەشا، بۆ ڕێکخستووە.

زەرەتۆشترای مەزن، لەگاتاوەکاندا و لە برگەی یەکەمی هاتی ٢٨ دا و لە کۆپلەی سێیەمدا ا دەبێژێت( ڤێنگهێئوش خرەتوم مەنەنگەهۆ، یا خشنەڤیشا گیئوشچا ئورڤانێم) واتا: ( هەماهەنگ بە ئاوەز و ئەندێشەی چاك ڕەوانی گێتی خۆشبەخت دەکەم). هەروا لەزۆربەی برگەکانی دیکەی گاتاوەکاندا ( ڤەهومەنە، ئەندێشەی چاك) بووەتە دووەم پلیکانەی سەرکەوتنەکانی و پێی وایە تاکە کەرەستەی خاسی و پاکیە.

هەر لە هەمان هاتدا و لە برگەی دووەمدا و لەکۆپلەی یەکەم و دووەمدا دەبێژێت ( یی ڤاو مەزدا ئەهورا، پەئیری جەسایی ڤەوهۆ مەنەنگها... مەئیبیۆ داڤوئی ئەهڤاو، ئەستوەتەسچا هیەتچا مەنەنگهۆ). واتا: ( ئەی مەزدا ئەهورا، بەئازادی و بەنێوانچاکیی ئەندێشەی چاکەوە لێت نزیك دەبمەوە تاکو ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی دوو جیهانی خاکی و مینۆیی دەستەبەر بکەم ). لێرەدا دەردەکەوێت کە زەرەتۆشترای مەزن، قۆناغی دووەمی عیرفانی بۆ بەدەستهێنانی دوو جیهان دەستنیشان کردووە و ئەوەی وەك تاکە ڕێگای گەیشتن بە خۆشبەختی دیاری کردووە.

لەدیدی زەرەتۆشترای مەزنەوە، ئەندێشە، کۆی ئەو وێنەگەلەیە کە ئاوەز، خەرەد، عەقڵی تێدا بەرجەستە دەبێت. ئەگەر ئەم کەرەستانە کەرەستەی پاکی و ڕاستیی باڵای سروشتیی ژیان بن و لەسەر بنەمای چاك گیرهاتبێت و مرۆڤ لەمامۆستای ڕاستگۆ و خاوەن ڕاستیی باڵاوە فێرکرابێت ئەوا دەستی بە خۆشبەختی و ئاسوودەیی دەگات و هەردوو جیهانی خاکی و مینۆیی بەدەست دەهێنێت و مرۆڤێکی خاوەن ئاوەزز و عیرفانی چاك دەبێت و سودی زۆری بۆ مانەوەی یاسای ئەشای ئەهورایی دەبێت. ئەگەر نا ئەوا چۆن ( هومەتە: ئەندێشەی چاك) هەیە ئاواش ( دژ هومەتە: ئەندێشە خراپ) هەیە و سیستەمی ژیان و بوون تێك دەدات و زیانی زۆر دەگەیەنێت و ئاسودەیی لەناو دەبات و ستەمگەرایی بەرهەم دەهێنێت. تەنانەت زەرەتۆشترای مەزن پێی وایە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ئەندێشە و ئاوەزی چاك نەبێت ئەوا لەدەستیدایە بوونەوەرەکانی دیکە لەناو ببات. هەر بۆیە نمادی خاکیی ئەندێشەی چاك ( وەهومەنە) شیر و هێلکەیە لەسەر سفرەی نیایش و جەژن و بۆنەکان و لەهەر ڕۆژێکی مانگدا کە دەکەوێتە ( وەهومەنە ) وە و دووەم ڕۆژی هەموو مانگێکە تێیدا ڕاو و سەربڕینی ئاژەڵان و تەنانەت هیچ بەرهەمێکی گۆشت و ئەوانیدیکەی ئاژەڵ ناخورێت و تەنها خواردنی گیایی دەخورێت.

عیرفانی زەرەتۆشترا لەقۆناغی دووەمیدا کە ( ڤێنگهێئوش مەنێنگهۆ: وەهومەنە) یە لەناو ئەندێشەی باڵای پاکێتیدا، جەخت لەسەر ئازادیی ڕەهای بیرکردنەوە دەکاتەوە. چونکە، ئەگەر مرۆڤ بەئازادی بیر نەکاتەوە و لەژێر کاریگەری و کۆیلایەتیی هێزێکی مینۆیی یان خاکیدا بێت ئەوا ناتوانێت بە پێگەیشتوویی بگات و ناشتوانێت ڕاستیی باڵا کە ئەشایە دەستەبەر بکات. بۆیە ئازادی لەلای زەرەتۆشترا مەرجی سەرەکیی داهێنان و ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی و

بەختەوەرییە و کۆمەڵگە بۆ ڕێکخستن و بەدیهێنانی دەستوور و یاسا و دەسەڵاتێکی وا ئاراستەدەکات کە کۆیلایەتیی بیر و هۆش و جەستەی تێدا مەحاڵ بێت و هۆکارێك بێت بۆ بەردەوامیی ئازادی بەبێ هیچ ڕێگری و بەربەست و دیوارێك. بۆیە ئازادیی بیرکردنەوە لەلای زەرەتۆشترای مەزن جیهانی ئەندێشەی جاویدانی و ئاوەزمەندانەی بیرمەندانەیە و خۆشوشیی ژیانە بۆ کۆی بوونەوەرەکانی سەر زەوی و ڕێچکەی پارێزگاریلێکردن و وەك خۆی هێشتنەوەی سروشتیانەیە کەلە ( ئەهورامەزدا) دا کۆی کردوونەتەوە.

عیرفانی زەرەتۆشترای، تاکەکان بۆ هەوڵ و تێکۆشان و فێربوونی چاکەکاری و زانستی بەسود کێش دەکات چونکە ئەگەر تاکێك خاوەنی ئاوەز و ئەندێشەی چاك بێت ئەوا خراپەکاری ناکات و خێزانێکی تەندروست بەرهەم دەهێنێت. بەکۆی خێزانە تەندروستەکان، کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بێچەوسانەوە و پێشکەوتوو بەرهەم دێت و لەوێشەوە دەستوور و یاسا و سیستەم و حکومڕانیەکی تەندروست و دوور لەستەم و خاڵی لە ئەفسانە و بیروباوەڕی جادوگەرانەی دێوپەرستی، دێتە بەرهەم و دوواکەوتوویی دەبێتە شەرم و داهێنانی سودبەخش بەردەوام دەبێت. بەم پێیە ( وەهومەنە) بریتییە لە سیستەمی ئەندێشەگەرایی ئەشاییانەی باڵا کە سەرچاوەی ئاوەز و عەقڵی خاسە.

عیرفانی زەرەتۆشترای، جەخت لەسەر مرۆڤ دەکات کە هەمیشە پشت بە زانست و زانیاریی خاس و بەسوود ببەستێت و هەر لەمنداڵییەوە پەروەردەیەکی تەواو ڕاست و بێخەوش بەکار ببات. خۆیان فێری خوێندەواری بکەن و ڕوو بکەنە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پزیشکی و ئەستێرەناسی و زانستە جۆربەجۆرەکان و کۆشش بکەن بۆ فێربوونی بەردەوام تاکو لەڕێگای ئەندێشە خاسەکانیانەوە کۆمەڵگەیەکی خاس پێکەوە بنێن. وەك زەرەتۆشترای مەزن خۆی دەبێژێت ( من، لەڕێگای وەهومەنە: ئەندێشەی چاکەوە. توانیم ئەهورا مەزدا بدۆزمەوە). کەواتە وەهومەنە، ئەندێشەی چاك ڕێگا و ڕێبازی گەیشتنە بە ڕاستیی باڵا کە ئەشایە.

زەرەتۆشترایەکان، لەخوردەئەوێستادا کەردەیەکیان بۆ داناوە و لەتەواوی نیایشە ئاینییەکاندا و ڕۆژانە پێنج جار دەیخوێنن و ستایشی دەکەن و پێی دەڵێن ( ئەهونەوەر).

**ئەهونە وەر:**

یەتا ئەهو وەئیریۆ. ئەتا ڕەتوش. ئەشاد چیت هەچا. ڤەنگهێئوش دەزدا. مەنەنگەهۆ شیاوثنەنام، ئەنگەهوش مەزداییم. خشەترەمچا ئەهورایی. ئا، ییم، دریگۆ ببو، دەدەت، ڤە ئەستارەم.

**وەرگێرانی بۆ کوردی:**

بیرچاکی ڕاستەقینە و ڕێبەری پاك و ڕاست و زاڵبوو بەسەر خۆیدا کەسێکە کە گوێڕایەڵ و پەیڕەویی یاسای بوون بکات، خەڵاتی( وەهومەن) ئەندێشەی چاکی ئەهورا مەزدا بۆ کەسێکە یاریدەی بێچارە و داماو و لێ قەوماوان بدات.

## خشەثرا وەئیریۆ ( قۆناغی سێیەمی عیرفانی زەرەتۆشترا)

خشەثرا وەئیریۆ بەمانای( توانامەندی، بەسەرخۆدازاڵ بوون)، کە سێیەم قۆناغی عیرفانی پێغەمبەری کوردان، زەرەتۆشترای مەزنە، بەمانای وزە و توانای زاڵبوون و ڕامەنی ( بنیادنەری) وزەی پێشبەرندەی ئاوەزە لەنێوان

هەردوو ( ئەشا: چاکیی باڵا) و ( وەهومەنە: ئەندێشەی پاك) دا. ڕایەڵەی گرێدانی هەردوو چمکی پێش خۆی و پێکەوە لکاندن و گونجاندنی بنەما و گەردەکانی دووای خۆیەتی.

خشەثرا، وزەی خودپادشایی ڕەهابوونی بیر و جەستەیە لە کن تاکێکی ئازاد و پێشبەرندە. ڕەهای باڵای چاوگی قارەمانێتی و بڕیاردانی بنجبڕە لە هەڵوێست و لەسەروەستانەکاندا. هۆکاری بەرجەستەبوونی دەرەنجامەکانە. ڕاگری دەزگای مانەوەی ڕاستیی باڵایە کە تاکە دەلاقەی حیکمەتی ڕوناکییە. شۆڕبوونەوەیە بەناو ڕێکخستنەوەی ئەندامەکانی هێزی ئافراندن و ئافرێندراوەکان و خودی ئافەریدە و دانایی توانامەندیی قارەمانانەی بوونە. دووا بڕیار و دووابیرکاری لەدایکبوونێکی نوێیە بۆ مانەوە. بەم پێیە، خشەترا، ئورڤان ( ڕەوان) ی عیرفانە و پێکهاتەی مولولە و گەردیلە وردەکانی بوونە کە وەستایانە دایاندەڕێژێت و شییان دەکاتە و لەسەر پێی خۆی ڕایان دەگرێت.

برگەکانی ( توانامەندی، زاڵبوون بەسەر خوددا( خود پادشایی)، تێکۆشان، بەردەوامیپێدان، مانەوە، هەڵوێست، ڕابەرایەتی، مافگەرایی، بەدووادادگەران و دۆزینەوە، هەنگاونان بەرەو ئاسۆ، ئازادی، خۆبەڕێوەبەرێتی، قارەمانی و سوارچاکی، یەکسانی، ڕزگاری، پایە و کۆڵەکەی ڕاگرتن، ڕەخنەی بنیانەر و پێشبەرندە) لە دید و تێڕانین و جیهانبینی و عیرفانی زەرەثوشترایدا، لە نەوەکانی خشەثران و هەنگاوی سێیەمی سەر پلیکانەی بەهەشتەکەیەتی.

خودپادشایی، چمکی گۆڕانکاریی ڕیشەییە لە سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتیکردنی ئەندێشە و ئاوەزی خۆییدا. بزاوتی پێشبەرندەیی بیر و هۆشە لەسەفەری دوور و درێژی ژیاندا بەناو ڕۆچوونە جوڵاوەکاندا. ژێرێتییە لە بەستنەوەی گوتاری ڕەخنەگرانەی سەرکەوتووی بزوێنەر بۆ بەدەستهێنانی کەسێتییەکی سەرکەوتوو و گونجاو بە شارستانییەت و بەها سەردەمییەکان. قۆناغێکی گرنگە لەڕووی گۆڕانکاری و گونجاندنی خودەوە بە ڕاستیی باڵا بە پشتبەستن بە ئەندێشەی بەرز. بەم پێیە، خودپادشایی ( زاڵبوون بەسەر خود) دا ئەنجامی کۆتایی ئەو جەنگە بەردەوامەی نێوان ئەندێشەگەلی دوو هێزی دژ بەیەکی ( چاك و خراپ، داخراو و کراوە، وەستاو و جوڵاو، پێشکەوتوو و دواکەوتوو، کۆن و نوێ، پەنهان و ئاشکرا، زانین و نەزانین، کۆیلە و ئازاد، تاریك و ڕوناك، خۆش و ناخۆش، سەرکەوتن و کەوتن، دروستکەر و ڕوخێنەر، درۆ و ڕاستی) و ڕزگاربونە لە گەنی و گەیشتنە بە ڕاستیی باڵا( ئەشا). ئەو تاکەی ئەم قۆناغەی عیرفانی زەرەثوشترای ڕام و دەستەمۆ دەکات و پیادەی دەکات دەکارێت کۆمەڵگە لە شۆکی فریوکارانەی خەیاڵ و ئەفسانە دزێوەکان ڕزگار بکات و خۆیشی بەرەو قۆناغی دوواتر هەنگاو بنێت چونکە دەرەچەی تێپەڕاندن و ڕزگاربوونە لەکۆت و پێوەندە باوەکان و پساندنی زنجیری خۆبەستنەوە خۆڕاییەکانە بە تاریکیی بیر و گەنیی ئەندێشەگەلی ڕەشبینییەوە.

زەرەثوشترای مەزن لەگاثاوەکاندا و لەیەسنا هاتی ٢٨ دا و لەبڕگەی سێیەمدا و لەکۆپلەی دووەمدا و دەبێژێت ( مەزدامچا ئاهوریم، یەیئیبێو خشەثرەمچا ئەغژەئونڤەمنیم) واتا: ئەی ئەهورا مەززدا، سروتگەلی خۆزاڵبوون ( خشەثرا: خودپادشایی) بەخەڵك و بۆ ئاسودەیی پێشکەش دەکەم.

زەرەثوشترایان لەسەر سفرەی عیرفان لەکاتی نیایش و بۆنە و جەژنەکاندا ( جامێکی مس) بۆ توانامەندی و خودپادشایی وەك نمادی خشەثرا دادەنێن و لەگاثاوەکانیشدا زەرەثوشترای مەزن ( نروئی: دلێری) ی کردووە بە پێناسەی ئەم قۆناغە.

موغەکانیش سەبارەت بەم پنتەی عیرفان لە خوردە ئەوێستادا و لە ( ئەوێستای پشتوێن بەستندا) و لە کۆپلەی ( مەزدەیەسنو ئەهمی) دا بۆ نیایش و ستایش جێگایەکی گرنگیان بۆ داناوە و بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە:

مەزدە یەسنو، ئەهمی، مەزدە یەسنو، زەرەثوشتریش، فرەڤەرانێ، ئاستوتەسچا، فرەڤەرێ تەسچا، ئاستوێ، هومەتیم، مەنۆ، ئاستوێ، هوختم، ڤەچۆ، ئاستوێ، هوەریشتم، شیائەثنیم.

ئاستوێ، دەئینام، ڤەنگوهیم، مازدویەسنیم، فرەسپایە ئوخێذرام، نیذاسنەئێ ثیشیم.

خوئیت ڤەدەتام، ئەشەئونیم، یا، هائیتی نامچا، بوش یە ئین تی نامچا، مەزیشتاچا، وەهیشتاچا، سرەئیشتاچا، یا، ئاهوئیریش، زەرەثوشتریش.

ئەهورائی، مەزدائی، ڤیسپا، ڤەهو، چینەهمی.

ئەئیشا، ئەستی، دەئینەیاو، مازدە یوسنۆئیش، ئاستوئی تیش.

## وەرگێرانی بۆ كوردی:

من ئەهورا پەرستم، خاوەنی ئاوەزی چاك و پەیرەوی زەرەشۆشترام. ستایشی ئەندێشەی چاك دەكەم كە چاوگی ئاوەزی باشە. ستایشی گوتەی چاك دەكەم كە چاوگی وتاری بەنرخە. ستایشی كرداری چاك دەكەم كە چاوگی ڕەوشتی بەرزە. بەڵێن دەدەم، هەموو هێزوتوانای خۆم لەڕێگای بیری چاك و وتەی چاك و كرداری چاك بۆ داكۆكیكردن لە خۆشبەختی و ئاشتی و دژەجەنگ بەكار بهێنم و ستایشی دینی مەزدیسنی دەكەم. ئەودینەی كە ئێستا و داهاتوو چاكترین وباشترین و بەرزترینە كە دینی مەزدایی و زەرەشۆشترابیە. هەموو بیروباوەڕێكی جوان و چاك ئەهورایی مەزداییە. بیرو ئەندێشەی مەزدیسنی، ڕاستی و ویژدانی بەئاگایە.

.... بەپێی عیرفانی زەرەشۆشترا و ڕوناكییەكەی، ئەودەمەی مرۆڤ بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێت و خودپادشایی لەوپەڕی مەعریفەی زانستیدا بەرهەم دێت، دەبێتە هۆی لەدایكبوونی قۆناغێكیتر كە بەیەكەوە ژیانێكی ئاشتیانەی بێچەندوچوون و بێگیروگرفت و بێچین و چەوسانەوە لەدایك دەبێت ئەویش قۆناغی ( ئارمەئیتی) ە.

## ( ئارمەئیتی) خۆشەویستیی باڵا، قۆناغی چوارەمی عیرفانی زەرەتۆشترا:

ئارمەئیتی، بەواتای ( خۆشەویستیی باڵا) دێت و ڕایەڵەی گونجاندن و بەیەکەوە بەستن و ڕێکخستنی شیرازەی ژیانە. ئارمەئیتی، سۆز و خۆشبەختی و ئاسودەیی و گرێدانە. پەیمان و ڕێکخستن و گونجاندن و بەری شەن و کەوکردنی ویژدانە. باوەشکردنە بەخۆشبەختی و کامەرانی و بەیەکەوە ژیانێکی ئاشتیانەدا. چێژوەرگرتنە لە سروشت و دەوروبەر. پێکەنین و خەندە و خۆشگوفتارییە. وزە و نەخشەی مانەوە و پارێزگاریکردنی ئافەرێدراوەکانە. تێشووی ڕێگای تێکۆشان و خودپادشایی و ئەندێشەمەندیی باڵا و ڕاستیی ڕەهایە. قۆناغ و بازی تێپەڕاندن و دژبەری درز و کەلێنە گڵێنەکانی تووڕەیی و دڵپیسی و پەرتکردن و جەنگ و خوێنڕێژییە.

ئارمەئیتی، لەدیدی زەرەتۆشترای مەزنەوە خاکە. خاکیش ئەو زەمینە سەوز و پڕ سەمەرەیە مرۆڤ و بوونەوەرەکانیتری لەسەر دەژی و ( ئەشەڤەهیشتە: بەهەشت) ی ژیانە هەربۆیە خاك وەك سفرەی عیرفانی بۆنە و جەژنەکان کۆی گشتیی کەرەستەکانیتری لەسەر دادەندرێت و جاری واش هەیە پارچەیەك پەڕۆی سپیی پاك لەجێگای دادەندرێت و ڕادەخرێت.

ئارمەئیتی ( خۆشەویستیی باڵا) لەعیرفاندا تایبەت کراوە بە ژن. لەو سۆنگەیەوە کە خاك دایکی بوونەوەرەکانە و مرۆڤگەلی سەر زەوی لە ژن دەبێت و ژن دایکی هەموویانە، بۆیە وابەستەی یەکیان کردووە و تەنانەت ڕۆژێکی هەر مانگێکیش بەناوی ( ئارمەئیتی) وە کراوە و ئەو ڕۆژەش تەرخان کراوە بۆ خۆشەویستی.

لەعیرفانی زەرەتۆشترایدا، ژن، جوانترین و باشترین درەختێکە لەژێر سێبەرەکەیدا خێزان کۆدەبێتەوە. تاکە هێزی کۆکەرەوەی هەموو ئەندامەکانی خێزانە و بەیەکسانی سۆز و خۆشەویستییەکەی بەسەریاندا دابەش دەکات. بۆیە، ئارمەئیتی، ڕاستەوخۆ بووەتە ڕۆژی سەرەکیی ژنان و پێناسەیەکیشە بۆ وابەستەگیی کۆمەڵگە بەیەکترییەوە.

خۆشەویستیی باڵا، ئەو قۆناغەیە مرۆڤ تێیدا لەگەڵ بوونەوەرەکانیتری سەرزەوی و لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیدا بەبێ کێشە بژی. بەبێ ئازار و ئەشکەنجە. بەبێ کۆیلەبوون و خاڵی لەڕق و تووڕەیی و دڵپیسی. داماڵینی خودە لە گەنیی بیری دژ و ڕۆشنبیریی جەنگ و پەلامار و داگیرکاری. ئاشتبوونەوەی تاکە لەگەڵ سروشت و دەروبەریدا. بەزەیی و سۆز و میهرەبانی دەکاتە کراسە ئاودامانەکەی ژیان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێت. پارێزگاری لە سروشت و دەوروبەر، لە ئاو و خۆر و خاك و هەوا و پاك ڕاگرتنیان بیری ئارمەئیتیانەی عیرفانی زەرەتۆشتراییە.

لەدیدی زەرەتۆشترای مەزنەوە، خۆشەویستی لەناو ڕق و بەتایبەت کۆیلایەتیی هۆش و بیردا کە بە ( ئەنگرەمینۆ: وزەی فەوتێنەر ناسراوە) بەرهەم نایەت و هەر تاکێك نەگاتە ئازادیی ڕەها و پەیمانی یەکلاییکەرەوەی جەربەزانە و دلێرانە بەخۆی نەدات و یاخی نەبێت لە قەید و باوەکانی ناو کۆمەڵگە ناتوانێت دەستی بە ئاسودەیی بگات. بۆیە پێویستیی بە تێکۆشانی بەردەوامە تاکو بە ئارامیی ڕەوان دەگات و خۆی بۆ خۆشەویستی ڕام و دەستەمۆ دەکات بۆ ئەمەش پێویستیی بە فێربوون و پەیبردنی نهێنییەکانی بوونە کە لێوانلێوە لەشادمانی و بەختەوەری و بە ( سپەنتەمینۆ: ئاوەزی باڵا) ناسراوە.

زەرەتۆشترای مەزن لەسەرەتای گاتاوەکاندا و لەیەسنا هاتی ٢٨ و برگەی سێیەمدا و لەکۆپلەی سێیەمدا دەبێژێت ( ڤەرەدەئیتی ئارمەئیتیش.... ئامۆئی ڕەفێزرائی زەڤەنگ جەسەتا) واتا: گەیشتن بە خۆشەویستیی باڵا ئاسودەییە لە فێربوونی ژیانێکی پڕ لە شادی و بەختەوەریدا).

موغەکان لەخوردە ئەوێستادا و لە سروشواژدا برگەیەکیان بۆ داناوە و دەبێژێت:

پاتە، نۆ، دەبی شیەنتەت، پەئیری، مەزداوسچە، ئارمەئی تیشچە، سپین تەسچە.... نەمەسچا، یا، ئارمەئیتیش، ئیثراچا.

## وەرگێرانی بۆ کوردی:

ئێمە لە بەدەکان چاودێری بکە ئەی مەزدا، ئەی سپەندارمەزد( هێزی میهر، خۆشەویستی و بەخشندەیی)..... ستایش پێشکەشی ئارمەیتی ( فریشتەی خۆشەویستی) و بنچینەی باوەڕ.

## هەئوروەتات( پوختەیی و پێگەییوی، تەواوکاری) قۆناغی پێنجەمی عیرفانی زەرەتۆشترا:

هەئوروەتات، قۆناغی پوختەیی و پێگەییوی و تەواوکاریی ئاوەزمەندانەی ڕێگای عیرفانی زەرەتۆشترا و گەیشتنە بەترۆپکی ئەوپەڕی مرۆڤ بوون لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیدا و خاڵییە لە هەر گەنییەك و تەواوکاریی ڕیشاڵۆکە باڵاکانی ڕاستیی باڵا و ئەندێشەی پاك و خودپادشایی و خۆشەویستی و میهرەبانییە و لوتکەی هەرمانە. وەك خۆی لە یەسنا هاتی ٢٨ و برگەی ١١ و نیوەدێری کۆتاییدا دەفەرموێت ( یائیشا ئەنگهوش پەئوئورڤیۆ بەڤەت) واتا: بەهۆی ئەوانەوە ژیان و ژیری لەلوتکەدا پەیدابوون. لەسەیسنای ٤٧ و برگەی ١ یشدا هاتووە( ئەهورامەزدا لەڕێگای خشەثرا و ئارمەئیتیەوە ( هەئوروەتا: پوختەی و پیگەیشتوویی) و تەندروستییەکی چاك و ( ئەمیرەتات: نەمرێتی) مان پێ دەبەخشی.

( هەئوروەتات)، پێگەیشتنی ئاوەز و خەرەدی باڵا، ئەو قۆناغەیە کە ئیدی مرۆڤ دەستی بە هەموو نهێنییەکان گەیشتووە و پاسەوانی ئەشا( ڕاستیی باڵا) یە. قۆناغی دانایی و پسپۆرییە لەڕووی مەعریفە و زانست و زانیارییەوە. بەرهەمهێنانی زانایە لەتەواری ژیاندا و واڵاکردنی ڕۆچوونەکانی پێشووی هەنگاوە عیرفانییەکانە بۆ سودوەرگرتن و بەرچیخی بەروبوومی ماندوێتی و تێکۆشانی هەموو ئەو قۆناغانەیە کە تاك تێپیەڕاندووە و هەنوکە و لەم قۆناغەی عیرفاندا پێیگەیشتووە.

زانایی و دانایی و پسپۆڕی و تەواوکاری و پێگەییوی و سەرکەوتن و گەیشتن و سەمەر و پەیدابوون و دەستپێڕاگەیشتن و بەدەستهێنان، گوزەرەکانی ئەم قۆناغەی عیرفانن.

هەئوروەتات، بەدوواداگەڕان و پرسیارکردنی نهێنییە ئاڵۆزەکانی ژیانە. بەو مانایەی ژیان چییە؟ ئێمە چیین؟ لەکوێوە هاتووین؟ بۆکوێ دەچین؟ سروشت چییە؟ ئاژەڵ چییە؟ روناکی و زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان چین؟ نهێنیی ژیانی ناو دەریا چییە؟ نهێنیی ئەستێرەکان و گەردوون چییە؟ ...... هتد...... وەك زەرەتۆشترای مەزن خۆی لە یەسنا هاتی ٢٩ و بڕگەی یەکەمدا دەفەرموێت( کەهمائی ما ثوەرۆژدۆم کێ ما تەشەت) واتا: بۆچی ئێمە ئافرێندراوین؟ کێ ئێمەی ئافراندووە؟.

زەرەتۆشترای مەزن، پشوودرێژانە لەگەڵ ( ئەندێشە) دا فڕیوە. ئەندێشەیەك وەك خۆی دەفەرموێت( دوو گەوهەری دژ بەیەك پێشکەش بەماڵی خەرەد و ئاوەز دەکات) گەوهەرگەلێك، لەڕوناکیی زانست دەزێ و بە وزەی خۆر گەشە دەکا و بەماڵی سروشت دەستەمۆ دەبێ و لەناو گەردوونێکی فراواندا مەلە دەکات و هەئوروەتات لە دوو چمکی ( ئەخرەمینۆ ( ئەنگرەمینۆ: وزەی لەناوبەر و فەوتێنەر) و سپەنتەمینۆ( وزەی باڵای پێکەوەبەستن و خۆشەویستی).) بەرهەم دەهێنێت کە هەردوکیان زادەی ئەندێشەن.

زەرەتۆشترای مەزن، هەم فەیلەسوف و هەم پەیامهێنەری ئەهورایی، بۆ مەزداسەناییەکان و بەگشتی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەندێشەیەکی بەرێگای فێرکاری لە بانگهێشتە ئاوەزییەکانی خۆیدا، بەبنچینەی ( دووالیزم) دووانەیی هێناوەتە بەرهەم، کەتێیدا( دۆزەخ و بەرزەخ) لە ڕووانگەی ( باش و خراپەوە) و ئەنجامگیریی ڕەوشت و کردارەکانی مرۆڤ لە بێژەنگ دەدات و بنچینەی ئەمانەش، دەگێڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوون و دابەشبوون و تەواوکاریی سێ چەرخەکەی گەردوون و پاشان ژیان و دووایە گەشە و نشونماکردن و پەڕینەوە تاکو مرۆڤ. ئەم دیدەی جیهانبینیەشی وەك خۆی دەبێژێت( دوو گەوهەر) مکەن و هەموو ئەم زانستەشی خستۆتە خزمەتی ڕاستیی باڵا و بۆ خۆشبەختیی مرۆڤە. وەك خۆی دەبێژێت( ڕەوانم بەئەندێشەی باش دەخەمە ماڵی ئەبەدییەتەوە. تاکو لەتوانامدایە، خەڵکی فێر دەکەم). گاثاوەکان/ هاتی ٢٨ و بڕگەی ٤.

ژیان و بوون، لەدیدی زەرەتۆشتراوە، بەرهەمی ( بوون و نەبوون) ن وەك دووهێزی لفەودووانەی دژ بەیەك کەتێیدا کات، وەك کچە هەستیارە دەستپێکەکەی وایە و لەپاش درووستبوون و وەك دەرەنجامێکی ئەم ململانێیە لەدایك بووە. دوو گەوهەری دووانەیش، لەلای ئەو، کەبەسەر دوو کەرەستەدا دابەش دەبن ( سپەنتا مینۆ و ئەنگرەمینۆ) واتا ( بەخشیدە و دژ) لەڕسکاندن و پێتاندندا دیسانەوە وەك دەرەنجامی ئەم دوو هێزە دژبەیەکە،( زاوە). بەپێی ململانێکانیان لەگەڵ یەکتردا کەدژ بەیەك بوون، بەهەردوکیان پاش پرۆسەی زاوماکە، ( حەوت) بەشیان لێبووەتەوە و بە ( ئەمیشا سپەنتا) ناسراوە کە تەواوی بوونی پێکهێناوە. هەربۆیە، زانستەکەی ئەم پەیامهێنەرە بەپێی ململانێ بەردەوامەکان هەمیشە نوێ دەبێتەوە و هەرگیز ناتواندرێت پشتی تێ بکرێت. وەك خۆی دەبێژێت( ئەی ڕاستی و ئەی ئەندێشە چاك، بۆ ئێوە سرووت دەڵێم. سرووتێك، کەپێشتر هیچ کەس نەیگوتووە. بۆ ئەوەی توانستی چاکەخوازی لەئێمەدا زۆرتربێت، داواکاریی ئێمە پەسەند بکات و شادی و بەختەوەریمان پێ ببەخشێت). گاثاوەکان/ هاتی ٢٨ و بڕگەی ٢.

ململانێی ( دووانەیی) تاکو ئێستا لەلای لێکۆڵەر و شارەزایان، بنچینەی گەشە و پەرەسەندنەکانن. کەئەوانیش پێیان وایە، بەرامبەر هەموو کردارێك پەرچەکەردارێك ڕوو دەدات و لێوەی ئەنجامگیرییەکی نوێ لەدایك دەبێت. هەرلێرەوە و بەپێی زانستی زەرەتۆشترای پەیامبەر، ئەگەر ڕق نەبوو، چۆن دەتوانیت خۆشەویستی بەرهەم بهێنیت؟ چونکە، لەسەر بنیادی ڕق، خۆشەویستی دەرسکێت. بەپێچەوانەشەوە، خۆشەویستی لەڕقەوە دەناسرێتەوە و ئەگەر خۆشەویستی نەبێت، ئەوا هیچ چمکێك یان پەرچەکردارێکی وەکو ڕق، بوونی نابێت. ژیان بۆ مرۆڤ، پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕ و کارلێکی نێوان مادده و زیندەمادده و ئۆرگانەکانن. ڕەوان یان ( ڕۆح) پەرچەکرداره بۆ ژیان. کەواتە، ڕەوان، لەئەنجامی پەرچەکرداری ژیانەوە دێتە بوون و ئالێرەوە ئەم دووگەوهەرە لەململانێکەیاندا ئێمە بەرهەم دەهێنن. ئەمیش جارێکیتر

لەئەندێشەوە شی دەبێتەوە تا بە هەستەکان و گوتار و کردار و دەرەنجامەکانی دەگات و مرۆڤیش تێیدا تا ئەوپەڕی ئازادیی ڕەهای هەڵبژاردن دەبات. وەك خۆی دەبێژێت( ئەی مەزدا، کاتێك لەسەرەتادا بەئەندێشەی خۆت جەستە و ئاوەز و ویژدانت بۆ ئێمە دروست کرد، گیانت کردە ناو جەستەمانەوە و بەئێمە دەسەڵاتی گوتار و کردارت دا، ویستت ئێمە بەدڵخوازی خۆمان بیروباوەڕمان هەڵبژێرین). گاثاوەکان/ هاتی ٢١ و بڕگەی ١١.

بەرزەخ( ئەشەڤەهیشتە)، لە ( هومەتە، هوختە، هوەریشتە) واتا ( ئەندێشەی چاك و گوتاری چاك و کرداری چاك) شیرە دەگرێ و دۆزەخیش لە ( دژ هومەتە، دژ هوختە، دژهواریشتە) واتا ( ئەندێشە خراپ و گوتاری خراپ و کرداری خراپ) با دەگرێت. کەواتە، مرۆڤ هەردوو لاکەی هەیە جا چ خراپ و چ چاك، واتا چ بەرزەخ و چ دۆزەخ، هەردووکیان بەیەکەوە لەناو ناخی جێگە قوڵ و تاریك و نەبیندراوەکانی ئەندێشەکانی مرۆڤدان و تەنها خودی مرۆڤ، وەك تاك، دەتوانێت بڕیار لەیەکێك لەو دوو بژاردەیە بدات. هەرخۆیشی ( دۆزەخ یان بەرزەخ) بەدەست دەهێنێت. کەواتە، لێرەوە ئاسانتر دەتوانین لەوە بگەین کە مرۆڤ، پێش هەرشتێك لەگەڵ خۆیدا لەململانێدایە. کە ئایا کامیان هەڵببژێرێت؟ دەرەنجامەکەشی خۆی باجەکەی دەدات. بۆیە، لەزانستەکەی زەرەثۆشترای پەیامبەردا، ئەم هەڵبژاردنە، کاریگەریی هەیە بۆ سەر سروشت و کۆمەڵگە. بۆیە، ڕێنوێنیی مرۆڤ دەکات، بۆ ئەوەی ژیان ببێتە بەرزەخ( ئەشەڤەهیشتە) واتا ( بەهەشت) پێویستە لایەنی چاکی ئەهورایی هەڵببژێردرێت و تاکو هەموان بەکەوە ژیانی بەرزەخیانەی بەهەشتی لەسەر زەوی بگوزەرێنین. وەك خۆی دەفەرموێت(ئێستا، ئەم دوو مانا چوون یەکە کەلەسەرەتاوە لەئەندێشەدا دەرکەوتوون، یەکێك چاکە دەردەخا و ئەوی دیکە خراپەیە و لەم دووانەش خەڵی زانا ڕاستی دروستی هەڵدەبژێرێت و نەزانیش پێچەوانەکەی). گاثاوەکان/ هاتی ٢٠ بڕگەی ٣.

بەم پێیە قۆناغی تەواوکاری و پڕبوون( هەئوروەتات) لە عیرفانی زەرەثۆشترادا، دەرکەوتە و دەرەنجامی قۆناغەکانی پێش خۆیەتی. هەرچۆن سپەنتا ئارمەئیتی ( خۆشەویستیی باڵا) سپەنتا مەینو بەرهەم دەهێنێت، ئاواش خشەثرا وەئیریۆ( دلێریی باڵا)، توانامەندیی ئەوەی تێدایە کە باڵ بکێشێت بەسەر توانەوە و گۆڕانکاریی توانامەندیی باڵادا و لەململانێیدا بەهۆی کەرەستەی خراپ و گەن و تێکچووی ئەندێشەوە بگۆڕێت بۆ ئەنگرەمەینو و بەبوونی ئەم جوتەش وەك دوو هێز و ماددەی دژ بەیەك ململانێکە قوڵتر و خەستتر بکاتەوە و بەردەوامیی پێبدات تاکو دەگات بە هەئوروەتات. بەپێچەککردنی ئەندێشە بە ئەشەڤەهیشتە کە وەهومەنە سەرچاوەکەیەتی بە کەرەستەگەلی تەواوی لەبار بۆ ڕێکخستن لەڕێگای ئەشاوە و هەنگاوەکە بەرەو جاویدانەگی و نەمرێتیی هێشتنەوە و مانەوە هەنگاو دەنێت کە ( ئەمیرەتات) ە.

## ئەمیرەتات ( جاویدانەگی و نەمرێتی) قۆناغی شەشەمی عیرفانی زەرەثۆشترا:

ئەمیرەتات، بەمانای جاویدانەگی و نەمرێتیە. بەرپرسیارێتییە لە ( سرەئوش، سروش) ی مەزدایی و هەڵقوڵاوی ئەندێشەی گیئوش( گێتی) کە مرۆڤ تێیدا خاوەنی ئاوەزەی پێگەیشتووە و قەدی درەختی هەورەس یان بەڕوو یان سنەوبەر، وەک نیشانەی بوون و نەمرێتی و بەردەوامی بەژیان لەسەر سفرەی عیرفان دادەندرێت.

زەرەتۆشترای مەزن لە سەرەتای گاتاوەکاندا و لەیەسنا هاتی ٢٨ دا و لە بڕگەی ( ٥) دا دەفەرمویێت:

ئەشا کەت توا دەریسانێ، مەنەسچا ڤوهۆ ڤەیدیمنۆ. گاتومچا ئەهورائی، سیڤیشتائی سرەئوشیم مەزدایی.

واتا: ئەی ئەشا، کەنگێ بەهۆی ( وەهومەنەوە، ئەندێشەی باڵا) بەسروش بگەم؟ ئەو ڕێگایەی بەرەو ئەهورای پێشبەری دەچێت، ( سرەئوش، سروش، بەرپرسیارێتی) ی وزەبەخشی مەزدا ( ڤائورۆئی مەئیدێ) : ڕێبەرایەتی بکەم. ئەمەش بۆ چاککردن و سازاندن و ئاوەدانکاری و نوێکردنەوەیە وەك لەگاتاوەکاندا دەفەرمویێت( با لەوکەسانە بین کەهەمیشە جیهان تازە و نوێ دەکەنەوە).

لەم قۆناغەی کۆتایی عیرفاندا، بەرپرسیارێتیی ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و ڕێکخستنەوەی یاساکانی ژیان و چاودێری و پارێزگاریکردنی سروشت و دەوروبەر بەتەواووی بوونەوەرەکان کە ئافرێنەری ئەهوران، بەرپرسیارێتییان دەکەونە سەر ئەو کەسەی بەم چمکە باڵایەی سروش( وەحی) گەیشتووە و خاڵییە لە ( خرەفسترا) زیانبەخشین و گومڕایی. زەرەتۆشترای پەیامبەری کوردانیش کە خاوەنی ( مانثرا) پەیامی ئەهورایی‌یە، ڕێبەرایەتیی تەواوی مرۆڤگەلی سەر زەوی دەکات و لەسروتەکانی ناو گاتاوەکانەوە ڕێگای ئەشایی و سروشتیی ئەهورایی ڕاستەقینەیان فێر دەکات.

زاڵبوون بەسەر گەنی و ( دەئیبیش ڤەتو، نەیاران و دوشمنان) و ( دەڤەیشاو، ئازاردەران) و دژبەرانی ( ئەشا) دا بە ( ڕەفینۆ، هاوەڵێتی و پشتیوانی) ی ئەهورا لە ڕێگای ( ڤەهومەنە، ئەندێشەی باڵا) وە دەگات بە ( تەئورڤەیامەر، سەرکەوتن). ئەمە ئەو ( ئەئوجۆنگ هڤەت، وزە) یە یە کە ( ئەمیرەتات، جاویدانەگی و نەمرێتی) لەڕێگای ( ئەشا، ڕاستیی بوون) وە ( دائید، ئاسان) ی دەکات بۆ ( دەریگایۆ، درێژخایەن و بێپایان و درێژەپێدانی) ( ڤەهیشتیم، بەهەشت) ی ژیان و ئەمەش ( ڤەهیشتا، چاکترین) ە. بۆیە، لە گاتاوەکان، یەسنا هاتی ٢٨ و بڕگەی ٨ دا هاتووە ( ئەهوریم یاسا ڤائونوش: خوازیارم لە ئەهورا لەڕووی میهرەوە) ( یەئیبیەسچا یَت ڕاونگهەنگهۆئی، ویسپائی یەڤێ ڤێنگهێئوش مەنەنگهۆ: ئەندێشەی باڵا، بۆ هەمیشە و بۆ سەراسەر ژیانیان، بۆ یارانم ئاسان کە). ئەم دید و تێڕوانینە بۆ ( خشەترەمچا، فەرمانڕەوایی) خودە تاکو تاك بۆ هەمیشە و بەبێ وەستان لە ( یوئیثیما، کۆشش) ی ( سەڤەنگهانم، توانای مینۆیی) و جاویدانەگی نەکەوێت و لە ریگای( سرەڤاو، باوەڕ) ی بە ( خوەرەیثیا، ئامانجی ڕۆشن و دروست) و ( ڤەئینتیا، میهر ئامێز و دروست) ( داثێنگ، دروستکار) و ( یەرێثوێنگ، سزاوەر) ( ڤۆیستا، بناسێت) و لێکیان جودا بکاتەوە و لەڕێگای گاتاکانی زەرەتۆشترای مەزنەوە کە ( ڤەوهۆ ڤەستریا، ڕێنیشاندەرێکی شایستەیە).

( سەری و سەریجا) پەیمان و پەیماندار، وەك مۆلگەی خۆشبەختیەکانی ئەوانیتر لەم قۆناغەی عیرفاندا کۆی گشتیی زەمینەی ئەندێشە و بیرکردنەوە و ژیانی دەستراگەیشتوو و پێگەیشتوو داگیر و دەستەمۆ دەکات و لێوانلێوی دەکات لە چاکەی هەمیشەیی. وەك زەرەتۆشترای مەزن دەفەرمویێت ( ئەهمائی یەهمائی وەشی کەهمائی چیت) واتا: خۆشبەخت ئەوکەسەیە کەبۆ خۆشبەختیی کەسگەلیتر تێدەکۆشێت.

تێگەیشتن لە ئافراندن و پوختەیی لە ڕەوان و جەستەیەکی خاوەن وزەی ئەهورایی، دۆزینەوەی ئامانجی ژیانە و گەڕانەوەیە بۆ بەرزەخی هەمیشەیی کە سەرای ڕوناکیی و زەنگۆڵە و هەڵاڵەکانی سروتە ئەهوراییەکانی لێیە. ئەو بەهەشتەی سەراڕێژە لە ئاسودەیی و بەختەوەری و خاڵی لە گەنی. واتا بەدەستهێنانی هەردوو جیهانی ( ئەستوەتەسچا: خاکی و مەنەنگهۆ: مینۆیی) بەهۆی نزیکبوونەوە لەخاڵ و چەقی قورسایی بوونەوە کە ئەهورا مەزدایە و جەستە و ڕەوانێکی تەندروست و پاك و بەتوانا و خۆڕاگر دەستەبەر دەکات.

وەک زەراتۆشتریای مەزن لە گاتاوەکاندا و یەسنا هاتی ٣١ و بڕگەی ٢١ و کۆپکەی یەکەم دەفەرمویێت( مەزداو دەدات ئەهورا، هەئورڤەتچۆ ئەمیریتاتەسچا. بۆرۆئیش ئا ئەشەخیاچا، خواپەئیثیات خشەثرەهیا سەرۆ. ڤەنگهێئوس ڤەزدوارێ مەنەنگهۆ، یێ هۆئی مەئیییۆ شیەئوثەنائیشچا ئورڤەتۆ).

واتا: ئەهورا مەزدا، لە وابەستەگی و پەیوەندیی ( هەئوروەتات: پوختەیی و ڕەسایی) و ( ئەمیرەتات؛ نەمرێتی و جاویدانەگی) کە وزەگەلی بێکۆتایین، دەبەخشێتە کەسێك بەدەستراگەیشتی بە( ئەشا؛ ڕاستیی باڵا) لەکار و کردەوەکانیدا

( وەهومەن: ئەندێشەی چاك) بكاتە پیشە. ئالێرەوە مەبەست لێی ئەوەیە كە مرۆڤ پێویستە لەڕێگای عیرفانی زەرەتۆشتراییەوە بگات بە ژیانێكی هیمنی یەكسانی بێ چەوسانەوە و پڕ لەئاوەدانی و خاڵی لەستەم.




## فرەوەهر( فرەوەشی)، نیشانەی عیرفان و شوناسی زەرەتۆشترایان:

فرەوەهر( فرەوەشی)، ئەو نیشانەیەیە كە زەرەتۆشترایان لە مل و قۆڵ و دەست و ئەنگوستیان دەكەن و لەتەواوی پەرستگا و ئورمزدگاكان و ئاگردانەكاندا هەیە.

فرەوەشی، لە هەڵكەندراوەكاندا لەسەر زۆربەی شوێنەوارەكانی زەرەتۆشترایان و موغەكان و شارستانیەتی پێشینەكانی كورد نەخشێندراوە. بەگەلێ جەرخی جیاواز و دوور و درێژدا گوزەری كردووە و گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە و نوێترینیان هەنوكەی نەخشێندراوەكەیە كەلە ساسانییەكان بەجێ ماوە.

فرەوەهر، لەڕەچەڵەكدا و بەزمانی ئەوێستایی بریتییە لە ( فرەوەشی) و لە زمانی پەهلەوەیی ساسانیدا گۆڕاوە بۆ فرەوەهر.

فرەوەشی ( فرەوەهر) لە دوو ووشەی ( فرە: بەمانای بەردەوامی و بۆپێشەوەچوون و گەشەسەندن دێت) و ( وەشی ( وەهر): بەمانای بزاوتنی بەردەوام، بردن، چوون دێت). كە هەردوكیان بەیەكەوە دەبێتە ( وزەی پەرەسەندن، وزەی پێشكەوتن)، ( بزاوتنی بەردەوام) یاخود ( بۆ پێشەوەچوون). فرەوەشی( فرەوەهر)، بەمانای وزەی ( بزاوتی پەرەسەندنی بەردەوام) دێت و بەم پێیەش وزەگەلی تەواوكاری و نەمرێتی و مانەوەیە. ئەم وزەگەلەی فرەوەشی( فرەوەهر)، لەشەش قۆناغی عیرفانیی زەرەتۆشترای پێك دێت و لەبنچینەدا مینۆییە و وزەی بزاوتنی پەرەسەندن و گەشەی ژیانی بوونەوەران و ژیانی خاكییە. شەش گیانی زیندوو و نەمری ( ئەمیشاسپەندان) ە. ئەوان ( ئەمیشاسپەنداكان: گیانە نەمرەكان، لەشەش قۆناغی مینۆیی ئەشا: ڕاستیی باڵا، وەهومەنە: ئەندێشەی خاس، خشەترا: توانامەندی، ئارمەئیتی: میهرەبانی و ئاسودەیی و ئاشتی، هەئوروەتات: پێگەیشتویی و پوختەیی، ئەمیرەتات: تەواوكاری و نەمرێتی و جاویدانەگی. فرەوەشیان بەرهەم هێناوە و وزەگەلی بنچینەیی بەرەوپێشەوەچوون و گەشەسەندن و پەرەسەندنی بەردەوامن).

نەخشی فرەوەشی، لە شەش برگە پێك هاتووە و هەر برگەیەك بنەمایەكی عیرفانی گرتۆتە خۆ ئەوانیش:

١- پیر: وەك سیمایەكی پرشنگداری بەهرەمەند لە ژیرێتی، بەمانای ئەوپەڕی پێگەییوی و پوختەیی ئاوەز و خەرەدە كە مرۆڤ تێیدا دەبێتە خاوەنی بەرزترین زانست و زانیاری و خرەتۆمێكی( مێشكێكی) كراوە و خاوەن بیر و هۆشیاری و دانایی و پلەی ( پیر یان پیاترا یان ڕەد یان ڕەتۆ) ی ڕێبەرایەتی كە نمایندەی هەئوروەتات: پێگەیشتویی و پوختەیی دەكات و پێنجەم ئیزەد ( فریشتە) ی قۆناغی عیرفانی زەرەتۆشتراە. كڵاوەكەی سەریشی گەیشتنە بە ( فڕەی ئیزەدی) و دەستڕاگەیشتنە بە نەمرێتی و جاویدانەگیی ئاهوورا مەزدا كە دووا قۆناغی وزەگەلی مینۆیی ئەمیشاسپەندان( گیانە نەمرەكان) ە و نمایندەی ئەمیرەتات: تەواوكاری و نەمرێتی و جاویدانەگیە.

٢- دوو دەستی نەخشێندراوەكە: دەستی یەكەمی بەمانای بەرەوپێشچوونی بەردەوامە لەڕێگای پڕبوون و دانایی و پێگەییوی و كۆششی بەردەوام لە ڕێگای ( هومەتە: بیری چاك) و ( هوختە: گوتاری چاك) و ( هوەریشت: كرداری چاك) ەوە.

دەستی دووەمی ئەڵقەیەكی پێوەیە كە لە نیشانەی خۆری میثراییەوە ماوەتەوە و بەمانای پەیمانە بە ئەشا( ڕاستیی باڵا) و بەخشینی خودە بەو پەیمانەی تاكی زەرەتۆشترای لەسوێندخواردنی كاتی بەستنی پشتوێنی پیرۆزی زەرەتۆشترایدا لەسەر دەستی پیر دەیخوێنێتەوە و دەیڵێتەوە.... ئەڵقەی نێوان كچ و كوڕێكی دەستگیراندار لەو سوێند و پەیمانەوە هاتووە.

٣- دوو باڵ: باڵەكانی فرەوەشی كراوەن و نیشاندانی ساتەووەختی فڕینە بەرەو ئاسۆیەكی زێڕینی ڕوناك. بەرەوو سەرەوەی هێزە بنەوشەییەكانی دانایی و وتێگەیشتن و زانست. بەرەو دانایی و دادگەری و ڕێككەوتن و ڕێكخستن. بەرەو جیهانی جاویدانەگیی ئارمەئیتی( میهرەبانی و خۆشەویستی و بەیەوە ژیانێكی ئاشتیانە). ئەمانە لەڕێگای سێ بەشی باڵەكانەوە كە بریتین لە ( هومەتە: بیری چاك و هوختە: گوتەی چاك و هوەرشت: كرداری چاك) ەوە و نمایندە و ڕاسپێری ( خشەترا: توانامەندی) یە.

٤- بازنەی نێوقەدی پیر: ژیان بەردەوامە و هەرگیز كۆتایی پێ نایە. ئەمەش ( ئەشا: ڕاستیی باڵا) یە و تەواوی گێتی ( گیئوش) بەپێی سیستەمی ئەشا دەبزوێت و وزەی ڕەوت و ڕیتمی ئۆرگانیی ژیانیانە. بازنەكە، كۆكراوەی تەواوی شەش قۆناغی عیرفانی زەرەدەشتیی كە گێتیی لەیەكەم تیشكی ڕوناكی بەرهەم هێنا و بەردەوام لەگەورەبووندایە و هەرگیز كۆتایی پێ نایەت. مرۆڤیش كە خاوەنی خەرەد و ئاوەزە، هەرچییەك بكات و دەستی بەهەرچییەك رابگات، لەكۆتاییدا لەهەمان جێگای ئەشا خۆی لەبازنەی خولانەوەكەدا دەبینێتەوە و نمایندەی ( وەهومەنە: ئەندێشە چاك) ڕاسپێردراوی ئازادیی ڕەهایە.

٥- دوو پایەی ڕاست و چەپی خوار باڵە كراوەكانی فرەوەشی: پایەكان بریتین لە دوو ڕاستەهێڵی پێچەوانە ( سپەنتە مینۆ: ئەندێشەی چاك و ئەنگرە مینۆ: ئەندێشەی ئەهریمەنی) مرۆڤ خاوەنی ئەندێشەیە و ئەویش بریتییە لە كۆی وێنەگەلی فێربوون و كۆكراوەی ئەزموون و تاقیكردنەوەكانییەتی و لەوێوە خەرەد، ئاوەز، عەقڵ لەناو خرەتۆمدا مێشكدا لەدایك دەبێت و كەرەستەگەلی بیركردنەوەكانێتی. جا ئەگەر كەرەستەی بیركردنەوەكانی لەسەر بنچینە و پایەی عیرفان و ئاوەزی خاسی زەرەتۆشترای بوو ئەوا سپەنتەمینۆ: ئەندێشەی چاك دەبێت و ئەگەر فەرهەنگ و كەرەستەگەلی هەڵە و خراپ و ناڕوون و درۆگەل بوو ئەوا ئەندێشە و بیركردنەوەكانی ئەنگرەمینۆ: ئەهریمەنی دەبێت. وێڕای ئەوەی مرۆڤ ئازادە لەهەڵبژاردندا، بەڵام تەنها دوو ڕێگای لەبەردەستە و پێویستیشە ڕێگای ئەشایی سپەنتەمینۆ: ئەندێشەی چاك هەڵبژێرێت.

٦- دامەنی نەخشی فرەوەشی كلكێكی سێ چین: چۆن ( هومەتە: بیری چاك، هوختە: گوتاری چاك، هوەرشت: كرداری چاك) هەن و سەرچاوەكەیان سپەنتا ماینۆ: ئەندێشەی چاكە، ئاواش ( دوژ هومەتە: بیری خراپ، دوژ هۆختە: گوتاری خراپ، دوژ هوەرشت: كرداری خراپ) هەیە و سەرچاوەكەیان ئەنگرەماینۆ: ئەندێشەی ئەهریمەنی هەیە و ئەگەر مرۆڤ ( ئەنگرەماینۆ) هەڵبژێرێت و ئەو سێ بەشە خراپە بكاتە بنەما ئەوا بەرەو خواروو و تاریكپەرستی و درۆگۆیی و نەزانی دەڕوات و زیان بەخۆی و كۆمەڵگە و سروشتی دەورووبەری دەگەیەنێ.

## سەرچاوەکان:

١- ئاوێستا/ نوسینی: جەلال ئەمین بەگ

٢- لۆژیکی ئیبن خەلدون/ نوسینی: عەلی وەردی/ وەرگێرانی عەبدوڵلا جەبار

٣- زرتشت، پیامبری که از نو باید شناخت/( فروخ مزدیسنی) تالیف: ارباب کیخسرو شاهرخ

٤- مێژووی بروسکە/ نوسینی: سمکۆ( ئەپرام)

٥- میدیا/ نوسینی: ئی. م. دیاکۆنۆڤ/ وەرگێرانی لەفارسییەوە: بورهان قانع

٦- مێژووی زەرەتۆشترای( لەسەرەتاوە تا سەدەی بیستەم) / نوسینی: ماری بۆیس/ وەرگێرانی: زرار عەلی

٧- زەرەتۆشترا و زەدەشتییەکان/ نوسینی: د. الشفیع الماحی احمد/ وەرگێرانی: محمد حسن

٨- ایین ها و جشن های کهن در ایران امروز/ نوشته: محمود روح الامینی

٩- گاثاوەکان/ سرووده ئەهوورابیەکانی زەردەشت/ توێژینەوە: دکتورخەسرەوخەزاعی

-١٠

١١- - جوغرافیای ڕۆژئاوای ئران ( عیمادەدەین دەوڵەتشاهی)

١٢- وەرگێرانێك لەسەر فەروەردین یەشتی ئاوێستا/ نوسینی: عیمادەدین دەوڵەت شاهی

١٣- حکمة الاشراق/ سوهروردی

١٤- خوردە ئەوێستا ( د. علی جعفری)

١٥- خرده آوستا/ رشید شهروان، موبد فیروزگردی

١٦- جهانبینی زرتشت/ موبد جمشیدی شهرزادی

١٧- اوستا، سرودهای زرتشت/ د. آبتین ساسانفر

١٨ عەبدوڵلا موبلغی ئابادانی/ مێژووی ئاینی زەرەتۆشترا.

١٩- هاونەتەوەیی کورد وماد ( حەبیبوڵای تابانی)

٢٠- آویستا نامه مینوی آینی زرتشت ( جلیل دوستخواه)

٢١- زەردەشت و ئاڤێستا و فەلسەفەی یەکتاپەرستی( فەرهاد عەبدولحەمید پاڵەوان)

٢٢- دەرونشیکاری و ئەو سیستمانەی لێی جیابوونەتەوە/ جەی ئێف دۆنسیل

٢٣- یاسا/ فرێدریك باستیا

٢٤- شارستانییەت و نیگەرانییەکانی/ سیگموند فرۆید

٢٥- کانت، نمونەیەك لەژیان و کارە هزرییەکانی/ عیماد عەبدولسەلام

٢٦- شاری روناکی زەرەتۆشترا لە ڕاپۆرتی گاتاکانەوە/ نوسینی: د. حوسێن وەحیدی/ وەرگێرانی: حەمەی کەریمی

٢٧- دیکارت/ پۆڵ ستراترن

٢٨- Avesta Language ( kanga)

٢٩- پێگەی عەقڵ و سەفسەتە لەلای عەلی وەردی/ ڕابەر تەڵعەت

٣٠- ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی دووەم لە نووسینی مامۆستا فازڵی ئوسولیان.

٣١- پژوهش غربیان درباره زرتشت/ شاهرخ وفاداری .

٣٢- فرهنگ ایران باستان (ن پورداود)

٣٣- یشتها ١ و ٢ پورداود

٣٤- فرهنگ واژهای اویستا ( احسان بهرامی)

٣٥- گیوش (بەرگی ١ بۆ ١٢ ) ئێس ئێف دەسایی

٣٦- خرده اویستا ( رشید شهروان)

٣٧- گاثاو ( لەورەنس هێچ میلس دی دی)

٣٨- گاتها( ١ و ٢) موبەد فەیروز ئازەر گوشەسب

٣٩- آناهیتا ( ابراهیم پورداود).

٤٠- ئیسلام و داگیرکردنی کوردستان ( زەردەشت ك مکایڵ)

٤١- واژەنامه پهلوی- پازند ( فرهنگ پهلوی) سعید عریان

٤٢- واژهای اوستا ١ بۆ ٤ ( احسان بهرامی).